# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (396) دووشەممە 2016/2/15 - 26ی رێبەندان 2715 (750) دینار


## ئەمساڵ عەمرەکارانی کورد 20 ملیۆن دۆلار دەبەنە سعودیە

**رووداو- سلێمانی**

پێشبینی دەکرێت تێچووی ئەمساڵی عەمرەکارانی هەرێمی کوردستان بۆ عەرەبستانی سعودی بگاتە نزیکەی 20 ملیۆن دۆلار.

لە رۆژی 2016/1/9ەوە عەمرەکانی هەرێمی کوردستان دەستیان بە گەشت بۆ سعودیە کردووە، تێچووی هەر عەمرەکارێکیش 900 تاوەکو 1100 دۆلارە. هەرچەندە بەراورد بە ساڵی رابردوو بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەڵکی کوردستان کەمتر عەمرە دەکەن، بەڵام هەر لە ئێستاوە پێشبینی دەکرێت، بە ملیۆنان دۆلار لەو گەشتەدا خەرج بکرێ.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەپێی ئامارەکانی ئەوان لەو رۆژەوەی گەشتی عەمرە کراوەتەوە، تاوەکو رۆژی 2016/2/13 زیاتر لە 2000 عەمرەکاری کورد چوونەتە سعودیە، تێچووی گەشتی هەر هەمووشیان نزیکەی سێ ملیۆن دۆلار بووە.

وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان داوا لە هاووڵاتیان دەکەن لە جیاتی گەشتی عەمرە، ئەو پارەیە بدەنە ئەوانەی پێویستیان پێیە.

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی لە کوردستان گوتی: "لەم کاتەدا ئەو کەسانەی ئەو گەشتە دەکەن وا باشترە هاوکاری خەڵکانی کەمدەرامەت بکەن، چونکە یارمەتیدانی خەڵک گرنگترە".

» 7

### تورکیا لە نەورۆزدا کونسوڵخانە لە سلێمانی دەکاتەوە
2

### بۆمبە مەزنەکە هەڕەشە لە عێراق دەکات
4

### مشتومڕی کوردێک لەگەڵ مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە سەر17%ی کورد
20

# یەکێتی بۆ کۆبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی بارزانییە

هەڵسوڕاوێکی بڕیاربەدەستی بزووتنەوەی گۆڕان:
پارتی دەبێ داوای لێبووردن لە سەرۆکی پەرلەمان بکات

گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی:
گۆڕان دەبێ ئەم واقیعە قبووڵ بکات و دان بەوەدا بنێ کە هەڵەیان کردووە



» 3

عارف روشدی، راوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ رووداو:

## کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی هاتووە



» 5



## کوردستان پێویستی بە سوپەرمانەکەی نیچەیە

» 8

ڕووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (396) دووشەممە 2016/2/15



## پێنج ونبووی هەڵەبجە ئاشکرا دەکرێن

**ڕووداو- هەڵەبجە**

وا بڕیارە ڕۆژی 2016/3/16 لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا چەند منداڵێکی ونبووی هەڵەبجە بە خێزانەکانیان شاد بکرێنەوە. لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانی پارێزگای هەڵەبجە لیژنەیەک دروستکراوە و تائێستاش 10 منداڵ کە لە ئێران دەژین گوتوویانە خەڵکی هەڵەبجەن و خوێنی پێنج منداڵیشیان وەرگیراوە. ناوبراو گوتیشی "بڕیار وایە لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ئەنجامی پشکنینی پێنج منداڵانە ئاشکرا بکرێن و بە خێزانەکانیان شاد بکرێنەوە".

## هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:

# تورکیا لە نەورۆزدا کونسوڵخانە لە سلێمانی دەکاتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی داوا لە دیپلۆماتکارانی تورکیا دەکەن هەرچی زووە کونسوڵخانە لە شاری سلێمانی بکەنەوە، هەروەها پێشنیازیان بۆ کردوون کونسوڵخانەکە لە نەورۆزی ئەمساڵدا بکەنەوە.

ساڵی ڕابردوو شاندێکی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان سەردانی شاری سلێمانییان کرد و لەلایەن بەرپرسانی ئەنجوومەنی پارێزگاوە پێشنیازیان بۆ کرا کە کونسوڵخانەی وڵاتەکەیان لە شاری سلێمانیش بکەنەوە، ئەوانیش دوای تاوتوێکردن، پێشنیازەکەیان پەسەند کردووە.

حکومەتی تورکیا چەند ساڵێکە کونسوڵخانەی لە شاری هەولێر و بەسرە هەیە، هەروەها لە مووسڵ تاوەکو بەر لە هاتنی داعش کونسوڵخانەی هەبوو، دەمێکیشە بەنیازە لە شاری سلێمانی کونسوڵخانە بکاتەوە.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە سەردانی هەفتەی پێشووی وەفدی کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، کونسوڵی ڕاسپێردراوی تورکیایان لە شاری سلێمانی پێ ناساندوون و بڕیاریان داوە لە وەرزی بەهاری ئەمساڵدا کونسوڵخانەکەیان لە شاری سلێمانیش بکەنەوە. هەڤاڵ ئەبوبەکر گوتی "ئێمە پێشتر داوامان لێکردن کونسوڵخانە بکەنەوە، لەبەرئەوەی هاووڵاتیانی سلێمانی بەهۆی هاتوچۆی مامەڵەکانیان بۆ شاری هەولێر کات و تێچوویەکی زۆریان خەرج دەکرد، جگە لەوەش سلێمانی شارێکی گەورەیە و لە حاڵەتی کردنەوەی کونسوڵخانەکەدا کۆمپانیای تورکی زیاتر دێنە سلێمانی".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

وەکو هەڤاڵ ئەبوبەکر باسی کرد، وەفدەکەی کونسوڵخانەی گشتیی تورکیا پێیانڕاگەیاندوون کە بەهۆی هەندێک هۆکارەوە نەیانتوانیوە لەو کاتەی داوایان لێکراوە کونسوڵخانەکەیان بکەنەوە و گوتی "ئەوان گوتیان لە وەرزی بەهاردا کونسوڵخانەکە دەکەینەوە، منیش پێشنیازم بۆ کردن لە جەژنی نەورۆزدا بیکەنەوە لەبەر چەند هۆکارێک، یەکێکیان لەبەر ئەو بارودۆخەی لە باکووری کوردستان هەیە و بەڵکو بە کردنەوەی کونسوڵخانەکە لەو جەژنەدا کە جەژنێکی نەتەوەیی کوردە، پەیوەندییەکانیش پتەوتر بکرێن".

سەبارەت بە وەڵامی وەفدەکەی تورکیا، د.هەڤاڵ گوتی "بەرپرسانی کونسوڵخانەی تورکیا پێشنیازی کاتی کردنەوەکەیان پێ باشە و بەڵێنیان داوە لە جەژنی نەورۆزدا بیکەنەوە".

### "بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسییە"

کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە شاری سلێمانی لە کاتێکدایە کە ماوەی چەند ساڵێکە ئێران کونسوڵخانەی لە شاری هەولێر و سلێمانی کردووەتەوە. بەبڕوای چاودێران کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە سلێمانی بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی سیاسییە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر لەوبارەیەوە دەڵێت "لە سەردانی ئەو وڵاتانەی هاتوون بۆ سلێمانی، داوامان لێکردوون کونسوڵخانە بکەنەوە، چونکە سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانە و لەڕێگەی ئەو کونسوڵخانانەوە کرانەوەیەکی زیاتر دروست دەبێت، هەروەها بۆ گەشتیاران و هاووڵاتی ئاساییش گرنگە کە لە شارەکەدا کونسوڵخانەی وڵاتانی لێیە و بەهایەکی دیکە لەڕووی ئارامی و ڕێککەوتنە بازرگانییەکان بە شارەکە دەبەخشێت".

بەڵام د.ڕێبوار کەریم، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەڵێت داواکردنی کردنەوەی ئەو کونسوڵخانەیە لە سلێمانی جگە لەوەی لەڕووی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نێوان سلێمانی و تورکیایە، بەڵام لایەنێکی دیکەشی بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسیی نێوان ئێران و تورکیایە.

د.ڕێبوار دەڵێت "پێشتر دەگوترا پارێزگای سلێمانی زیاتر مەیلی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، بەڵام داواکردنی بەرپرسان بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا مانای وایە دەیانەوێت هەم هاوسەنگی سیاسی ڕابگرن و هەمیش بەڕووی هەموو وڵاتاندا بکرێنەوە، قبوڵکردنی تورکیاش بۆ ئەو داوایە مانای سوودمەندبوونی هەردوولا دەگەیەنێت، چونکە تورکیاش بڕیاری نەداوە لە سلێمانی داببڕێت".

## بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان

# لەمەودا کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار کەفالەتی گەشتیارانی عەرەب دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، ڕێگەی جیاواز دەگرێتەبەر بۆ ڕاکێشانی ئەو گەشتیارە عەرەبانەی دوو ساڵ لەمەوبەر بە لێشاو دەڕژانە شارەکانی کوردستانەوە، بەڵام ڕێوشوێنە ئەمنییە توندەکان لە بازگەکانی هەرێمی کوردستان، بوونە هۆی ئەوەی زۆر بە دەگمەن گەشتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق روو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

ئەو هۆتێلانەی پێشتر جمەیان دەهات لە گەشتیاری عەرەب، ئێستا بەدەست بێ میوانییەوە دەناڵێنن و هەندێکیان ئیعلانی بەکرێدان و فرۆشتنیان هەڵواسیوە و هەندێکیشیان دەمێکە مایەپووچبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە و دەرگای هۆتێلەکانیان داخستووە. حاڵی ڕێستورانتەکانیش بەدەست قەیرانی دارایی و کەمیی میوانەوە لە حاڵی هوتێلەکان باشتر نییە.

ئێستا دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەیەوێ ڕێگەی تازە تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو هەرێمی کوردستان پڕبکاتەوە لە گەشتیاری عەرەب.

دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕۆژی 2016/2/1 لەگەڵ 16 کۆمپانیای عێراقی و پێنج کۆمپانیای هەرێمی کوردستان کۆبووەوە بۆ ئەوەی نەخشەڕێیەک دابنێن بۆ هێنانی گەشتیارانی عەرەب لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە. لەوێ دەستە و کۆمپانیاکان ڕێککەوتن کە کۆمپانیاکان کەفالەتی گەشتیاران بکەن و ئەوان ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە ئەمنیەت جێبەجێ بکەن.

نادر ڕووستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وەکو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی تایبەتیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیا عێراقی و کوردییانە کردووە کە گەشتیاری عێراقی بەشێوەی گرووپ دەهێننە کوردستان و گوتی "کۆمپانیا عێراقییەکان دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ ئەو کۆمپانیا کوردییانە و میوانخانەکان بکەن و بەرنامەی تایبەت بۆ گەشتیارەکان دابنێن، جگە لەوەش لەلایەن گەشتوگوزار و دەزگا ئەمنییەکانەوە ڕێوشوێنی پێویست لەبارەی ئەو گەشتیارانە دەگیرێتەبەر".



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

بەگوتەی ڕووستی، ئەوان ساڵی ڕابردووش هەمان بەرنامەیان بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری ناوچەکانی عێراق جێبەجێ کردووە و سەرکەوتووش بوون "پێشتر ئەو گەشتیارانە خۆیان دەهاتن، بەڵام ئێستا بەشێوەی گرووپ لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە دەهێنرێن و دەگەڕێنرێنەوە".

سەبارەت بەوەی کە چۆن دڵنیا دەبن لەوەی هێنانی گەشتیاران بەو شێوەیە مەترسیی ئەمنی نابێت، نادر ڕووستی گوتی "72 کاژێر پێش گەیشتنی ئەو گەشتیارانە بۆ هەرێمی کوردستان، پێویستە زانیاری لەبارەی گەشتیارەکانەوە بگاتە دەزگا ئەمنییەکان، ئەگەر بزانرێت گومانیان لەسەرە، ڕێگەیان پێنادرێت بێنە کوردستان. جگە لەوەش ئەگەر ئەو گەشتیارانە هەر کێشەیەک دروست بکەن، کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار لێیان بەرپرسن، ئەگەر نەتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، ئەوا مۆڵەتی کارکردنیان لێ وەردەگیرێتەوە".

بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان، چوار هەزار هوتێل و موتێل و میوانخانە و ڕێستورانت و شوێنی گەشتیاری لە کوردستان هەن، بەڵام بەشێک لەو شوێنانە بەهۆی کەمیی گەشتیار و قەیرانی دارایی ڕووبەڕووی گرفت بوونەتەوە و بەشێکیان داخراون و مایەپووچبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.

سەرکۆ سدیق کە خاوەنی کۆمپانیایەکی گەشتیارییە لە شاری سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت "لە ساڵی ڕابردووەوە گەشتیارێکی زۆر کەم ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە و زۆرتریش لە بۆنەکاندا بووە، بەڵام هیچ کێشەیەکی ئەمنییان دروست نەکردووە". سەرکۆ گوتیشی "ئەو گەشتیارە عێراقییانەی دێن خەڵکانێکی ناسراون، چەند خێزانێک یاخود فەرمانبەرانی فەرمانگەیەکن و بۆ گەشت دێن، ئەو کاتەشی دێن لەلایەن کۆمپانیا عێراقییەکانەوە ڕادەستی ئێمە دەکرێن و ئێمەش کارئاسانییان بۆ دەکەین، بەڵام زۆرتر لە وەرزی گەشتکردندا دێن".

ئەو خاوەن کۆمپانیایە ڕەخنەی لە پابەندکردنی گەشتیاران گرت کە دەبێت تەنیا سەردانی چەند ناوچەیەک بکەن و گوتی "ساڵی ڕابردووش کە ئەو گەشتیارانە هاتوون، تەنیا بۆ شاری سلێمانی و هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا و دوکان ڕێگەپێدراو بوون و کەمتر بۆ هەولێر ڕێگەیان پێدەدرا، بۆیە دەبێ ئەمساڵ ئەوە نەمێنێ".

## تەحەددا دەکات گەندەڵی کردبێت

## سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ:

# گرێبەستی کەرەکان هیچ پەیوەندی بە شارەوانییەوە نییە



**عوبێد ڕەشاڤەیی**
**ڕووداو- دهۆک**

سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ، بە تاوانی گەندەڵی سزای چوار مانگ بەندکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام دوای 25 ڕۆژ دادگای تەمیز بە دۆسیەکەیدا چووەوە و بڕیاری ئازادکردنی دا. ئەندازیار کامیران قاسم، سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ دەڵێت لەو دۆزەدا زوڵمی لێکراوە و تەحەددداش دەکات ئەگەر یەک دیناری لەسەر ئاشکرا ببێ.

ساڵی 2014 داواکاری گشتیی ئاکرێ دۆسیەیەکی لەسەر سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ جووڵاند بەهۆی 39 "گرێبەستی وەهمی". بەپێی مادده 320 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە دزی و پارەکێشانەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەدا کرا.

دۆسیەکە لە مانگی یەکی 2015 لە دادگای لێکۆڵینەوەی ئاکرێ جووڵێنراو مانگی دواتر سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ زیندانی کرا و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.

کامیران قاسم پێیوایە زوڵمی زۆری لێکراوە "سەتاسەت زوڵم لە من کراوە، چونکە دۆسیەکە پێویستی بە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی وەزاری هەبوو، نابێ بەبێ پرسکردن بە وەزارەت ئەو هەموو ڕێکارە یاساییە بگیرێتە بەر".

سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ باسی گرێبەستی فەرمانبەرانی وەهمی دەکات کە ئەوی پێ تۆمەتبار کرابوو "من هیچ ئاگاداری ئەو گرێبەستانە نەبووم و پێشم سەیر بوو کە ئەو کەسانە چۆن دەوام ناکەن و پارەش وەردەگرن. دواتر دادگای لێکۆڵینەوە بەدواداچوونی بۆ گرێبەستەکان کرد و دەرکەوت بۆ نموونە برا لە شوێنی برا، کوڕ لە شوێنی باوکی دەوامی کردووە". گوتیشی "هەندێک لەو گرێبەستانە پێش ئەوەی من ببمە سەرۆکی شارەوانی کراون".

پێشتر لە میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە کە گرێبەستی وەهمی بۆ گوێدرێژ لە شارەوانی ئاکرێ کراوە بۆ خاوێنکردنەوەی کۆڵانە تەسکەکان.

سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ لەو بارەیەوە دەڵێت "زۆر گرنگە خەڵک دوو شت بزانێ، یەکەم لە 2011/7/1 دوو کۆمپانیا گرێبەستی خاوێنکردنەوەی شارەکانی ئاکرێ و شێخان و بەردەڕەشیان وەرگرتووە، ئیدی کەیسەکە لای ئەوانە و مەسەلەی گرێبەستی گوێدرێژەکان هیچ پەیوەندی بە شارەوانییەوە نییە".

سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ پێیوایە کەسانێک کە ئەو بە خاوەن بەرژەوەندی ناویان دەبات، لە پشت دۆسیەکەن و ویستوویانە لە پلە و پایەی بدەن. ئەو گوتی "تەحەددا دەکەم یەک دیناریش لەسەر من ئاشکرا ببێ کە من بە ناحەق و گەندەڵی وەرمگرتبێ".

سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ سەرەتا بە تۆمەتی دزی و پارەکێشانەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، بەڵام دوای چوار دانیشتنی دادگا ماددەکەی لە 320ەوە گۆڕدرا بۆ 341 کە تایبەتە بە پشتگوێخستن و خراپ بەکارهێنانی پلە و پایە.

دادگای دهۆک بڕیاری دا بە بەندکردنی سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ بۆ ماوەی چوار مانگ، دواتر پارێزەری سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ بڕیارەکەی تەمیز کردەوە و دادگای تەمیز بڕیاری ئازادکردنی دا. کامیران قاسم دەڵێت "25 ڕۆژ لە زیندان مامەوە و ڕۆژی 2015/12/21 ئازادکرام، ئێستاش لە شوێنەکەی خۆم دەوام دەکەم".

سەبارەت بە داواکردنی قەرەبوو بەهۆی ئەو زیانە مەعنەوییەی پێیکەوتووە و ماوەی 25 ڕۆژ لە زیندان بووە، سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ گوتی "بڕوام بە سەروەریی یاسا هەیە و حەقیش هەر سەردەکەوێ، بەڵام جارێ زووە بۆ ئەو بابەتە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (396) دووشەممە 2016/2/15



### ئێران دژایەتی خۆی بۆ گشتپرسی ڕاگەیاند


**ڕووداو- هەولێر**

ئیبراهیم ڕەحیم پوور، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری ئاسیا و ئۆقیانوس، دژایەتی خۆی بۆ گشتپرسی باشووری کوردستان دەربڕی و سەربەخۆیی کوردستانی بە قەیرانێکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوبرد و ڕاشیگەیاند "هیواداریین کوردی وڵاتانی ناوچە، هاوشێوەی کوردی ئێران مافی تەواوی هاووڵاتیبوونیان پێبدرێت". ئیبراهیم ڕەحیم پوور کە بەسەردانێک لە ئەنقەرەیە لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان دەربارەی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە باشووری کوردستان ڕایگەیاند "دژی ئەو کارەین و ناوچەکەمان بەپێی پێویست بەهێز نییە تاوەکو بەرگەی قەیرانی نوێ بگرێت".

# یەکێتی بۆ کۆبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی بارزانییە

## هەڵسوڕاوێکی بڕیاربەدەستی بزووتنەوەی گۆڕان:
## پارتی دەبێ داوای لێبووردن لە سەرۆکی پەرلەمان بکات

## گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی:
## گۆڕان دەبێ ئەم واقیعە قبووڵ بکات و دان بەوەدا بنێ کە هەڵەیان کردووە



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پاکێجێکی ئامادە کردووە و چاوەڕێی گەڕانەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات کە ئێستا لە ئەڵمانیایە. پاکێجەکە تایبەتە بە نەخشەڕێی چارەسەری قەیرانی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان.

چوار مانگە هەرێمی کوردستان سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئێستا دوو قەیرانی گەورەی سیاسی و دارایی بەرۆکی هەرێمی کوردستانیان گرتووە. چەندین کۆبوونەوە لەنێوان حیزبەکاندا بەڕێوەچوون، پێشکەشکردنی پرۆژە لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی حیزبەکان پێشکەش کراون، بەڵام هێشتا قەیرانەکان بەردەوامن.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ دەستپێکردنەوەی خولێکی دیکەی دانوستاندنەکان کە چۆن ئەم دۆخە ناهەموارە چارەسەر بکرێ.

ڕۆژی 2016/2/11 مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ و بە ئامادەبوونی بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کۆبووەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئاشکرای کرد کە حیزبەکەی پرۆژەیەکی ئامادە کردووە بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە.

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە ڕاگەیێندراوێکی چوار خاڵی کۆتایی هات، خاڵی یەکەم و دووەم پەیوەندییان بە قەیرانی دارایی و سیاسییەوە هەیە "یەکەم: داوا لە حکومەت بکرێ پێداچوونەوە بە پرۆژەی پاشەکەوتی فەرمانبەر و مووچەخۆراندا بکات، بەشێوەیەک کە ئەو توێژەی مووچەیان کەمە، هیچیان لێ کەم نەکرێتەوە. باقی مووچە کەمکراوەکانیش، پێداچوونەوەی بنچینەیی پێویستە، بەتایبەتی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆ و دەزگاکانی خزمەتگوزاریی و دادوەری.

دووەم: بەکردەوە کاراکردنەوەی بێمەرجی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و چارەسەری سیاسیی ڕاستەقینەی نێوان لایەنەکان".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی چاوەڕێی گەڕانەوەی بارزانییە".

(ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە زانیویەتی، پێدەچێ بارزانی تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە نەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی باسی ئەو خاڵانە دەکات کە بڕیارە حیزبەکەی لەگەڵ بارزانی باسیان بکات و لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا بڕیاریان لەسەر دراوە "چاوەڕێی گەڕانەوەی کاک مەسعود دەکەین، گوێی لێدەگرین بزانین ئەو چی هەیە بۆ ئەم قەیرانە و چۆن قەیرانەکە چارەسەر دەبێ، بەتایبەتی قەیرانی دارایی، قسە لەسەر ئەوە دەکەین کە چۆن پارە پەیدا بکەین". گوتیشی "دەبێ کاک مەسعود بێتە سەرخەت".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت "داوا لە بارزانی دەکەین ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ مەسەلەی کاراکردنی پەرلەمان و حکومەت و گەڕانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام یەکێتی ناتوانێ لەو بارەیەوە داوای خۆی لەسەر پارتی و کاک مەسعود بسەپێنێ، چونکە ئەوە بۆ لایەنی بەرامبەر دەمێنێتەوە، ناکرێ لە جیاتی پارتیش بڕیار بدەین".

شاندەکەی یەکێتی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانی بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی دەبێت.

یەکێتی و پارتی لە 2007ەوە تاوەکو کۆتایی 2014 پێکەوە حوکمی هەرێمی کوردستانیان کردووە. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی 2014 پارتی و یەکێتی بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنیان کرد. سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبە دەڵێن ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی لە نێوانیاندا هەبوو کاڵ بووەتەوە.

بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی لە کۆبوونەوەکەدا چەند خاڵێکی باس کردووە، لەوانە یەکێتی و پارتی یارمەتی حکومەت بدەن بۆ دابینکردنی مووچە، بەڵام لەنێو کۆبوونەوەکەدا باسی ئەوە کراوە کە یەکێتی پارەی نییە.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەوبارەیەوە دەڵێت "یەکێتی پارەی نییە، پێنج مانگە کادیرەکانی یەکێتی مووچەیان وەرنەگرتووە، چۆن پارە بە حکومەت بدات بۆ دابینکردنی مووچە".

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە ئەم دۆخەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، تەنیا بە پارتی و یەکێتی چارەسەر دەبێت.

جەعفەر ئیبراهیم، ئەندام و گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "وەزعەکە بە پارتی و یەکێتیی جاران چارەسەر دەکرێ و قەیرانی دارایی بەرەو چارەسەر دەبەن".

دەربارەی کاراکردنی پەرلەمانی کوردستانیش، گوتەبێژەکەی پارتی کە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیشە، دەڵێت "پارتی چاوەڕێی بڕیارەکانی لێژنەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت دەکات و بڕیارەکانی ئەو لێژنەیە هەرچی بێ پارتی ملکەچی دەبێ".

یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە 2015/10/12 ڕێگەی پێنەدرا بگەڕێتەوە هەولێر. بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ یەکەم هەنگاو بۆ ئاساییکردنەوە و چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، گەڕانەوەی یوسف محەممەدە".

ڕۆژی 2015/2/14 بزووتنەوەی گۆڕان پرۆژەیەکی بەناوی چاکسازی بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد و لە پرۆژەکەدا داوای کرد دەستبەجێ سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە و دەستبەکار ببێتەوە.

هەرچەندە لێژنەی کاراکردنەوەی پەرلەمان کە لە پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی پێکهاتبوون سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیان کردبوو، بەڵام سەردانەکە وەک گۆڕان دەڵێت بێ ئەنجام بووە.

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان کە بڕیار بەدەستە، ئەوەی ئاشکرا کرد کە پارتی بەنهێنی داوای کۆبوونەوەی دووقوڵی لە گۆڕان کردووە، بەڵام گوتی "گۆڕان دەبێ بزانێ بۆچی لەگەڵ پارتی کۆدەبێتەوە، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵوێستەکانی پارتیدا بەدی ناکەین". گوتیشی "گۆڕان بۆچی ڕازی بێت یوسف محەممەد لابدرێ! دەبێ بگەڕێتەوە و پارتی گەرەنتی ژیانی ئەو و وەزیرەکان بکات و داوای لێبووردنیش بکات، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمان کراوە".

بەڵام جەعفەر ئیبراهیم لەبارەی ئەگەری گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت "قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان خەتای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان بووە، دۆخەکەش ناگەڕێتەوە بۆ خاڵی پێشتر". هەروەها داواشی لە گۆڕان کرد لە داخوازییەکانیان بێنە خوارێ "دەبێ گۆڕان سازش بکات، چونکە ئەو بارەی هەڵیگرتبوو باری ئەو نەبوو، پەرلەمانیش بەو شێوەیە کارا دەبێ، بزووتنەوەی گۆڕان ئەم واقیعە قبووڵ بکات و دان بەوەدا بنێ کە هەڵەیان کردووە".

# بزووتنەوەی گۆڕان لە دەرەوەی حکومەتەوە، پرۆژە دەگرێتە حکومەت

## بەرپرسێکی یەکێتی: 80%ی خاڵەکانی پرۆژەکەی گۆڕان لە داواکاری لایەنەکانی دیکەشدا هەیە

## بەرپرسێکی یەکگرتوو: بەبێ بڕیارێکی سیاسیی مەسعود بارزانی، پرۆژەی لایەنەکان سەرناگرێ

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای چەند ڕۆژێک لە سەردانی کۆمیتەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت بۆ لای بزووتنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەکە دوو پرۆژەی ڕاگەیاند کە ماوەیەک بوو، لەبەرامبەر هەموو گلەیی و گازندەکانی خەڵک و حیزبەکانی دیکەشدا وەک وەڵامی ئایندە، دایناببوو.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، لە هۆڵی هوتێلی شاری جوان لە سلێمانی وردەکاریی بەشی سیاسی پرۆژەکەیانی ڕاگەیاند کە لە گرنگترین خاڵەکانیدا، جگە لە دووپاتکردنەوەی گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ سەر کارەکەی، داوایان کرد پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی پرۆژەی چوار لایەنەکەوە یەکلایی بکرێتەوە و حکومەتیش یان هەڵبوەشێتەوە یاخوود بگۆڕێ و بچووک بکرێتەوە، بەڵام گۆڕان باسی شێوازی گۆڕین یان بچووککردنەوەکەی نەکردبوو.

بەلای یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە زۆربەی خاڵەکانی پرۆژەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، لە داواکاریی لایەنەکانی دیکەشدا پێشتر هەبووە، بەڵام پێویستیان بە کردار هەیە بۆ جێبەجێکردنیان.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "بەشێکی زۆری داخوازییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دووبارەن، ئەگەر بە خەمڵاندنی ڕێژەیی قسە بکەین 80%ی خاڵەکانی پرۆژەکەیان لە نێو پرۆژەی لایەنەکانی دیکەشدا هەیە، بۆیە پرۆژەی هەر لایەنێک جێبەجێ بکرێت، خۆی لە خۆیدا جێبەجێکردنی داواکاری هەموو لایەنەکانە".

بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە ڕۆژی شەممە لە کۆمیتەی کاراکردنەوەی حکومەت و پەرلەمان کشایەوە، دۆخەکە بە جۆرێکی دیکە دەبینێت، بەڕادەیەک پێیوایە بە بڕیارێکی بارزانی ئاسایی دەبێتەوە.

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەموو پرۆژەکان لە ناوەڕۆک و فۆڕمدا جوانن و قسەی باشیان تێدایە، بەڵام پێویستە بەر لەهەموو شت پەرلەمان کارا بکرێتەوە و دەست بەدانیشتنەکانی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە یەک پرۆژە داواکاری هەموو حیزبەکان بکرێن بە یەک پاکێج".

لەوەتەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ساڵی 2009وە دامەزراوە، لە سەردەمی ئۆپۆزیسیۆنی و بەشداریی حکومەتیشدا زۆربەی ئەو خاڵ و داواکارییانەی هەر هەبووە، بەڵام ئەمجارەیان وەک دوا پەیامی ئەو بارودۆخە دژوارە لە بەرگێکی دیکەدا خستییەوە ڕوو کە بەلای هەندێک لە سەرکردەکانی گۆڕانەوە دوای ئەو پرۆژەیە شەرمە گۆڕان باسی چارەسەری دیکە بکات.

عەلی حەمە ساڵح، ئامادەکاری بەشی دارایی پرۆژەی چاکسازی گۆڕان کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا لە تەنیشت شۆڕش حاجی وەستابوو، ڕێگەچارەکانی بزووتنەوەکەی بۆ دۆخی دارایی کوردستان ئاشکرا کرد کە خاڵی نوێ و جیاوازی ئەوە بوو ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان لەسەر کارەکەی لاببرێت، جیاواز لەوە خاڵەکانی شەفافیەتی داهاتی نەوت و سامانی هەرێمی کوردستان، پێشتر چەندینجار داوای کردووە.

ئەم چەند ڕۆژە لایەنەکان حکومەتیان پرۆژەباران کردووە، وەک ئەوەی حکومەت خۆی نەزانێت شیفای دەردەکەی لەلای کام پزیشکە، بەڵام ئەوەی بووەتە ئاستەنگی گەورەی بەردەم حکومەت بێ پرۆژەیی نییە، بەڵکو بێ پارەیی و بەدبەختییە لە بەرامبەر نرخی نەوتدا، بەڵام هەر لایەنە و بە جۆرێک دەروازەی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە دەبینێت.


بە گوتەی شۆڕش حاجی، بزووتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە، ڕێگەی دووەم لەبەردەم حکومەتدا نییە، بۆیە یان دەبێت چاکسازی بکات یاخود کۆتایی بەوە دێت کە خەڵک ئەم حکومەتە بە هی خۆیان بزانن، لە حاڵەتی دووەمیشدا بزووتنەوەی گۆڕان قسە و بڕیاری خۆی دەبێت.

بەڵام ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو پێیوایە، مادام سەرەتای تێکچوونی ئەم دۆخە بە بڕیاری پارتی بووە، بۆیە ئاساییکردنەوەی بەوە دەبێت کە بارزانی ئەمجارەیان وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات پەرلەمان کۆببێتەوە و دانیشتنەکانی دەست پێبکاتەوە، دواتریش هەموو پرۆژەکان بکرێن بەیەک. گوتیشی "بەبێ بڕیارێکی سیاسیی مەسعود بارزانی، پرۆژەی لایەنەکان سەرناگرێ".

یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش هێشتا چاوی لەسەر کۆمیتەکە هەڵنەگرتووە و پێیوایە کۆبوونەوەی داهاتووی بارزانی و کۆمیتەکە و لایەنەکان کۆتایی بەو دۆخە چەقبەستووەی ئێستا دێنێت.

ئەسەسەرد دەڵێت "کۆمیتەی کاراکردنەوەی حکومەت و پەرلەمان وەڵامی هەموو پارتەکانی کۆکردووەتەوە و ئێستا بەرچاوی ڕوونە و دەزانێت کە بە کام ڕێگەچارە کوردستان دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، بۆیە یان دەبێت خۆیان بە بڕیارێکەوە بچنە کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتوویان لەگەڵ بارزانی، یاخود بارزانی خۆی بە بڕیارێک ئەو بابەتە کۆتایی پێبێنێ و ئیدی بەوە کۆمیتەکە ئۆتۆماتیکی هەڵدەوەشێتەوە و کاری نامێنێ".

جگە لە پرۆژە دوو پاکێجییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش پرۆژەی خۆی بۆ ئەو بابەتە هەیە و پارتیش پێشنیاز و یەکگرتووش داواکاری و کۆمەڵی ئیسلامیش مەرج، بەڵام ئەوەی بووەتە دوایین وێستگەی چاوەڕوانیی خەڵک کۆبوونەوەی ڕۆژی 18ی شوباتە کە چاوەڕوان دەکرێت مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، قسەی کۆتایی تێدا بکات، ئەوە ئەگەر تا ئەوکات گەڕایەوە کوردستان.



گوتەبێژ و پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە کاتی ڕاگەیاندنی پرۆژەکەدا

## "ناهێڵن عێراق ببێتە ئەندامی دادگای لاهای"

**ڕووداو- سلێمانی**

ئەشواق جاف، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لیژنەکەیان بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەوڵی جدیدایە بۆ بە ئەندامبوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (لاهای). ئەشواق گوتی "لە کاتی بەئەندامبوونی عێراق لەو دادگایە، سەرجەم ئەوانەی تاوانیان بەرامبەر هاووڵاتیان کردووە و دادگایی نەکراون، ڕاپێچی ئەو دادگایە دەکرێن". گوتیشی "گوشارەکانمان لەسەر حکومەتی عێراق چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام، بەڵام چەند هێز و کەسایەتییەکی سیاسی ڕێگرن لەو هەوڵانە".

# بۆمبە مەزنەکە هەڕەشە لە عێراق دەکات

**ڕێبوار قاسم و ناسر عەلی**
**ڕووداو- هەولێر، دهۆک**

عێراق بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەک دەبێت لەسەر ئاگرە، بەڵام ئەمجارەیان ترسی ئەوە هەیە بکەوێتە ژێر ئاو. بەرپرسانی ئەمریکی زەنگی مەترسییان لێداوە و هۆشداریی دەدەن لەوەی بەنداوی مووسڵ، کە گەورەترین بەنداوی عێراقیشە، لەناکاو بڕووخێت.

مانگی ڕابردوو ژەنەراڵ سین مەک فارلاند، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ڕایگەیاند "گەر ئەم بەنداوە لە ئەمریکا بووایە، ئەوە وشکمان دەکرد". مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی پار، ئەندازیارەکانی سوپای ئەمریکا کۆمەڵێک سێنسۆریان لەسەر بناغە گەچییەکەی ژێرەوەی بەنداوەکە دانابوو، بۆیان دەرکەوتبوو کە کۆمەڵێک درز لەو بەشەی بەنداوەکەدا بەدی دەکرێت، ئەگەرچی دیاریش نییە ئەم درزانە کەی دەگۆڕێن بۆ شکانە مەترسیدارەکە.

لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا هەموو 6 ڕۆژێک لە هەفتەدا بناغەی بەنداوەکە بە چیمەنتۆ پڕکراوەتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە داڕمانی ئەو بەنداوە بگیرێت کە بە "مەترسیدارترین بەنداوی جیهان" ناوی دەرکردووە. بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەش تونێلێک لەژێر بەنداوەکە دروستکراوە بۆ ئەوەی لەوێوە چیمەنتۆ بۆ بەنداوەکە بگوازنەوە.

بەنداوی مووسڵ بەنداوێکی خاکڕێژکراوە کە 3.65 کیلۆمەتر بەرینە و ڕووتەختی ئاوەکەی 341 مەتر لەسەر ڕووتەختی ئاوی دەریایە، لە کاتە ئاساییەکانیشدا توانای کۆکردنەوەی 11.11 کیلۆمەتر سێجا ئاوی هەیە. کاری دروستکردنی بەنداوەکە لە 25ی کانوونی یەکەمی 1981 دەستپێکرد، هۆکاری سەرەکیی دروستکردنی بەنداوەکەش پاراستنی بەغدا و شارە سەرەکییەکانی دیکەی عێراق بوو لە لافاو. پرۆژەکە لە 24ی تەممووزی 1986دا تەواوبوو. مێژووی بیرۆکەی بەنداوەکە بۆ 1950 دەگەڕێتەوە و ئەوکات وەکوو "بەنداوی ئەسکی-مووسڵ" ناوی هێنراوە. دوو کۆمپانیای بەریتانی لە ساڵی 1953دا ناوچەکانی دەوروبەری گوندی "زەو ئەلکەمار" لە 12 کیلۆمەتری ئەسکی-مووسڵیان وەکوو شوێنی بەنداوەکە دیاری کردووە. لەو کاتەوە چەندین پرسەی ڕووپێوکردن بۆ دیاریکردنی شوێنی بەنداوەکە بەڕێوەچووە.

هەر لە سەرەتاوە و لە هەموو توێژینەوەکانی تیمە جیاوازەکانی ڕووپێوکردندا مشتومڕی زۆر لەسەر شوێن و جۆر و قەبارەی بەنداوەکە لەئارادا بووە. بۆ نموونە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی لە ساڵانی پەنجاکان هەتا 1962 کاری ڕووپێکردنی شوێنی بەنداوەکەیان ئەنجامداوە، جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەنداوەکە دەبێت بە بەرد و قوڕ دروستبکرێت نەک ئەوەی خاکڕێژ بێت. بەڵام کێشەی بنەڕەتیی بەنداوی مووسڵ بۆ ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە کە بەنداوی مووسڵی تێدا هەڵکەوتووە. هەموو ئەو توێژینەوانەی بەر لە دروستکردنی بەنداوەکە و دوای تەواوبوونی بەنداوەکەش کراون، نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە لەوەی ناوچەی هەڵکەوتنی بەنداوەکە ناوچەیەکی گەچییە کە بەو هۆی زەخت و ڕەوتی ئاو بە ئاسانی دەسوێت.

وەکوو چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە کە هەر لەسەرەتای دیزاینی بەنداوەکەوە پێی زانراوە، بیر لەوە کراوەتەوە بناغەی بەنداوەکە بە بەردەوامی بە چیمەنتۆ پڕ بکرێتەوە، ئەگەرچی چەندەها میتۆدی جیاوازی پڕکردنەوەی بناغەی بەنداوەکە تاقیکراوەتەوە، بەڵام ئەنجامی هەموو میتۆدەکان هەمان شت بووە و لەگەڵ تێپەڕینی کات و نیشتنی بناغەی بەنداوەکە ئەگەری ڕووخانەکەی ڕۆژانە زۆرتر بووە. دواجاریش بڕیار درا ئاستی کارکردن و ئاوی بەنداوەکە کەم بکرێتەوە، بەمەش هەم توانای گلدانەوەی بەنداوەکە و هەمیش توانای بەرهەمهێنانی وزەی بەنداوی مووسڵ بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کرد.

بیرۆکەی پڕکردنەوەی بناغەی بەنداوەکە تێچوونێکی زۆری هەبووە، موحسین حەسەن کە ماوەی 34 ساڵە لەم بەنداوە کار دەکات، باسی خەرجییەکانی پرۆسەی پڕکردنەوەی بناغەی بەنداوی مووسڵ دەکات و دەڵێت "لە سەرەتای دروستکردنی ئەم بەنداوە هەتا ئێستا، مانگانە نزیکەی 416 ملیۆن دینار کە ساڵانە دەکاتە نزیکەی 5 ملیار دیناری لێ خەرج دەکرێت". بە گوتەی موحسین حەسەن ئەم پرۆسەیە دەبێت 24 کاژێر بەبێ وەستان کاری تێدا بکرێت و بەشەکەی ئەوان 380 فەرمانبەری هەیە. ئەمە جگە لەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا بە هۆی کەمی یانیش نەهاتنی مووچەوە نیوەی فەرمانبەران و کرێکارانی ئەم بەشە وازیان لە کارەکە هێناوە، ئەمەش هێندەی دیکە کاری پڕکردنەوەی کەلێنەکانی بەنداوی مووسڵی قورستر کردووە.

بەڵام گرفتە سەرەکییەکەی ئەم پرۆسەیە تەنها ئەوە نییە کە تێچوونێکی زۆر و هێزی کارێکی بەردەوامی دەوێت، بەڵکو کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە هەر کاتێک مەترسییەکی ئەمنی بکەوێتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری بەنداوەکە، ئەم پرۆسەیەش دەوەستێت و بەمەش بۆشایی گەورە لە بناغەی بەنداوەکەدا دروست دەبێت و مەترسی داڕمانی بەنداوەکەش زیاتر دەبێت. وەکوو چۆن پرۆسەکە لە دوای هێرشەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ئابی 2014دا ڕاگیرا، کاتێک داعش بۆ ماوەی 6 هەفتە کۆنترۆڵی بەنداوەکەی لەژێر دەستدابوو، بەڵام پاش ئەم ماوەیەش پڕکردنەوەی بەنداوەکە دەستی پێنەکردەوە، لەبەر ئەوەی کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ هەر لەژێر دەستی داعشدا مایەوە.

لە سەرەتادا حکومەتی عێراق مەترسییەکەی ڕەتکردەوە، بەشێکی ئەم هەڵوێستەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی عێراق دەیگوت پارەی پێویستی نییە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی هۆشدارییەکانی سوپای ئەمریکا و پاش هاوکاریی بانکی جیهانی بەبڕی 200 ملیۆن دۆلار بۆ چاککردنەوەی خێرای ئەم بەنداوە، دواجار بەغدا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئەزموونیدا لەگەڵ کۆمپانیای "ترێڤی گرووپ"ی ئیتاڵی ڕێککەوت.

ئەگەرچی بەرپرسانی کۆمپانیا ئیتاڵییەکە بە نیازن میتۆدێکی پێشکەوتووتر و درێژخایەنتر بۆ دامەزراندنەوەی بناغەکانی ئەم بەنداوە بەکاربهێنن، لە بری ئەو میتۆدەی بۆ پاراستن و چاککردنەوەی بەردەوامی ئەو بەنداوە لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا پەیڕەو کراوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو چاککردنەوەیەی بڕیارە ڕێگە لە کارەساتێک بگرێت، خۆی دەشێت ڕێگە بۆ ڕەوشێکی کارەساتبارتر خۆش بکات.

گرووپی ترێڤی لە ساڵی 2015وە بە نیازە پرۆژەی چاککردنەوەی بەنداوی مووسڵ وەربگرێت، بەڵام بەهۆی نزیکبوونی بەنداوەکە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش پرۆژەکە بەردەوام دوادەکەوێت، سەرەتای ئەم مانگە حکومەتی ئیتاڵی ڕایگەیاند کە بە نیازن 450 سەربازی ئیتاڵی بۆ پاراستنی شوێنی کارکردنی ئەو کۆمپانیایە ڕەوانە بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی لە دانوستاندندان.

ئەو کۆمپانیا ئیتاڵیە پێشتر لەسەر 150 بەنداوی هاوشێوەی بەنداوی مووسڵ کاریان کردووە، بۆ نموونە لە نێوان لە ساڵانی 2006 بۆ 2013 کاریان لەسەر بەنداوی وۆڵف کریک لە ویلایەتی کێنتاکی لە ئەمریکا کردووە، ناوچەی هەڵکەوتنی ئەو بەنداوەش زۆر لەو ناوچەیە دەچێت کە بەنداوی مووسڵی لەسەر دروستکراوە. بۆ چارەسەری بەنداوەکەی کێنتاکی، ترێڤی پشتی بە دیوارێکی کۆنکریتی لە شوێنی خاکڕێژەکەی بەستووە کە بە پەرژینی دابڕاندن ناوی دەرکردووە، ئەرکی ئەم پەرژینەش ئەوەیە بەربەستێک بێت لە نێوان ئاوی بەنداوەکە و ئەو ژێرخانە گەچییەی کە دەشێت بەهۆی زەخت و جووڵەی ئاوی بەنداوەکەوە بسوێت یانیش بتوێتەوە.

جۆن ڕایس، مامۆستای ئەندازیاری شارستانی و ژینگە لە زانکۆی ئۆتاوا و شارەزای بواری سەقامگیریی بەنداوەکان دەڵێت "وادیارە بۆ کێشەکەی بەنداوی مووسڵ دانانی پەرژینی دابڕاندن تاکە چارەسەری درێژخایەن بێت. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە بۆ بەنداوی مووسڵ پێویستە پەرژینەکە زۆر قووڵتر لەو پەرژینانە دابنرێت کە هەتا ئێستا لە بەنداوەکانی دیکەی جیهان دانراون. واتە پەرژینەکە دەبێت 800 پێ (240 مەتر) لە ژێر خاکڕێژەکە لێبدرێت". بە بۆچوونی ڕایس هەر ئەمەش وایکردووە لێدانی ئەو بەربەستە کارێکی ئاسان نەبێت و "گەر بە وریاییەکی زۆرەوە جێبەجێ نەکرێت، ئەگەری شکستهێنانی پرۆژەکە و خەسارەتی گەورەتر لە بەنداوەکە زیاتر دەبێت."

ژمارەیەک شارەزای دیکە پێیانوایە دانانی دیواری دابڕاندن لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی هەڵە و مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی بەنداوەکە هەر ئێستاش جێگیر و هاوسەنگ نییە.

نەزیر ئەلئەنساری، مامۆستای ئەندازیاریی مەدەنی لە زانکۆی تەکنەلۆجیای لولیا، پێیوایە حکومەتی عێراق دەبێت بە تەواوەتی واز لە بیرۆکەی دروستکردنی ئەو دیوارە بهێنێ. ئەنساری کە چەندین ساڵە لەبارەی بەنداوی مووسڵ توێژینەوە دەکات، پێیوایە "ئەم پرۆژەیە شکستخواردووە، نەک هەر لەبەر ئەوەی لەڕووی تەکنیکی و داراییەوە عەمەلی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەکانگیریی بەنداوەکە بە تەواوەتی تێکدەدات".

ئەنساری کە ئەنجامی توێژینەوەکانی خۆیشی بڵاوکردووەتەوە، پێیوایە باشترین چارەسەر بۆ ڕێگریکردن لە تێکشکانی بەنداوی مووسڵ ئەوەیە بەنداوی بادۆش کە ساڵانێکە بە نیوەچڵی پشتگوێخراوە، دروستبکرێت و ئاوی ڕووباری دیجلە کە لە ڕێگەی بەنداوی مووسڵەوە گل دەدرێتەوە بۆ ناو ئەو بەنداوەی دیکە ڕەوانە بکرێ. بەنداوی بادۆش لە باکووری ڕۆژئاواوە 16 کیلۆمەتر لە شاری مووسڵ دوورە، پرۆژەی دروستکردنەکەی لە ساڵی 1988 و دوای سەرهەڵدانی نیگەرانییەکان سەبارەت بە بەنداوی مووسڵ دەستیپێکرد، بەڵام دواتر بە هۆی سزا ئابوورییەکانی سەر عێراق لە 1991 و دواتر دۆزینەوەی غازی سروشتی لە ناوچەکانی دەوروبەری، پرۆژەکە ڕاگیرا. هەتا ئێستا نزیکەی 40%ی کاری پرۆژەکە تەواو بووە. مەزندە دەکرێت تێچوونی تەواوکردنی بەنداوی بادۆش خۆی لە 2 ملیار دۆلار بدات، حکومەتەکەی نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق لە ساڵی 2006دا لەگەڵ چەندین کۆمپانیا بۆ تەواوکردنی بەنداوی بادۆش دانوستاندنی کردبوو، بەڵام گفتوگۆکان هیچیان لێ شین نەبوو.

کۆمپانیای گرێڤی ڕایگەیاندووە کە هێشتا زووە بۆ ئەوەی باس لەو تەکنۆلۆژیایە بکرێت کە بۆ چارەسەری کێشەکانی بەنداوی مووسڵ کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، مەرجیش نییە دروستکردنی پەرژینی دابڕاندن تاکە ڕێگەچارە و ئەڵتەرناتیڤی بەردەستی گرێڤی بێت.

ئەندازیارەکانی سوپای ئەمریکا دەڵێن بەبێ ئەم پرۆسەی چاککردنەوە و پاراستنە، بەنداوی مووسڵ کە 30 میل درێژیەکەیەتی، هەرزوو دادەڕما و کارەساتێکی بێوێنەی لێدەکەوتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەندازیارانی سوپای ئەمریکا گەر بەنداوی مووسڵ بڕووخێت، ئەوە یەکەمجار ئەو دۆڵە تێکدەشکێنێت کە ڕووباری دیجلە پێیدا تێدەپەڕێت، پاشان شاری مووسڵ 40 مەتر دەکەوێتە ژێر ئاو و لافاوی ئەم بەنداوە هەتا بەغدا دەچێت.

بەپێی مەزندەی بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا، بەهۆی ڕووخانی بەنداوی مووسڵ چاوەڕێ دەکرێت زیاتر لە نیو ملیۆن کەس ببنە قوربانی و چەندین ملیۆن کەسیش ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ ببن.

تیمێکی زانکۆی تەکنەلۆژیای لولیا، لە دوایین توێژینەوەیدا ئاشکرای دەکات کە گەر بەنداوی مووسڵ بڕووخێت، ئەوە شاری مووسڵ لە ماوەی کەمتر لە 4 کاژێردا 24 مەتر ژێر ئاو دەکەوێت و ڕووبەرێکی 74 کیلۆمەتر دووجا لە مووسڵ ژێر ئاو دەکەوێت، هەروەها شاری تکریت و ناوچەکانی دەوروبەری پاش 22 کاژێر 15 مەتر ژێر ئاو دەکەون کە ڕووبەری ناوچە ژێر ئاوکەوتووەکان هەتا 69 کیلۆمەتر دووجا دەچێت، دوو ڕۆژ دوای ڕووخانیشی ناوەڕاستی بەغدا نزیکەی 4 مەتر دەچێتە ژێر ئاوەوە.



# "کورد خۆی هۆکاری لەدەستدانی پۆستی سوپاسالاری عێراق بوو"

## پەرلەمانتارێکی کورد: حکومەتی عێراق بە پلان پۆستەکانی بەغدا لە دەستی کورد دەردێنێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسێکی سەربازیی کورد لە بەغدا دەڵێت بەهۆی ململانێی پلەدارانی کورد لەنێو سوپای عێراقدا، پۆستی سوپاسالاری عێراق لە دەستی کورد ڕۆیشت و درایە کەسێکی شیعی.

پلەدارێکی سەربازیی کورد لە بەغدا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاریی نوێ لەبارەی هۆکاری لەدەستدانی پۆستی سوپاسالاری عێراق لەلایەن کوردەوە دەدرکێنێ و دەڵێت "لە ساڵی 2014 فەریقی یەکەم لیوا بابەکر زێباری داوای کرد واز لە پۆستی سوپاسالاری عێراق بهێنێ، ئەوکات بڕیار درا فەریق ڕوکن خورشید سەلیم دۆسکی بچێتە شوێنەکەی، بەڵام لیوا بابەکر حەزی نەکرد ئەو فەریقە شوێنی بگرێتەوە، بۆیە لە وازهێنانەکەی پاشگەز بووەوە".

ئەو پلەدارە دەڵێت "بەرپرسانی بەغدا زیاتر لە ساڵێک چاوەڕێیان کرد کە کورد لەسەر پۆستی سوپاسالار ڕێکبکەون و کەسێک بۆ شوێنی بابەکر زێباری دابنێن، بەڵام کورد نەگەیشتنە ڕێککەوتن، دواتر بابەکر زێباری لە 2015/7/1 وازی لە پۆستەکەی هێنا و گەڕایەوە هەرێمی کوردستان. دوای ئەویش پۆستەکە بۆ ماوەی دوو مانگ بە بەتاڵی مایەوە و هەر چاوەڕێی دۆسکی بوون دەستبەکاربێ، بەڵام دەستبەکار نەبوو".

ئەو پلەدارە کوردە کە ئاگاداری وردەکاریی بابەتەکەیە، گوتیشی "دوای وازهێنانی بابەکر زێباری، بەغدا جارێکی دیکە بە بەرپرسانی کوردی گوت کە فەریق ڕوکن خورشید دۆسکی بێتە بەغدا و دەستبەکار بێ، بەڵام کەس ئاگاداری نەکردەوە، بۆیە ڕۆژی 2015/9/1 حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق عەرەبێکی شیعەی بەناوی فەریق ڕوکن عوسمان ئەلغانمی بە وەکالەت کردە سوپاسالاری عێراق".

ئەو بەرپرسە سەربازییەی کورد کە لە دوای دامەزراندنەوەی سوپای عێراقەوە لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدایە، دەڵێت ململانێی کورد تەنیا نەبووەتە هۆی لەدەستدانی پۆستی سوپاسالاری عێراق، بەڵکو کورد چەند پۆستێکی دیکەشی لەدەستدا لەوانەش پۆستی بریکاری وەزیری ناوخۆ و پۆستی بەڕێوەبەری موخابەراتی عێراق و چەندین پۆستی دیکە "ئێمە لە کوردستان خۆمان هۆکار بووین بۆ لەدەستدانی ئەو پۆستانە".

سوپای پێشووی عێراق بە بڕیاری پۆڵ بریمەر حاکمی پێشووی مەدەنیی عێراق هەڵوەشایەوە و دواتر دووبارە دامەزرایەوە، کورد بە گوڕوتینەوە بەشداری لە دامەزراندنەوەی سوپای عێراقدا کرد و پۆستی سوپاسالاری عێراق درایە کورد و بابەکر زێباریش بە سوپاسالاری عێراق دەستنیشان کرا.

بەگوتەی بەرپرسانی سەربازیی کورد لە بەغدا، دوای دامەزراندنەوەی سوپای عێراق ڕێژەی کورد لەو سوپایەدا 22% بوو، بەڵام ڕێژەکە ساڵ بە ساڵ لە کورتیی داو ئێستا تەنیا 1%ی سوپای عێراق کوردە.

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری کورد لە لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەتیکردەوە کە پۆستی سوپاسالاری عێراق بەهۆی خەمساردی و ململانێی بەرپرسانی کوردەوە لە بەغدا لە کیسی کورد چووبێ، بەڵکو دەڵێت ئەوە پلانی بەرپرسانی بەغدا بوو کە ئەو پۆستە لەدەستی کورد نەبێ.

شاخەوان عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت "نەک تەنیا ئەو پۆستە، بەڵکو دەیان پۆستی دیکە کە پشکی کورد بوون لە دەستی کورددا نەماون و خەڵکی عەرەب لە شوێنەکانیان دانراون، ئەوەش بە پلان لەلایەن بەغداوە کراوە".

عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ ڕووداو:

# کوردستان پێویستی بە سەرکردەیەکی خۆسەپێنەری دادوەر هەیە



عارف ڕوشدی، تاکە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە بادینان کە چەندین بەرپرسیارێتی سەربازی، سیاسی و حیزبی لەنێو حیزبەکەی تاڵەبانی وەرگرت، بەڵام دوای 45 ساڵ گەڕایەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی 1969 پەیوەندی پێوەکردبوو.
عارف ڕوشدی کە لە 14/4/2014 بە فەرمی وازی لە سەرکردایەتی یەکێتی هێنا و پەیوەندی بە پارتییەوە کرد. ئێستا لە مەکتەبی سیاسیی پارتی وەکو ڕاوێژکار کار دەکات. ڕوشدی کە ماستەری لە مێژووی هاوچەرخی کورد هەیە، لەسەر قسەکانی پێشووی سوورە کە یەکەم ڕۆژی وازهێنانی لە یەکێتی گوتی "پارتی بزاڤێکە و گەورەترە لە حیزبێکی سیاسی".

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

## ئێستا فاکتەری نێوخۆیی ڕێگرە لە سەربەخۆیی کوردستان

**ڕووداو: ئەگەر بە پرسیارێکی سادە دەستپێبکەین، هەموو کەس دەپرسن ئەم دۆخە چۆن ئاسایی دەکرێتەوە؟**

**عارف ڕوشدی:** بە دڵنیاییەوە ئەو دۆخە ئاسایی دەبێتەوە، دەشبێت ئاسایی بکرێتەوە. ئەگەر واز لە سیاسەتی دەستبادان بهێنین و بیرکردنەوەیەکی نیشتمانییانەمان هەبێت، دەبێت بەرژەوەندیی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندیی حیزب دابنێین و چارەسەری گرفتەکان بکەین.

**ڕووداو: یەکگرتوو لە کۆمیتەی ئاساییکردنەوەی**

## ئەگەر واز لە سیاسەتی دەستبادان بهێنن دەتوانین دۆخەکە ئاسایی بکەینەوە

## پارتی حەز دەکات ئەمڕۆ دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە نەک سبەی

**پەرلەمان و حکومەت کشایەوە، چۆن دۆخەکە ئاسایی دەکەنەوە، خۆ هەر بە قسە و ئومێدخواستن نابێت؟**

**عارف ڕوشدی:** پارتی حەز دەکات ئەمڕۆ دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە نەک سبەی، سیاسەتی پارتی ئەوەیە کە دەرگای بەڕووی هەموو لایەنەکاندا کراوەیە، ئەگەر مەترسیی قۆناغەکە بە هەند وەربگرین، زۆر بە ئاسانی دەتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین.

هەندێک بابەت هەیە حەق بوو لایەنە سیاسییەکان کاتی زیاتری پێبدەن، بە تایبەتی لەم بارودۆخە کە داعش تەنیا 40 کیلۆمەتر لە پایتەختەکەت دوورە و ئابڵۆقەدانێکی بێویژدانانەت لەلایەن حکومەتی بەغداوە لەسەرە. 1400 شەهید و 8000 بریندار هەبێت، زیاتر لە 1000 کیلۆمەتر شەڕت لەگەڵ داعش هەبێت، هەموو ئەوانەی باسم کرد دەبوو پاڵنەر بوونایە بۆ هێزە سیاسییەکان، تاوەکو هەندێک کێشە گەورە نەکەن، کە کاتی نەهاتبوو.

**ڕووداو: مەبەستت پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە ماوەی یاسایی تەواو بووبوو؟**

**عارف ڕوشدی:** لە هەر وڵاتێک کە ناکۆکی یاسایی لەسەر پرسێک دەبێت، پەنا بۆ دادگای دەستووری دەبردرێت، ئێمە کە ئەو دادگایەمان نییە، ئەنجوومەنی شوورامان هەیە، ئەنجوومەنەکە ڕای خۆی داوە و ئەو کێشەیە کۆتایی هات، دەبوو هەموو لایەنەکان ڕێزیان لە یاسا بگرتایە، بەبڕوای من کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی هاتووە. لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کرد، داوای هەڵبژاردنی کرد و کۆمیسیۆن گوتی ناتوانین لەم ماوەیە هەڵبژاردن بکەین. دەبوو سەرۆکی پەرلەمان پێش جێگرەکەی داوای لە ئەنجوومەنی شوورا بکردبایە هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەو پرسە بدات، بۆیە دەڵێم کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەستکرد بوو، ئەگەرنا کێشەی ڕاستەقینە نەبوو، دۆخەکە پێویستی بەم قەیرانە نەبوو.

**ڕووداو: بۆچی پارتی هەمیشە بە چاوی موئامەرە خوێندنەوە بۆ هەڵوێستی لایەنەکان دەکات؟**

**عارف ڕوشدی:** نامانەوێت بڵێین موئامەرە هەبوو، بەڵام خوێندنەوەیەکی ناواقیعی و ناتەندروستی هەندێک لایەنی سیاسی بوو بۆ دۆخەکە، بە تایبەتی کورد بەرەو ئامانجە گەورەکەی خۆی هەنگاوی دەنا کە ئەویش گشتپرسی و سەربەخۆیی بوو، ئەو قەیرانە سیاسیانە وایانکرد کە تەبایی سیاسی دروست نەبێت. بە بۆچوونی من بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت فاکتەرە دەرەکییەکان زیاتر لە بارترن لە چاو فاکتەری نێوخۆیی. ئێستا فاکتەری نێوخۆ ڕێگرە لە سەربەخۆیی کوردستان.

**ڕووداو: فاکتەرە نێوخۆییەکان کێ دروستیان دەکات؟**

**عارف ڕوشدی:** ئەو لایەنانەن کە کێشە دروست دەکەن، بەبڕوای من ئەوەی ئێستا هەیە لە بنەڕەتدا کێشە نییە، بەڵکو کێشەکە دروستکراوە، بە تایبەتی ئەو لایەنانە لێی بەرپرسن کە ئێستاش لەگەڵ پارتی لە ناکۆکیدان. سیاسەتکردن بە ڕق و کینە و توندوتیژی زەرەری لە ئێمە داوە، ئەگەر ئەم کەشتییەی کوردستان شتێکی بەسەر بێت تەنیا پارتی زەرەر ناکات، بەڵکو سەرجەم خەڵک و هێزە سیاسییەکان زەرەر دەکەن.

ئەو بردەرانەی دەیانگوت سیستەم دەکەینە پەرلەمانی لە کاتێکدا خۆی سیستەمی پەرلەمانییە، چونکە لە سیستەمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران نییە، سەرۆک یاریدەدەر یان سکرتارییەتی هەیە و خۆی وەزیرەکان دادەنێت، بۆیە من قەناعەتی تەواوم هەیە کە ئەو کێشانە دەستکردن، چونکە سیستەمی ئێمە پەرلەمانییە.

**ڕووداو: پارتی بەردەوام بابەتەکە بە خودی کاک مەسعودەوە دەبەستێتەوە کە گوایە هەوڵی شکاندنی ئەو دراوە؟**

**عارف ڕوشدی:** بەدڵنیاییەوە ئیرادەیەکی سیاسی هەبوو بۆ شکاندنی کاک مەسعود، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، لەسەر شاشەی تیڤییەکان قسەی بەرزو نزم بە سەرکردەکان دەگوترێت و کەسایەتییان لەکەدار دەکرێت، ئەوە شتێکی زۆر خراپە. کاک مەسعود نە دەستی بە کورسییەوە گرتووە و نە کورسیشی خۆشدەوێت.

**ڕووداو: گۆڕان و هەندێک لە لایەنەکان ئەوە لە پارتی دەخوێننەوە کە هەوڵی ناشیرینکردنی ئەم خولەی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی د.یوسف محەممەد دەدات؟**

**عارف ڕوشدی:** لە هەموو پەرلەمانەکانی دونیا سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتی بێلایەنن، بەڵام بەداخەوە دکتۆر یوسف بێلایەن نەبوو، دەبوو بەرپرسی هەموو فراکسیۆنەکان بووایە کەچی وای نەکرد. جگە لەوە شێوازی کارکردنی پەرلەمان لەم خولە دژایەتی حکومەت بوو لە کاتێکدا لە سیستەمی پەرلەمانیدا هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکان هەیە. لەم خولەدا موزایەدەیەکی توندی سیاسی لە نێوان فراکسیۆنەکان هەبوو.

**ڕووداو: ئێوە کێشەتان لەگەڵ گۆڕان هەیە، ئەی لەگەڵ کۆمەڵ کێشەتان چییە؟**

**عارف ڕوشدی:** پارتی کێشەی لەگەڵ کۆمەڵ نییە، ئێمە نازانین کۆمەڵ کێشەی چییە؟ ئەو ڕۆژە مامۆستا عەلی باپیر پەیامێکی بڵاوکردووەتەوە بە خەڵک دەڵێ خۆپیشاندان بکەن.

**ڕووداو: بۆ پەیامەکەی ئەمیری کۆمەڵ بە هاندان دەزانن؟**

**عارف ڕوشدی:** خۆی لە پەیامەکەی وا دەڵێ، هەموو حیزبە بەشدارەکانی حکومەت دەبێت ئەوان خەمی قەیرانەکان بخۆن و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، چونکە ئەم حکومەتە هاوبەشە و هەمووان بەرپرسیارێتییان هەیە، پارتی بە تەنیا لە کێشە و قەیرانەکان بەرپرسیار نییە. کێشە و قەیرانەکان بە گفتوگۆ و بەهێمنی چارەسەر دەبن، نەک بە هەرا و قسەی میدیاکان، لایەنەکان بوون پەرلەمانیان ئیفلیج کرد.

**ڕووداو: بەس بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی پەرلەمان کارەکانی وەستاوە؟**

**عارف ڕوشدی:** بەڵام دوای چی! دوای ئەوەی لە ناوچەکانی سلێمانی خەڵکیان هاندا هێرش بکرێتە سەر بارەگاکانمان و هانی خەڵکیان دا بۆ توندوتیژی. کادیر و خەڵکی ئێمە شەهید بوو، خۆ مووچە لە بارەگای پارتی نییە، پاسەوانی بارەگای پارتیش وەکو ئەو خەڵکە چەند مانگێکە مووچەی وەرنەگرتووە. پاشان ئەو لایەنانە بۆچی ناپرسن بەغدا بۆچی بودجە و قووتی خەڵکی بڕیوە؟ لە جیاتی ئەوەی ئەم حیزبانە بچن ڕەخنەکانیان ڕووبەڕووی بەغدا بکەنەوە دێن یەخەی یەکدی دەگرن. بەشێک لەو پەرلەمانتارانە کە بە دەنگی خەڵکی کوردستان چوونەتە بەغدا، تەپڵ بۆ قسە سواوەکانی عەبادی لێدەدەن کە دژی هەرێمی کوردستان دەیکات. ڕۆژێک نەمانبینی لەسەر قووت و بژێویی خەڵک لە پەرلەمانی عێراق دژی حکومەت مان بگرن.

بەغدا بەو بودجە زەبەلاحە ئینجا نەیتوانی خزمەتی شارێکی وەکو بەغدا بکات، جگە لە ناوچەی سەوز هەموو ناوچەکان بێ خزمەتگوزارین، لادێیەکی کوردستان زۆر لە بەغدا پاکترە.

**ڕووداو: پارتی و گۆڕان زۆر لەیەک نزیکبوونەوە، بۆچی بەخێرایی ئەو متمانەیە نەما؟**

**عارف ڕوشدی:** پێشبینیمان نەدەکرد متمانەی ئێمە و گۆڕان بگاتە ئەو دۆخە، حەقە ئەو پرسیارە لە برادەرانی گۆڕان بکەی بۆچی ئەو کارانەیان کرد، چونکە سیاسەت بە بیانوو گرتن نابێت.

**ڕووداو: هەڵوێستی تۆ بەرامبەر حکومەتی بنکە فراوان زۆر نەرێنییە، ئەم هەڵوێستە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**عارف ڕوشدی:** کە حکومەت دروستکرا من لەناو یەکێتی بووم، ئەوکات یەکێک بووم لەوانەی پشتیوانی حکومەتی بنکەفراوانم دەکرد، بەس هەڵەم کرد، چونکە حکومەتی بنکەفراوان ئەنجامەکەی ئەوەی ئێستایە، بەبڕوای من زۆر ئاساییە کە حیزبێک ناتوانێت لەگەڵ ئەم حکومەتە هەڵبکات فەرموو با ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، زۆر ئاساییە حکومەت کاری خۆی دەکات و ئۆپۆزیسیۆنیش کاری خۆی، چونکە ئەم حکومەتە هی پێنج حیزبە، ناکرێت لایەنەکان خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدزنەوە.

**ڕووداو: ڤیتۆتان لەسەر گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان نییە؟**

**عارف ڕوشدی:** پارتی ڤیتۆی لەسەر هیچ شتێک نییە، ئامادەیە گفتوگۆ لە بارەی هەموو کێشەکان لەگەڵ گۆڕان بکات، پارتی لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت و کاری دەستەجەمعییە.

## کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی هاتووە

## ئیرادەیەکی سیاسی هەبوو بۆ شکاندنی کاک مەسعود

## تێناگەم بۆچی گۆڕان گفتوگۆ لەگەڵ پارتی ڕەتدەکاتەوە

**ڕووداو: ئێستا پرسی گشتپرسی زۆر قسەی لەسەر دەکرێت، هەندێک لە لایەنەکان دەڵێن ئەمە بۆ پەردەپۆشکردنی قەیرانە سیاسییەکانە؟**

**عارف ڕوشدی:** نەخێر گشتپرسی بەس پارتی بڕیاری لێنادا، بەڵکو پێیوایە دەبێت هەموو حیزبەکان ئەو بڕیارە بدەن، گشتپرسی مافێکی ڕەوای گەلەکەمانە، نابێت هیچ حیزبێکی کوردستانی بیانوو بۆ دواخستنی گشتپرسی بدۆزێتەوە.

**ڕووداو: بۆ لایەن هەیە بیانوو بهێنێتەوە؟**

**عارف ڕوشدی:** بەڵێ لایەنی سیاسی هەیە نامەوێت ناویان بهێنم، بیانوو بۆ نەکردنی گشتپرسی دەهێنێتەوە.

**ڕووداو: عەبادی بە ڕوونی لە ئەڵمانیا گوتی "سەرکردەکانی کورد لەگەڵ جیابوونەوە نین لە عێراق"، ئەمە پەیامێکی ڕوون نییە؟**

**عارف ڕوشدی:** ئێ هەر دەبێت عەبادی قسەی وا بکات، ئەگەر نەیکات دیارە عەبادی نییە. نە بەغدا و نەهیچ وڵاتێکی دراوسێ گشتپرسییان پێ خۆش نییە، بەڵام گشتپرسی مافێکی یاسایی و ئاسایی گەلی کوردە و پێویستە لەکات و ساتی دیاریکراو بکرێت، پێگەی کوردیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەغدا لاواز دەبێت، بەداخەوە هەندێک لە نوێنەرانی کورد کاری وا دەکەن پەرلەمانتارانی حیزبی دەعوەش کاری وا ناکەن. کارەساتە بە دوو قسەی بەرپرسێکی بەغدا باوەڕ بکەی و 10 قسەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە ناڕاست وەسف بکەی. هەندێک لە پەرلەمانتارەکان ڕەواج بە قسەکانی عەبادی دەدەن، بەڕاستی زۆر خراپ سوود لەو کەشە سیاسی و دیموکراسییە وەرگیراوە.

**ڕووداو: تۆ کە بڕوات بە دیکتاتۆرییەتی دادپەروەر هەیە هەر لەبەر ئەو حاڵەتانەیە؟**

**عارف ڕوشدی:** بڕوام بە ئازادی، یەکسانی، دیموکراتی و مرۆڤدۆستی هەیە، بەڵام چەندی سەیری نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەم هەست دەکەم ئەو دیموکراسییەی لێرە چەکەرە دەکات، خەریکە خراپ سوودی لێوەدەگیرێت، هەندێک لایەن دەیانەوێت ئەم دیموکراسییە بۆ مەبەستی دوور لە خواستی نیشتمانی و نەتەوەیی بەکاربهێنن، بۆیە بەبڕوای من لەم قۆناغەدا پێویستمان بە سەرکردەیەکی خۆسەپێنەری دادوەر هەیە، بڕۆ مێژووی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ئەمریکا بخوێنەوە دەبینی کەسێک هەبووە سەرکردایەتی گەلەکەی کردووە تاوەکو گەیشتوون بەدوا مەنزڵ، بەبڕوای خۆم وەکو عارف ڕوشدی نەک وەکو پارتی، پێموایە ئەو کەسایەتییە بەڕێزە کە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێ، جەنابی کاک مەسعودە.

**ڕووداو: ئێوە کە ئەوەندە خۆتان بە پەرۆشی واقیعی ئەم وڵاتە دەزانن، بۆچی دەستپێشخەری ناکەن؟**

**عارف ڕوشدی:** پارتی چەند جارێک داوای کۆبوونەوەی دووقۆڵیی لە گۆڕان کردووە، بەڵام تێناگەم بۆچی ئەوان کۆبوونەوە و گفتوگۆی سیاسی ڕەتدەکەنەوە، با بێن بە یەکەوە دابنیشین و گفتوگۆ بکەین، بزانین گۆڕان داواکاری و خواستی چییە، چۆن چۆنی ئەم دۆخە ئاسایی بکەینەوە، بەڵام سیاسەتکردن بە خۆسەپاندن و مەرجی پێشوەختە ناکرێت.

**ڕووداو: سەرکردەکانی پارتی و گۆڕان**

## عەلی باپیر خەڵک بۆ خۆپیشاندان هان دەدات

## نازانین کێشەی کۆمەڵ لەگەڵ پارتی چییە؟

**گەیشتوونەتە ئەو بۆچوونە کە ئەم کێشەیە بەبێ بارزانی و نەوشیروان مستەفا چارەسەر ناکرێت؟**


**عارف ڕوشدی:** بمانەوێت و نەمانەوێت کەسی یەکەمی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەرییان هەیە، لەلای ئێمەش دەتوانن کێشەکان یەکلابکەنەوە. پێمانخۆشە کاک مەسعود و کاک نەوشیروان دابنیشن و بەهەر شێوەیەک بووە گرنگە ئەم دۆخە ئاسایی بکرێتەوە.

**ڕووداو: دوای ئەو ڕووداوانە و تێکچوونی پەیوەندیی پارتی و گۆڕان بۆچوونی بارزانی لەسەر نەوشیروان مستەفا گۆڕاوە؟**

**عارف ڕوشدی:** نە لە خودی کاک مەسعود نە لە هیچ برادەرێکی مەکتەبی سیاسی قسەیەکی خراپم لەسەر کاک نەوشیروان نەبیستووە، پارتی لەگەڵ شکاندنی سەرکردە و کەسایەتییەکاندا نییە. ئەوە کولتوورێکی خراپە کە سوکایەتی بە کەسایەتی و سەرکردەی حیزبەکان دەکرێت، کارێکی ناشیرین و مانای دواکەوتنی سیاسی دەگەیەنێت.

**ڕووداو: بەڵام ڕاگەیاندنی پارتی هێرشی توندی دەکردە سەر نەوشیروان مستەفا؟**

**عارف ڕوشدی:** ئەمە سیاسەتی پارتی نەبووە، لەوانەیە کەسێک لە نێو پارتی وەکو پەرچەکردارێک یان وەڵامی کەسێکی نێو گۆڕانی دابێتەوە، ئەگەرنا ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو گەنجانە لەسەر ڕێزگرتن و زمانی گفتوگۆ ڕابهێنین. قسەی نزم لەگەڵ کولتووری کوردەواریمان ناگونجێ.



## داوای هەڵگرتنی بڕیاری گۆشەگیرکردنی ئۆجەلان دەکرێت

**رووداو- ئەنقەرە**

رێکخراوی مافی مرۆڤی تورکیا، داوا لە ئەورووپا دەکات کار بکات بۆ کۆتاییهێنان بە گۆشەگیرکردنی سەر رێبەری پەکەکە لە دوورگەی ئیمراڵی. رێکخراوەکە داواکارییەکی ئاراستەی کۆمیسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لە یەکێتیی ئەورووپا کردوە و دەڵێت "گۆشەگیرکردنی ئۆجەلان پێشێلکردنی یاساکانی مافی مرۆڤە لە تورکیا. ئەم پێشێلکارییە راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی دادەوە هەیە، بەڵام وەزارەتی داد لەم بابەتەدا ئەرکی سەرشانی بەجێ نەهێناوە". رێکخراوی ناوبراو داوا دەکات "بڕیاری گۆشەگیرکردنی سەر ئۆجەلان هەڵبگیرێت و رێگە بە پارێزەرەکانی، ئەندامانی بنەماڵەکەی، شاندی هەدەپە بدرێت سەردانی بکەن".

# پەیەدە ئەنقەرە و واشنتن لەیەکتر دووردەخاتەوە



**رووداو- هەولێر**

وا دیارە رووداوەکانی سووریا و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مامەڵەکردنەوە هەیە لەگەڵ پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) و باڵە سەربازییەکەی، واتە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)، تا دێت ئاڵۆزیی زیاتر دەخاتە نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا، هاوپەیمانە تەقلیدییەکەی واشنتن.

رۆژی حەوتی ئەم مانگە، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا داوای لە واشنتن کرد، لە نێوان تورکیا و پەیەدە یەکێکیان وەکو "شەریک" بۆخۆی هەڵبژێرێت. زۆری نەبرد جۆن کێربی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەڵوێستی وڵاتەکەی روونکردەوە و گوتی "ئەوان پەیەدە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی نازانن". ئەو لێدوانە بەرپرسانی تورکیای هێندەی دیکە نیگەران کرد و کار گەیشتە ئەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوەشئۆغلۆ بانگی جۆن باس، باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە بکات و پێی بڵێ "ئەو مارە بەیانی دێت و بە ئێوەشەوە دەدات!".

پەیوەندی ئەنقەرە – واشنتن، لە ساڵی 1952ەوە کە تورکیا بووە ئەندامی ناتۆ، پەیوەندییەکی تۆکمەیە، ئەمریکا لە هەموو سەختییەکاندا بەهانای تورکیاوە چووە. ئەو پەیوەندییە هەرچەندە لە ساڵی 2003دا ساردیی تێکەوت بەهۆی رازینەبوونی تورکیا بە بەکارهێنانی بنکەی ئینجەرلیک لەلایەن ئەمریکاوە بۆ پەلاماردانی رژێمی سەددام حوسێن، بەڵام زۆری نەبرد پەیوەندییەکە گەڕایەوە سەر رێچکەی ئاسایی.

وا دیارە رووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان، پەیوەندی ئەنقەرە و واشنتن بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە. ئەو دوو وڵاتە هاوپەیمانە لەبارەی یەپەگە (باڵی سەربازیی پەیەدە) خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە. دوای ئەوەی لە کۆتایی مانگی رابردوو برێت مەکگۆرک نوێنەری تایبەتی باراک ئۆباما لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی سەردانی کۆبانێی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی یەپەگە کۆبووەوە، ئەردۆغان کاردانەوەیەکی توندی نیشاندا و گوتی: "من شەریکی ئێوەم یان تیرۆریستەکانی کۆبانێ؟" ئەمەش جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکای هێنایە سەرخەت و لە وەڵامی ئەردۆغاندا گوتی "پەیەدە رێکخراوێکی تیرۆرستی نییە و بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنیان".

دواتر مەولود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا بە میدیاکانی تورکیای راگەیاند کە ئەوان قبوڵ ناکەن ئەمریکا رێکخراوێکی وەکو پەیەدە بە تیرۆریست نەناسێ و گوتی "داعش خراپە چونکە توندڕەوە، پەیەدە باشە چونکە عەلمانییە. ئایا دەکرێت رێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ باش و خراپ دابەش بکرێن؟".

چاوشئۆغلۆ هەروەها گوتی "پێویستە ئەمریکا بڕیار بدات، ئێمە بە شەریک هەڵدەبژێرێت یان رێکخراوێکی تیرۆریستی. ئێمە بەڵگەی پێویستمان دایە دۆستەکانمان لە ئەمریکا کە پەکەکە و پەیەدە وەکو یەکن. وێنە و لیستی ناوی ئەندامانی پەکەکەمان پێدان کە لەنێو سەرکردایەتی پەیەدەن. هەمان ئەو کەسانەی ئەمریکا لەنێو رێکخراوێکدا بە تیرۆرستیان دەزانێ، لە نێو رێکخراوێکی دیکەدا بە دۆستیان دەزانێ. نازانم ناو لەوە بنێم سادەیی یان شتێکی دیکە".

هەندێک چاودێری سیاسی پێیانوایە کاردانەوەی تورکیا، ترسە لە پەڕینەوەی هێزەکانی یەپەگە بۆ رۆژئاوای فورات کە تورکیا بە "هێڵی سوور"ی دەزانێت. هەرچەندە ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پەیەدە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو رایگەیاند کە یەپەگە بەبێ رەزامەندیی هاوپەیمانان ناپەڕێتەوە ئەوبەری رووباری فورات، بەڵام سوپای تورکیا لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا و بۆ ماوەی دوو رۆژ هێزەکانی یەپەگەی لە دەوروبەری حەلەب بۆردومان کرد. دواتر ولایەتە یەکگرتووەکان داوای لە ئەنقەرە کرد بۆردومانەکانی بۆ سەر یەپەگە رابگرێ. شەڕڤانانی یەپەگە دەیانەوێت بگەنە چیای عەفرین، بۆئەوەی رێگەیەک بکەنەوە و هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین پێکەوە ببەستنەوە کە ئێستا رێی هاتوچۆ لەنێو ئەو دوو کانتۆنەدا نییە.

پسپۆڕێکی کاروباری سووریا لە یەکێک لە زانکۆکانی تورکیا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "تورکیا لە رووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە بێهێزە. ئەوەی لەدەستی دێت تەنیا بەکارهێنانی کارتی جوگرافیایە، بۆ ئەوەی جیهانی رۆژئاوا ملکەچی داواکانی بکات. لە جنێڤ 3 بە بەکارهێنانی کارتی پەنابەران، توانی پەیەدە دووربخاتەوە، بەڵام ئەو کارتە لەمە زیاتر ناتوانێ گوشار دروست بکات، جگە لە قەبوڵکردنی پەیەدە وەکو دیفاکتۆیەک، ئەوەی دیکە وەکو کوتانەوەی ئاسنی ساردە".

### پەیوەندیی ئەنقەرە و پەیەدە

پێشتر تورکیا هێندە رژد نەبوو لەسەر مەسەلەی پەیەدە، ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پەیەدە لە ساڵەکانی 2013 و 2014 چەند جارێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە بانگهێشتی ئەنقەرە کرا.

لەمانگی تشرینی یەکەمی 2014 بەسەدان پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بە رەزامەندیی تورکیا چوونە کۆبانێ و پشتگیرییان لە هێزەکانی یەپەگە لەدژی داعش کرد. لە 22ی شوباتی 2015، تورکیا بە هاوکاریی پەیەدە مەزاری سولەیمان شای لەژێر دەستی داعش بۆ ژێر دەستی دەسەڵاتی ئەوان گواستەوە.

عوسمان کۆرتورک کە لە ساڵانی 2003 – 2005 باڵیۆزی تورکیا بووە، پێیوایە هەڵوێستی حکوومەتی تورکیا لەمەڕ پەیەدە نادیارە. تورکیا لەسەرەتاوە پەیەدەی وەکو باڵی پەکەکە لە سووریا ناساند، بەڵام دوای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا گفتوگۆی لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی ئەو رێکخراوە کرد.

کۆرتورک دەڵێت "تورکیا چەندین جار پێشوازی لە ساڵح موسلیم کردووە و گفتوگۆی لەگەڵ پەیەدە کردووە. هەر بۆیەش رۆژئاوا قسەکانی تورکیا لەبارەی پەیەدە بە هەند وەرناگرن و باوەڕ بەو هەڵوێستەی ئێستای ناکەن". پرۆفیسۆر بەکر گونای، لە زانکۆی ئیستانبوڵ پێیوایە ئەمریکا گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە لە کۆتاییدا لە سووریا کوردستانێک لەدایک دەبێت، سەرەڕای گلەییەکانی تورکیا، ئەمریکا هەماهەنگی لەگەڵ پەیەدە زیاتر دەکات. گونای بە (رووداو)ی گوت "ئیدارەی ئۆباما ناخوازێ سوپا رەوانەی نێو زەلکاوی سووریا بکات، هەروەها دەخوازێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەناوچەکە بە تێچووی کەمتر بپارێزێ، بۆیە هەوڵ دەدات لە رێی یەپەگە و پێشمەرگەوە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ".

پرۆفیسۆر دایڤد فیلیبس، مامۆستای زانکۆی کۆڵۆمبیا کە یەکێکە لە راوێژکارە بە ئەزموونەکانی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەربارەی پەیوەندیی ئاڵۆزی تورکیا و ئەمریکا بە رادیۆی دەنگی ئەمریکای گوت "ئەمریکا ناچار نییە لە هەنگاوەکانیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش مۆڵەت لە تورکیا وەربگرێت".

فیلیبس باسی ریسکی دواڕۆژ دەکات لەمەڕ رێگانەدان بە هێزەکانی ئەمریکا بۆ بەکارهێنانی بنکەی ئاسمانیی ئینجەرلیک لەلایەن تورکیاوە و دەڵێت: "بۆ ئەمە لەو ناوچەیەی لەژێر کۆنترۆڵی یەپەگەدایە بنکەیەک دامەزراوە کە ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە".

فیلیبس پێیوایە لە داهاتوودا ئەمریکا ناچار دەبێت خۆی یەکلایی بکاتەوە لەنێوان تورکیا کە هاوپەیمانێکی کۆنی ئەمریکایە و ئەندامی ناتۆیە، هەروەها یەپەگە.

ئەو دەڵێ "یەپەگە خۆی ئامادە کردووە، لە رۆژئاوای فورات شارۆچکەی جەرابلوس کە لەژێر دەستی داعشە بگرێت. ئەردۆغانیش دەڵێ ئەوە هێڵی سوورە. ئەگەر تورکیا لەناو سووریادا هێرش بکاتە سەر شەریکەکەمان، کاردانەوەی ئەمریکا چی دەبێت؟ ئەمریکا ناچارە یەکێکیان هەڵبژێرێ. ئەوەی دیارە تادێت پەیوەندی لەگەڵ کورد پێشدەکەوێت و لە نزیکەوە بۆ نزیکتر دەچێت، بەڵام پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا تادێت ئاڵۆزتر دەبێت".

# لە باکووری کوردستان هۆتێلەکان مایەپووچ دەبن

**رووداو- هەولێر**

گەرمبوونی شەڕ لە باکووری کوردستان لە دوای 23ی تەممووزی رابردووەوە، گەشتوگوزاری لەناوچەکەدا بۆ ئاستێکی مەترسیدار دابەزاندووە. شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن "هۆتێلەکان تەنیا 5% تاوەکو 10%ی تواناکانیان کاردەکەن و ئەگەر شەڕ درێژە بکێشێ شتێک نامێنێ بەنێوی کەرتی گەشتیاری کە لەم ساڵانەی دواییدا لە باکووری کوردستان بەرەوپێشچوونی گەورەی بەخۆوە دیت.

گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری بەشێک لە سەرمایەدارانی باکووری کوردستانی هاندا بۆئەوەی وەبەرهێنانی تێدا بکەن، بەتایبەتیش لە بوارەکانی دروستکردنی هۆتێل و شوێنی حەوانەوە، کۆمپانیا و بریکاری کۆمپانیاکانی گواستنەوە.

لە ساڵانی 2013 و 2014دا ئەو کەرتە بەراورد بە کەرتەکانی دیکەی ئابووری، پڕ داهاتترین بوو، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی شەڕ، کەرتی گەشتیاری بەتایبەتی لە هەردوو ناوچەی باشووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ئانادۆڵو گەیشتووەتە ئاستی وەستان.

محەممەد ئاکیل، سەرۆکی یەکێتی بریکارەکانی گەشتوگوزار لە ئامەد، بە (رووداو) ی گوت "بەهۆی ئەو شەڕەوە کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکەدا پێنج ساڵ بۆ دواوە گەڕاوەتەوە".

سروشتی شەڕی ئەمجارەی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا کە لە 23ی تەممووزی ساڵی رابردووەوە بەرپابووە، لەوانەی رابردوو جیاوازە، چونکە ئەم شەڕە ناوەندی شارەکان و لە هەندێک شوێنیش ناوەندەکانی گەشتیاریی گرتووەتەوە.

بەگوێرەی ئاماری دەزگا پەیوەندیدارەکان، خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی وان و ئامەد ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، بەو پێیەی ئەو دوو شارەش شاری گەشتیارین لە ناوچەکەدا، گەشتیاری لەوێ گەیشتووەتە ئاستی وەستان.

عەبدوڵڵا تونجەدەمیر سەرۆکی رێکخراوی گەشتیاریی گۆلی وان بە (رووداو)ی گوت "هێشتا بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ هیچ داواکارییەک و تەندەرێکمان بەدەست نەگەیشتووە".

تونجەدەمیر پشتڕاستی دەکاتەوە کە شەڕ ئیفلاسی بە کەرتی گەشتیاری کردووە "لە ساڵی 2014دا نزیکەی 850 هەزار گەشتیار و ساڵی رابردووش 912 هەزار گەشتیار سەردانی گۆلی وانیان کرد، بەڵام ئەمساڵ تا ئێستا هیچ داواکارییەک و تەندەرێکمان وەرنەگرتووە. لە ساڵانی رابردوودا و تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی رابردووش هەموو هۆتێلەکان کە جێگای حەوانەوەی 3598 گەشتیاریان هەیە، بە توانای 100% کاریان دەکرد، ئێستا ئەو رێژەیە گەیشتووەتە 10%. هۆتێلەکان خەریکە مایەپووچ دەبن".

سەرۆکی رێکخراوی گەشتیاری لە گۆلی وان هەروەها دەڵێت "ساڵانی رابردوو نزیکەی 50%ی گەشتیارەکانمان لە ئێرانەوە دەهاتن. ئێستا ئەوانیش نایەن، چونکە تادێت شەڕ بەرفراوانتر دەبێ. ئەوەش ئەوەندەی دیکە دەمانترسێنێ. تاکە چارەمان بەرقەراربوونی ئاشتی و گەڕانەوەی ئاسایشە".

محەممەد ئاکیل سەرۆکی یەکێتی بریکارەکانی گەشتوگوزار لە ئامەد، جەخت لەوە دەکاتەوە کە راگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ، هەموو تەندەر و بەڵێنە پێشوەختەکانی هەڵوەشاندنەوە. ئەو گوتی دوای ئەوەی سووری ئامەد و باخچەکانی هەڤشەل خرانە ناو لیستی میراتی کولتووری جیهانی، چاوەڕێ بوون لە ساڵی 2015دا لەڕووی ژمارەی گەشتیاران و داهاتەوە ژمارەی پێوانەیی بشکێنن، بەڵام شەڕ هەموو شتێکی تێکدا.



خانی حەسەن پاشا لە سووری ئامەد

ئاکیل دەڵێت "سوور دڵی گەشتیاریی ئامەدە. نزیکەی 4-5 مانگە لەبەر ئەوەی گەشتیار نایێتە سوور، خاوەن هۆتێلەکان، چێشتخانەکان، ئەو دووکاندارانەی شتومەکی دیاری دەفرۆشن، کەوتوونەتە ناو قەیرانێکی ئابووریی گەورەوە. ئەو هۆتێلانەی سەردەمانێک شوێنیان نەبوو گەشتیار وەربگرن، ئێستا دەرگاکانیان داخراوە".

ئەمین مەسعود رامانلی، سەرۆکی یەکێتی بریکارەکانی گەشتوگوزاری تورکیا لە باشووری رۆژهەڵات کە هەر چوار شاری باتمان، ماردین، سێرت و شەڕناخ دەگرێتەوە، دەڵێت هەموو بۆنە گەشتیارییەکانیان بۆ ساڵی 2016 هەڵوەشێندراونەتەوە. رامانلی بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی شەشی تشرینی یەکەمی 2014 هەڵوەشاندنەوەی تەندەرەکان و بۆنە گەشتیارییەکان دەستی پێکرد، لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانیش گەیشتە لوتکە. 90%ی گەشتەکانمان هەڵوەشێندراونەتەوە. کاتێک ئەو ژمارانە لەگەڵ سەردەمی پرۆسەی چارەسەری بەراورد دەکەین ئاسمان و رێسمان جیاوازییان هەیە. 90% لە کورتیی داوە".

بەگوێرەی ئامارەکان، بریکارەکانی گەشتیاری 61%ی توانای کارکردنیان لە کورتیی داوە. بریکارەکانی گواستنەوە لە شەڕناخ، جەزیرە و سلۆپی هەموو کارەکانیان وەستاندووە. تەنیا لەو سێ شوێنە نا، بەڵکو لە هەموو شوێنەکانی دیکەش بۆ شەش مانگی یەکەمی 2016 هیچ تەندەرێکی گواستنەوە و گەشتکردن وەرنەگیراوە.

### بەهاری شەڕناخ بووە زستان

لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەهۆی سەقامگیریی ناوچەکەوە کەرتی گەشتیاری لە شاری شەڕناخ لە وەرزی بەهاردا زۆرترین گەشتیاری لە رۆژئاوای تورکیا و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە رادەکێشا. هۆتێلەکانی ئەو شارە لەو وەرزەدا بەتەواوی توانای خۆیان کاریان دەکرد و میوانیشیان دەدایە هۆتێلەکانی ماردین، بەڵام لەم وەرزەدا حاڵی هۆتێلەکانی شەڕناخ زۆر جیاواز نییە لە سوور و وان.

علی نادرئۆغڵو، سەرۆکی ژووری هۆتێلکارەکانی شەڕناخ بە (رووداو)ی گوت "لە چەند ساڵی رابردوودا هەموو هێزێکی ماددیمان تەرخان کرد بۆ ئەوەی گەشتیار بێنینە ناوچەکەمان. لە سەردەمی پرۆسەی چارەسەری گەیشتینە ئەنجام. لە دوو وەرزی بەهاری یەک بەدوای یەکدا گەشتیارمان گەیاندە جودی و کوێستانەکانی کێلەمەمێ. بەڵام شەڕ دەرفەتی نەداین و پرۆسەکە لە دەرەوەی ئیرادەی کەرتی گەشتیاری وەستا". گوتیشی "بەردەوامی ئەو بارودۆخە مایەپووچمان دەکات. بەهارمان لێدەکاتە زستان".

# ئەمساڵ عەمرەکارانی کورد 20 ملیۆن دۆلار دەبەنە سعودیە

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

پێشبینی دەکرێت تێچووی ئەمساڵی عەمرەکارانی هەرێمی کوردستان بۆ عەرەبستانی سعودی بگاتە نزیکەی 20 ملیۆن دۆلار، وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانیش داواکارن ئەو کەسانە لە بری گەشتی عەمرە، هاوکاری خەڵکی کەمدەرامەت بکەن.

لە رۆژی 2016/1/9ەوە عەمرەکانی هەرێمی کوردستان دەستیان بە گەشت بۆ سعودیە کردووە، تێچووی هەر عەمرەکارێکیش 900 تاوەکو 1100 دۆلارە. هەرچەندە بەراورد بە ساڵی رابردوو بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەڵکی کوردستان کەمتر عەمرە دەکەن، بەڵام هەر لە ئێستاوە پێشبینی دەکرێت، بە ملیۆنان دۆلار لەو گەشتەدا خەرج بکرێ.

ساڵی رابردوو 30 هەزار کەس گەشتی عەمرەیان کردووە، گەشتی ئەمساڵیش هەر لە ئێستاوە وا دیارە کە زۆر زیاترە لەوەی بەرپرسانی ئەوقاف و کۆمپانیاکانی تایبەت بەو بوارە پێشبینییان دەکرد.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەپێی ئامارەکانی ئەوان لەو رۆژەوەی گەشتی عەمرە کراوەتەوە، تاوەکو رۆژی 2016/2/13 زیاتر لە 2000 عەمرەکاری کورد چوونەتە سعودیە، تێچووی گەشتی هەر هەموشیان نزیکەی سێ ملیۆن دۆلار بووە.

مەریوان نەقشبەندی گوتی "کرێی فڕۆکە و مانەوەی هوتێل لەنێوان 900- 1100 دۆلارە، جگە لەوەش عەمرەکاران بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێنەوە و پارەیەکی زۆر لە کڕینی خواردن و دیاری خەرج دەکەن".

هەر عەمرەکارێک ماوەی 10 تاوەکو 12 رۆژ لە سعودیە دەمێنێتەوە، هەرچەندە لە ماوەی مانگێکدا تەنیا 2000 عەمرەکاری کورد چوونەتە سعودیە، بەڵام مەریوان نەقشبەندی پێشبینی دەکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی مانگی رەمەزان بە لێشاو خەڵک روو لە سعودیە بکەن بۆ عەمرە. مەریوان گوتی "ئێستا گەشتی عەمرە هەرزانە، بەڵام تا مانگی رەمەزان خواستی لەسەر زیاتر دەبێت و رەنگە زیاتر لە 10 هەزار کەسیش گەشت بکەن. ئەگەر هەر یەکێکیش لانیکەم هەزار و پێنجسەد دۆلار خەرج بکات، تێچوویان دەگاتە نزیکەی 15 ملیۆن دۆلار".

لەساڵی 2009وە لە وەزارەتی ئەوقاف 78 هەزار کەس ناویان بۆ فەریزەی حەج تۆمار کردووە و تائێستاش بۆ حەجی ئەمساڵ تیروپشک نەکراوە، مەریوان گوتی "بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی ناویان بۆ فەریزەی حەج تۆمار کردووە، چاوەڕێی دەرچوونی ناوەکانیانن، بەڵام ئەگەر ناویان بۆ ئەمساڵ دەرنەچێت، پەیوەندییان پێوە کردووم کە رەنگە بەشێکی زۆریان گەشتی عەمرە بکەن، ئەگەر ئەو کەسانەش گەشتەکە بکەن، بێگومان تێچووی ئەمساڵی عەمرە لە هەرێمی کوردستان لە 20 ملیۆن دۆلار نزیک دەبێتەوە".



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

قەیرانی دارایی تەنگی بە حکومەت هەڵچنیوە و زۆر بە زەحمەت نیوەی پارەی مووچەخۆرانی پێ پەیدا دەکرێت، بازاڕی هەموو شتێک لە جووڵە کەوتووە، بۆیە بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێن لەو باوەڕەدا نەبوون خەڵک بەو ژمارەیە گەشتی عەمرە بکات.

وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان داواکارن لە هاووڵاتیان لە جیاتی گەشتی عەمرە، ئەو پارەیە بدەنە ئەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی، نەقشبەندی گوتی "پێشتر لەلایەن وەزارەت و مامۆستایانی ئاینی راگەیەندراوە کە گەشتی عەمرە سوننەتە نەک فەرز، بۆیە ئێستاش باشتر وایە خەڵک لە جیاتی ئەوەی ئەو پارەیە ببەنە دەرەوەی وڵات، بیدەنە ئەو کەسانەی پێویستیانە".

مەلا عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی لە کوردستان روونیکردەوە کە گەشتی عەمرە لە کاتێکدا خێری زیاترە خەڵک لە ژیانێکی باشدا بژین، بەڵام لەم کاتەدا ئەو کەسانەی ئەو گەشتە دەکەن وا باشترە هاوکاری خەڵکانی کەمدەرامەت بکەن، چونکە یارمەتیدانی خەڵک گرنگترە.

هەر لەوبارەوە سەید عەبدوڵڵا سەید محەممەد کە خاوەنی کۆمپانیایەکی گەشتیارییە، دەڵێت "خەڵک لە هەموو ئاستەکاندا گەشت دەکەن و تێچووی کەسێکیش نزیکەی هەزار دۆلارە، چونکە زۆربەیان وەکو جاران دیاری زۆر ناکڕن، بەڵام خەڵکیش هەیە داوای هوتێلی پێنج ئەستێرە دەکەن".

بە گوتەی ناوبراو، ئەوان لە گەشتی هەر کەسێک نزیکەی 50 دۆلار سوودمەند دەبن "ئێمەش لەو باوەڕەدا نەبووین لەم کاتەدا ئەو خەڵکە زۆرە گەشتی عەمرە بکەن، وەکو خۆیشم پێم باشە ئەو کەسانە پارەکە بدەنە خەڵکانی کەمدەرامەت".

## ژمارەی بێ باوەڕان و ئەوانەی ئایین دەگۆڕن لە زیادبووندایە

# سیمای ئایین لە کوردستان دەگۆڕێ

### گەنجێک: کە داعش شنگالی داگیرکرد ئیدی وازم لە ئاینەکەم هێنا



هانا لینچ
رووداو- هەولێر

سەنگەر نەجم، گەنجێکی خەڵکی هەولێرە، دەڵێت "ئێمەی موسوڵمان کێشەی ئایینیمان زۆرە، گەلێک هۆکاریش لە پشت ئەم کێشانەوە هەن". قسەکانی سەنگەر گوزارشت لەو هەست و سۆزە دەکات کە لەنێو دانیشتووانی کوردستاندا بەرامبەر بە باوەڕە ئاینییەکانیان دروستبووە.

بەشێکی زۆری موسوڵمانان لەگەڵ توندوتیژیی رێکخراوی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دا بەرەوڕوون و دۆشداماون، لەلایەکەوە بیروباوەڕە ئایینییە تاکەکەسییەکانی خۆیانیان هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە کردەوە توندوتیژەکانی داعش دەبینن.

نزیکەی 94%ی دانیشتووانی کوردستان موسوڵمانن، بەڵام لە ماوەکانی دواییدا کۆمەڵێک راپۆرت سەبارەت بە وازهێنانی گەنجانی کورد لە ئایینی ئیسلام و هەڵگرتنی باوەڕی دیکە بڵاوبوونەتەوە.

بزووتنەوەی زەردەشتییەکان باس لە هەزاران بڕواداری ئایینی زەردەشتی لە هەرێمی کوردستان دەکەن. رێکخراوە کریستیانەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نزیکەی هەزار کەس لە خەڵکی هەرێمی کوردستان ویستوویانە ببنە مەسیحی، لەبەر ئەوەی لێکدانەوەی داعش بۆ ئیسلام لەلایان مایەی قبووڵ نییە.

راپۆرتەکان هەروەها ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ژمارەی بێبڕواکان دەکەن.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەم راپۆرتانە پشتڕاست ناکاتەوە. مەریوان نەقشبەندی، گوتەبێژی وەزارەتەکە دەڵێت کە ئەوان ئامادە نین ژمارەی ئەو خەڵکانە بڵاوبکەنەوە کە ئایینی خۆیان گۆڕیوە.

خەڵکانێکی دیکەش هەن کە بە تەواوەتی وازیان لە ئیسلام و ئایین هێناوە. محەممەد کە لەبەر هۆکاری تاکەکەسی ئامادە نەبوو ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات، یەکێکە لەو کەسانەی وازی لە باوەڕی ئایینی هێناوە. ئەو دەڵێت "من هیچ باوەڕێکی ئایینیم نییە، پێموابێ خاڵی وەرچەرخان و ئەو ساتەوەختەی بە تەواوەتی بڕوام لەدەستدا ئەو کاتە بوو کە داعش شنگالی گرت، کاتێک باسی بە کەنیزەکردنی ئافرەتە کوردە نا- موسوڵمانەکانم بیست، ئیدی زانیم ئەمە لە ئیسلامدا رێگەپێدراوە، لە راستیدا نەک هەر رێگەپێدراوە، بەڵکو پەرەشی پێدەدرێت."

محەممەد لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رەفتارەکانی داعش، وەکوو سەربڕین، بەردبارانکردنی ئافرەتان و بڕینی دەستی دزەکان لە قورئاندا فەرمانیان پێکراوە.

بەڵام مەلا عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی بۆچوونی ئەو گەنجە رەتدەکاتەوە و توندوتیژی بە کاری بێباوەڕەکان دەزانێت و دەڵێت "ئاشکرایە کە داعش گرووپێکی تیرۆریستی سیاسییە، ئەوان بەهیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن، کارە قێزەونەکانی ئەوان لە بۆچوونی ئیسلامەوە دوورە، چونکە موسوڵمانێکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەپارێز ناکرێت وەکوو تیرۆریستێک پۆلێن بکرێت، هەر کەسێک پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت بە بێباوەڕ لەقەڵەم دەدرێت، لەبەر ئەوەی ئەمجۆرە کەسە زیانی لە سوودی زیاترە بۆ ئیسلام."

د.موسڵیح ئێروانی، مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک پێیوایە چاوکرانەوە بەرامبەر بە ئیسلام پرۆسەیەکە لێکەوتەی ئەو بزووتنەوانەیە کە لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا هەموو فۆرمێک لە ئایینی رێکخراو و بەدامەزراوەییکراو رەتدەکەنەوە.

ئێروانی لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر لە روانگەیەکی سۆسیۆلۆجیانە سەیری بکەین، ئەوە زۆرینەی خەڵک خەریکە باوەڕی ئایینیی خۆیان لەدەستدەدەن، هەندێک توخم و بنەمای ئایینی هەن کە خەڵک چیدی بڕوای پێیان نییە، ئەمە گۆڕانێکە کە بە درێژایی زەمەن روویداوە."

د.ئێروانی پێیوایە لە رەوتی پەرەسەندنی ئاییندا شتێکی زۆر سروشتییە کە باوەڕی ئایینی وردە وردە کاڵ ببێتەوە. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "راستە خەڵکانێک واز لە باوەڕە ئاینییەکانیان دەهێنن، بەڵام دواتر رووناکەنە ئاینێکی دیکە، ئەوان دەیانەوێت بە یەکجاری دەست لە ئایین هەڵگرن، یانیش ئەوەتا لە هەندێک رووەوە کە چیدیکە باوەڕیان پێی نییە باوەڕە ئاینییەکانی خۆیان نەرمتر بکەنەوە. خەڵک خەریکە مێشکی خۆی ساف دەکات و دەڵێت راستە موسوڵمانم، بەڵام باوەڕم بە فڵانە و فڵانە شت نییە."

د.موسڵیح ئێروانی بۆ روونترکردنەوەی زیاتری ئەمە کۆنتڕۆڵکردنی زاوزێ وەکوو نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "30 ساڵ پێش ئێستا خەڵک نەیدەویست زاوزێ کۆنترۆڵ بکات، چونکە پێیانوابوو گوناهە، بەڵام ئەوەتا ئێستا دەیکەن و وەکوو شتێکی دژی ئایینەکەی خۆیان نایبینن. ئەمەش گۆڕانێکە لە باوەڕی ئایینی خەڵکدا روویداوە".

د.ئێروانی هاوڕایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە سەرهەڵدانی داعش هۆکارێکی سەرەکیی پێداچوونەوەی خەڵک بووە بە بڕوای ئاینیی خۆیان "داعش کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی هەندێک خەڵک هەر هیچ نەبێت بە هەست و سۆزی ئاینیی خۆیان و لایەنگریی خۆیاندا بۆ ئایین بچنەوە. بە بۆچوونی خەڵک بیروباوەڕی ئایینی وەکوو خوێ وایە، ئەگەر لەڕادەبەدەر بەکاربهێنرێت کار لە تەندروستی دەکات، واتە بۆ تەندروستی خراپە."

نەجم رەخنە لە سەرکردە و کەسایەتییە ئاینییەکان دەگرێت کە لە لایەکەوە بوونەتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی توندڕەوی و لەلایەکی دیکەشەوە وایانکردووە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک پشت لە ئیسلام بکەن.

بەڵام سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی لەگەڵ ئەو قسەیە نییە و پێیوایە ئەکادیمیستەکان و زانایانی ئاینی رۆڵی خۆیان بینیوە لەوەی ئاستی هۆشیاریی گەنج بەرز بکەنەوە و لە ئایدیۆلۆژیای داعش دووریان بخەنەوە.

هەندێک پێیانوایە چارەسەری ئەم کێشەیە بەوە دەکرێت کە نوسخەیەکی کوردیی لە ئیسلام دابهێنرێ، مەریوان نەقشبەندیش ئاشکرای دەکات کە ئەمە بەشێکە لە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی.

نەقشبەندی لەو رووەوە دەڵێت "ژمارەیەک ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی هێنراونەتە ناو کوردستانەوە، بەڵام ئەمانە نوێنەرایەتی ئیسلامی راستەقینە ناکەن، ئەو ئایدیۆلۆژییە رادیکاڵەی ئەوان لەگەڵ کولتووری لێبووردەیی کۆمەڵگای کوردیدا یەک ناگرێتەوە، بۆ نموونە بەر لە 1991 شتێک بە ناوی سەلەفیەت لە کوردستان نەبوو. ئەوکات تەسەوف هەبوو کە خەڵکی لەسەر شێوازێکی میانڕەوانە پەروەردە دەکرد."

ئیسلام رەگوڕیشەیەکی بەهێزی لە کوردستاندا هەیە، ئەمە تەنانەت بۆچوونی ئەو کەسانەشە کە باوەڕیان بە ئیسلام نییە، لەبەر ئەوەی ئیسلام لە ژیانی رۆژانەیاندا رۆڵی خۆی دەگێڕێت، بەڵام کەسانێکی وەکوو محەممەد، کە لەناو خێزانێکی ئایینیشدا گەورە بووە و باوکیشی ئیمامە، پێیوایە شتێکی لەسەر ئایین بۆ ئاشکرا بووە "گەیشتبوومە خاڵێک و دەبووایە بڕیار بدەم، دەمگوت ئەمە ناکرێت ئایینی من بێت، لەو کاتەدا بوو کە گوتم ئەمە ئایینی من نییە و لەڕاستیدا هەرگیزیش ئایینی من نەبووە."



## بازرگانانی کەرکووک لە تۆرینۆن

**رووداو- کەرکوک**

وەفدێکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی و شارەوانی کەرکووک سەردانی شاری تۆرینێۆی ئیتاڵیایان کردووە، بڕیارە چەند یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ بازرگانانی ئەو وڵاتە واژۆ بکەن. سەباحەدین ساڵحی، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2016/2/14 بە یاوەری سەردار عەلی بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکووک ،سەردانی شاری تۆرینۆیان کردووە بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ژووری بازرگانی و پیشەسازی و شارەوانی ئەو شارە. ناوبراو گوتی "دەمانەوێت پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان کەرکووک و تۆرینۆ زیاتر بەرەو پێش ببەین و چەند یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیش لەنێوان هەردوولادا واژوو بکەین".

# بەغدا جووتیارانی کوردستانی تۆقاندووە

### بەڕێوەبەری گشتیی پلانان لە وەزارەتی بازرگانی:
### ئەگەر بەغدا گەنمی جووتیارانی کوردستان نەکڕێتەوە، خۆمان دەیکڕینەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەگەر بەغدا گەنمی جووتیارانی کوردستان نەکڕێتەوە، جووتیاران تووشی زیانی گەورە دەبن، چونکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە رەنگە هەرێمی کوردستان نەتوانێ بەرهەمی جووتیاران بکڕێتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا رووبەری چێنراوی گەنم لە هەرێمی کوردستان لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 56 هەزار دۆنم زیاد بووە. بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵیش هۆکارەکەی بۆ مسۆگەریی کڕینەوەی گەنم لەلایەن بەغداوە بە نرخی پاڵپشت دەگەڕێننەوە، بۆیە لە ئەگەری نەکڕینەوەی گەنمی جووتیارانی کوردستاندا لەلایەن بەغداوە، رەنگە ساڵی داهاتوو جووتیاران روو لە چاندنی گەنم نەکەن.

سوار عەزیز، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەڵێت "تاوەکو ئێستا بەغدا بە فەرمی رایانەگەیاندووە کە گەنمی جووتیارانی کوردستان بۆ ساڵی 2016 ناکڕێتەوە، پەیوەندیمان پێوە کردوون و دەڵێن بڕیاری لەو شێوەیەیان نییە، بەڵام تاوتوێی ئەگەری نەکڕینەوەی گەنمی جووتیارانی کوردستانمان کردووە، راپۆرتێکیشمان لەو بارەیەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە".

سوار عەزیز، هیوادارە بەغدا بڕیارە مەترسیدارەکە نەدات و دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە رەنگە هەولێر وەک بەغدا نەتوانێ بەنرخی پاڵپشت تەواوی گەنمی جووتیارانی کوردستان بکڕێتەوە، بۆیە وەرنەگرتنی گەنم لەلایەن بەغداوە بەزیانی جووتیاران تەواو دەبێ".

بەغدا 768 ملیار دینار پارەی دوو ساڵی رابردووی گەنمی جووتیارانی کوردستانی لەلایە و نەیداوە، لە کاتێکدا وەرزی دروێنە نزیک دەبێتەوە.

ئەحمەد حاجی رەشید، بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، پێشتر بە (رووداو)ی گوتبوو "رەنگە ساڵی 2016 بەغدا گەنمی جووتیارانی کوردستان وەرنەگرێ و یەک دیناریشمان بۆ نەنێرێ". هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەغدا داوا دەکات وەزارەتی کشتوکاڵی کوردستان پلانی کشتوکاڵی خۆی رەوانەی بەغدا بکات و رێگەش بدات لێژنەیەک لە بەغداوە بێتە کوردستان بۆ پشکنینی گەنم، چونکە ئەوان گومانیان هەیە گەنمی هۆڵەندی تێکەڵ بەو گەنمە کرابێ کە رەوانەی بەغدا دەکرێ.

سوار عەزیز دەڵێت "رەنگە گومانەکە بەهۆی زیادبوونی بەرهەمی گەنمی جووتیارانی کوردستانەوە بێ، چونکە ساڵی رابردوو سێ ملیۆن و 200 هەزار تۆن گەنم لە جووتیاران وەرگیراوە کە 912 تۆنی هی جووتیارانی کوردستان بووە، ئەگەرنا تاوەکو ئێستا لێژنەکانی پشکنین هیچ گەنمێکی بیانییان لە سایلۆکانی کوردستان نەدۆزیوەتەوە".

گوتیشی "بۆ رەواندنەوەی ئەم گومانانە ئامادەین پێشوازی لە هەر لێژنەیەک بکەین کە لە بەغداوە بێت".

خەرجنەکردنی پارەی گەنم لەلایەن بەغداوە جووتیارانی نیگەران کردووە.

عەلی قادر، جووتیارێکی پارێزگای هەولێرە، ساڵی رابردوو 257 تۆن گەنمی تەسلیمی سایلۆی هەولێر کردووە، بەڵام تا ئێستا پارەکەی وەرنەگرتووە کە 210 ملیۆن دینارە.

عەلی قادر ئەمساڵیش 650 دۆنم زەوی داچاندووە، هەرچەندە هێشتا وەرزی دروێنە نەهاتووە بەڵام ترسی لەوە هەیە تووشی زیانی زۆر بێت و دەڵێت "ئەگەر بەغدا گەنمەکە وەرنەگرێت، زەرەرێکی زۆر دەکەین، چونکە رەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ تەواوی گەنمی جووتیاران بە نرخی پاڵپشت بکڕێتەوە و بازرگانەکانیش بەنیوە نرخ لێمان دەکڕن".

سەبارەت بەهۆکاری نەدانی پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان لەلایەن بەغداوە، سوار عەزیز دەڵێت "بەغدا تائێستا نەیگوتووە ئەو پارەیە نانێرێ، بەڵام کەم کەمە پارەکە رەوانە دەکات، بۆیە لەوانەیە دواکەوتنی ئەو پارەیە تاوەکو دوای دروێنەی ئەمساڵیش درێژە بکێشێ".

بۆ دابەشکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 600 هەزار تۆن گەنمە، ساڵی رابردووش سایلۆکانی کوردستان 912 هەزار و 626 تۆن گەنمی جووتیارانی کوردستانیان وەرگرت، بڕێک گەنمی ساڵی پێشتریش مابوو، بۆیە هێشتا بڕێکی زۆر گەنم لە سایلۆکانی کوردستاندا ماوە.

سوار عەزیز دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا پلانی بۆ وەرگرتنی بڕی گەنم و نرخەکەی دانەناوە، بەڵام هەرکاتێک بۆمان دەرکەوت بەغدا نیازی کڕینی نییە، بەپێی توانای دارایی هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر بڕی وەرگیراو و نرخەکەی دەدەین. رەنگە بەهۆی قەیرانی دارایی حکومەت تەنیا بڕی پێویستی ساڵێک گەنم لە جووتیاران بکڕێتەوە".

#### "گەنمی هۆڵەندیمان نییە"

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون و گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، رەتیکردەوە گەنمی هۆڵەندی لە سایلۆکانی کوردستاندا هەبێت و گوتی "یەک دەنک گەنمی هۆڵەندی لەکوردستان نییە، چونکە گەنمی هۆڵەندیمان هاوردە نەکردووە و ئەو گومانەی بەغدا لەجێی خۆیدا نییە، لەوانەیە ئەمە بیانوویەک بێت بۆ وەرنەگرتنی گەنمی جووتیارانی کوردستان". هەرچەند پلانی کڕینەوەی گەنم و دانانی نرخەکەی لەئەستۆی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە، بەڵام د.ئەنوەر عومەر، وەک شارەزایەک لەم بوارە دوو پێشنیاز دەخاتەڕوو، یەکەم: حکومەت گەنمی جووتیاران بە نرخێکی کەمتر لەبەغدا بکڕێتەوە و بۆ ساخکردنەوەی بەشێکی لەناوخۆدا، هاوردەی ئارد رابگرێت. ئەو بەشەشی کە دەمێنێتەوە هەناردەی بکات. دووەم: کڕینەوەی گەنم بدرێتە کەرتی تایبەت یان هاوبەش، ئەوکات جووتیار زووتر گەنمەکەی رادەستی سایلۆ دەکات و پارەکەشی زووتر دەست دەکەوێت، لە ئەگەری کەمبوونی نرخەکەش حکومەت لەڕێگەی دانانی بودجەیەک لە ئیعاناتی کشتوکاڵی نرخەکە هاوسەنگ بکات.


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## بازرگانان ناچار دەکرێن 10%ی بەرهەمەکەی بکڕنەوە

# کارگەیەکی رۆنی گوڵەبەڕۆژە و رۆنی ئاژەڵ لە هەولێر دادەمەزرێت

### خاوەنی کارگەکە: گرێبەستم لەگەڵ 20 جووتیار کردووە گوڵەبەڕۆژەم بۆ بچێنن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی حەسەن عەلی سەرکەوتوو بوو لە پرۆژەی بەخێوکردنی نەعامە، ئێستا خەریکی دانانی کارگەیەکە بۆ دروستکردنی زەیتی گوڵەبەڕۆژە و رۆنی ئاژەڵ. وەزارەتی کشتوکاڵیش بەڵێنی پێداوە کە بازرگانانی زەیت ناچار بکات 10%ی بەرهەمەکەی بکڕنەوە.

پرۆژەکەی حەسەن عەلی لە سنووری گوندی گردەسوورە لە ناحیەی قوشتەپە و لەسەر رووبەری 28 دۆنم زەوی دامەزراوە. حەسەن کە ساڵی 2013 لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی وەرگرتووە، بە هێنانی 240 نەعامەی دایکانە لە جۆری EMUی ئوسترالی و 500 هێلکەی ئەفریقی دەستی بەو پرۆژەیە کرد، لە رێگەی چەند هەڵهێنەرێکیشەوە پەرەی بە نەعامەکان دا. ئێستا 240 دایکانەی ئوسترالی و 140 دایکانەی ئەفریقی و 60 دانە بەچکەی یەک ساڵیی ئەفریقی هەیە.

حەسەن عەلی رەحمان، خاوەنی پرۆژەی MCA بۆ بەخێوکردنی نەعامە دەڵێت "ساڵی رابردوو 600 بەچکەی ئەفریقی و ئوسترالی و 40 دانە دایکانەی نەعامەم بەخاوەن کێڵگەکانی کوردستان فرۆشت، لە رێگەی بەرهەمی کێڵگەکەشم دوو پرۆژەی دیکە لە سنووری سلێمانی و گەرمیان دامەزراوە".

هەر ساڵی رابردوو 11 تۆن گۆشتی نەعامە و 100 بوتڵی 25-50 گرامیی زەیتی نەعامە و 100 هێلکەی نەعامەی فرۆشتووە.

بۆ فراوانکردنی پرۆژەکەشی 500 نەعامەی دایکانەی ئەفریقی و کارگەیەکی دروستکردنی بەرهەمەکانی پێستی نەعامەی کڕیوە کە لەدوو هەفتەی داهاتوودا دەگاتە هەولێر.

حەسەن دەڵێت "بەگەیشتنی کارگەکە، لەپلانمداندایە مانگانە 2500 پارچە لە پێڵاو، قایش، جانتای پارەی ژنان و پیاوان و چەندین بەرهەمی دیکەی چەرمی نەعامە بخەینە بازاڕەوە".

هەروەها کارگەیەکی دەرهێنانی زەیتیشی بەڕێگاوەیە کە لە کاژێرێکدا 3000 لیتر زەیتی ئاژەڵ و رووەکی بەرهەم دێنێ.

حەسەن دەڵێت "دوای گەیشتن و دامەزراندنی کارگەکە، لەپلانمدایە مانگانە وەک قۆناغی یەکەم 10 تۆن زەیتی ئاژەڵی بەرهەم بهێنین، ئەگەر خواستی زۆر لەسەر بوو بۆ 20 تۆن زیادی دەکەین".

حەسەن بۆ دەستکەوتنی ئەو رۆنە پشت بەکوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستێ کە ئێستا بەهۆی نەبوونی کارگەوە سوودی لێ نابینرێت و زۆربەی فڕێ دەدرێت.

بەنیازە هەر لەو کارگەیەدا زەیتی گوڵەبەڕۆژەش بەرهەم بهێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ 20 جووتیاری سنووری قەزای رانیە گرێبەستی کردووە کە تۆوی گوڵەبەڕۆژەیان بۆ دابین بکات و ئەوانیش رووبەری 1500 دۆنم گوڵەبەڕۆژەی بۆ بچێنن و بەرهەمەکەی پێ بفرۆشن.

حەسەن عەلی گوتی "تا بەرهەمی ئەو جووتیارانە پێدەگات، لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی گرێبەستم کردووە کە 400 تۆن هەویری گوڵەبەڕۆژەم بۆ بهێنێ و لە داهاتوویەکی نزیکدا 3500 لیتر زەیتی گوڵەبەڕۆژە دەخەمە بازاڕەوە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە زیاتر لە 82 ملیۆن لیتر زەیتە کە ئێستا بۆ دابینکردنی بەشی زۆری پشت بەهاوردە و ئەو بەشە زەیتە دەبەستێت کە لە رێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە دابەش دەکرێن.

حەسەن عەلی بەڵێنی بە وەزارەتی کشتوکاڵ داوە کە زەیتی ئاژەڵی و رووەکیی کارگەکەی بە کواڵێتییەکی بەرز و بەنرخێکی گونجاو بخاتە بازاڕەوە، ئەوانیش لەبەرامبەردا بەڵێنیان پێداوە رێ بە هیچ بازرگانێک نەدەن زەیت هاوردە دەکات، تەنیا بەو مەرجە نەبێت کە 10%ی بەرهەمی کارگەکەی ئەو بکڕنەوە. حەسەن گوتی "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکار بن لە بەبازاڕکردنی بەرهەمی کارگەکەم، دەتوانم مانگانە 2600 تۆن زەیتی گوڵەبەڕۆژە بخەمە بازاڕ". د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "ئەگەر پرۆژەی MCA بۆ بەخێوکردنی نەعامە پەرەی پێبدرێت، دەتوانێت پێداویستی هەرێمی کوردستان لە گۆشت و رۆن و بەرهەمەکانی پێستەی نەعامە پڕبکاتەوە، بۆیە بە یەکێک لەو پێنج پرۆژە ستراتیژییە دانراوە کە وەزارەت بە پێدانی قەرز بەنیازە پاڵپشتییان بکات".

نەعامە لە هەردوو وەرزی بەهار و پایزدا بە هێلکە دێت و هەر سێ رۆژ جارێک هێلکەیەک دەکات و ژمارەی هێلکەکانی دەگاتە نزیکەی 40 هێلکە لە وەرزێکدا. نەعامە لە هێلکەوە تاوەکو دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن بۆ سەربڕین، پێویستی بە 10 مانگ بەخێوکردن هەیە، دوای ئەم ماوەیە هەر نەعامەیەک نزیکەی 50 کیلۆ گۆشت، 5 کیلۆ رۆن، 1.5 مەتر پێست، 2-3 کیلۆ پەڕ بەرهەم دەدات.

حەسەن پێشبینی دەکات بەرهەمی هێلکەی نەعامەکانی هەشت هەزار هێلکە بێت و گوتی "نەعامە ئەفریقییەکانم لەو مانگەوە تاوەکو مانگی حوزەیران هێلکە دەکەن، بەرهەمیان بە لانیکەم نزیکەی پێنج هەزار هێلکە دەبێت. ئوستراڵیەکانیش لە مانگی نۆ تاوەکو 11 هێلکە دەکەن، لەو ماوەیەدا نزیکەی 3000 هێلکە دەکەن".




**عومەر ئەحمەد**

## پێویستمان بە سوپەرمانەکەی نیچەیە

نیچە، فەیلەسووفی ئەڵمانی لە کتێبی "ئاوابوونی بتەکان"دا دەڵێت "ئەو شتەی نەمکوژێت بەهێزترم دەکات". بێگومان ئەم قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی بووەتەوە، ئەگەر بتوانێ لێی دەرباز بێت، ئەوا بەهێزتری دەکات.

قەیرانی دارایی کە دوای دابەزینی نرخی نەوت پەیدا بووە، چۆکی هەرێمی کوردستانی بە عەرزدا داوە.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان جدییەتی خۆیان لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە و چاکسازیی راستەقینەی ئابووریدا بسەلمێنن، ئەوا دەتوانن ئەم چەند ساڵی داهاتووەی لێوانلێو لە قەیران تێپەڕێنن و بۆ 10 ساڵی داهاتوو بناغەیەکی ئابووریی بەهێز بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن.

هەرچەندە ئەو چارەسەرانە ئێستا لەبەر ناچارییە، بەڵام ئەگەر ریشەیی بکرێن، دەتوانێت سیستەمێکی رێکوپێکی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان بەدی بهێنێ. بچووککردنەوەی حوکمەت و رێکخستنی کەرتی دارایی و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لە بوارە جیاجیاکانی وەک پیشەسازی، بازرگانی و کشتوکاڵ و بانکەکان دەتوانێت ئابوورییەکی جێگیر لە یەک دەیەی داهاتوودا بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە بەڕێوەبردنی چەندن سیمینار و کۆنفرانس و وۆرکشۆپ کە لەم رۆژانەدا هێندە زیادبوون، خودی ئەو کۆبوونەوە و کۆنفرانسانە دەتوانن ببنە کێشە نەک چارەسەر. ئاخر ئامانج لەم هەموو کۆنفرانس و کۆبوونەوەیە چییە کە هیچ نەبێت بەڕێوەبردنیان پارەی دەوێت و رەنگە بۆ ماوەی دوو ساڵی داهاتوو درێژە بکێشن، لەکاتێکدا رەنگە هەر ئەو دوو ساڵەمان زەحمەت بێ! قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بە کۆڕ و کۆبوونەوە و وۆرکشۆپ چارەسەر ناکرێت، تەنیا بە ئیرادەیەکی بەهێز چارەسەر دەکرێت کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت ئامادەییان تێدا بێت تەنانەت خۆیان بکەنە قوربانی ئەگەر پێویست بکات.

لەڕاستیدا چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری تەنیا گرووپێکی بەهێز و بچووکی تێپەڕاندنی قەیرانی پێویستە کە ئەندامانی هەموو ئابووریناسی نوخبە بن و بەبێ گوێدانە ئەوەی بڕیارەکانیان چەندە هەندێ کەسی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند تووڕە دەکات، دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت بەسەر حکومەتدابیانسەپێنن.

لە تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی و ئابووریی وڵاتانی دیکەدا ئەگەر بە وردی بڕوانین، تەنیا ئەوانە فریادڕەس و رزگاریبەخش بوون کە نوخبەیەکی ئابووریناس بوون. ئیتر پێویست ناکات لەبەر ئەو هەموو کۆبوونەوە و کۆنفرانسە بابەتە سەرەکییەکە کە چاکسازی و سکەڵگۆشینی ئابوورییە، لەبیر بچێت و ون بکرێت. ئەم قەیرانە پێویستی بە سوپەرمانەکەی نیچە هەیە نەک ئەو کەسانەی کە لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپەکان ئامادەن و تێگەیشتنێکی رووکەشیان بۆ رووداوە ئابوورییەکان هەیە.

لە ئەمریکا لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ساڵی 2008، بێن بێرنانکی سەرۆکی ئەوسای بانکی ناوەندیی ئەمریکا وەک سوپەرمانەکەی نیچە رۆڵی خۆی گێڕاو بووە رزگارکەری ئابووریی ئەمریکا، بە چەشنێک کە دوای حەوت ساڵ لە تێپەڕینی بڕیارە بوێرەکانی، ئابووریی ئەو وڵاتە لە سستی دەرچوو، ئێستاش بە پێچەوانەی ئابووریی ئەورووپا و ئاسیا ئاراستەی بەرەو گەشەکردن گۆڕاوە.


لە یۆنانیش "ئەلەکسیس سیپراس"، سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی پێشوو "یانیس ڤارۆفاکیس" ئەم رۆڵەیان گێڕا، کەس نازانێت لە هەرێمی کوردستان کێ ئەو رۆڵە دەگێڕێت.

خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت بزانن سوپەرمانەکەیان لەم قەیرانەدا کێیە. تا ئێستا پاڵەوانێکی بە دەسەڵات نەهاتووە بە خەڵک بڵێت "ئەوا خەریکم لەم قەیرانە رزگارتان دەکەم".

حەقوایە کەسێک لەم کاتەدا بێت و خەمی ئەم رەوشەی ئێستا بخوات.

## ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی دادەبەزێت

# چین ئاهێک بەبەر بازاڕی نەوتدا دێنێتەوە



ڕووداو- Wall Street Journal

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چین وەکوو بەکارهێنەرێکی سەرەکی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بازاڕەکانی نەوت و وزەی جیهانیدا بینیوە، بەڵام ئەمجارەیان وەکوو بەرهەمهێنەرێکیش سەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

چین پێنجەم بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا، بەڵام کێڵگە نەوتییەکانی ئەم وڵاتە خەریکە وشک دەبن و تێچوونی دەرهێنانی نەوتەکەیان بەرزتر دەبێتەوە. کۆمپانیا سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە لەم قۆناغەدا بڕیاریان داوە نەوتێکی کەمتر دەربهێنن و هەندێک لە شرۆڤەکارانی بەرهەمهێنانی نەوتیش پێیانوایە چین توانای بەرهەمهێنانی لەمە زیاتری نەماوە.

کۆمپانیای نەوت و پیشەسازی کیمیایی چین کە بە "Sinopec" ناسراوە، هەفتەی پێشوو ڕایگەیاند کە ئاستی بەرهەمهێنانی ئەم کۆمپانیایە لەساڵی 2015دا بە ڕێژەی 5% دابەزیوە. کۆمپانیای حکومیی "PetroChina"یش کە ڕکابەری سەرەکیی سینۆپێکە، ڕایگەیاندووە دەرهێنانی نەوتی ئەم کۆمپانیایە لە نۆ مانگی یەکەمی 2015دا بە ڕێژەی 1.5% دابەزیوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی دەزگای (Energy Aspect) نزیکەی 75%ی کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی چین لەلایەن ئەم دوو کۆمپانیایەوەیە، کۆمپانیای "Cnooc Ltd"یش کە سێیەم بەرهەمهێنەری نەوتی چینە، لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە چاوەڕێ دەکەن لە ساڵی 2016دا بەرهەمهێنانی نەوتی ئەم کۆمپانیایە بە ڕێژەی 5% دابەزێت.

دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی چین دەکرێت هەواڵێکی خۆش بێت بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت ئاستی داواکاریی پەکین لەسەر نەوت بە جێگیری بمێنێتەوە، هەروەها لە کاتێکیشدا کە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا و دابەزینی بەرچاوی ئاستی داواکاری، نرخی نەوت دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

پیتەر لی، شرۆڤەکار لە دەزگای توێژینەوەی "BMI" لەبارەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە چین و هەڵوێستی چاوەڕوانکراوی کۆمپانیا چینییەکانی بەرهەمهێنەری نەوت، دەڵێت "چین بەڕوونی دەزانێت ئاستی نەوتی دابەزیوە و هاوردەکردنی نەوت لە بەرهەمهێنانەکەی هەرزانتر دەکەوێت لەسەریان."

لە چەند مانگی ڕابردوودا بازاڕەکانی نەوت فۆکسیان لەسەر ئەمریکا، ڕووسیا و وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هەناردەکاری نەوت (Opec) بووە، بازرگانەکانی نەوتیش چاوەڕێ دەکەن یەکێک لەم سێ لایەنە ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی کەم بکاتەوە و یارمەتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بدات. لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا، وڵاتە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان بە ڕێژەیەکی یەکجار کەم ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی خۆیان کەم کردووەتەوە، بەڵام شرۆڤەکارانی بواری پیشەسازیی نەوت پێیانوایە ئاستی دەرهێنانی نەوت لە 2016دا دەشێت بە بڕی ڕۆژانە 100 بۆ 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزێت.

بەپێی داتاکانی حکومەتی چین، ئاستی دەرهێنانی نەوتی چین لە ساڵی 2015دا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردبوو کە هەندێکجار هەتا 4.3 ملیۆن بەرمیل لە یەک ڕۆژدا بەرز دەبووەوە. بەرهەمهێنانی نەوتی چین پێشتریش تووشی دابەزین ببوو، بەڵام شارەزایانی بواری نەوت گومانیان هەیە چین بەم زووانە بتوانێت جارێکی دیکە ئاستی بەرهەمهێنانی بەرزبکاتەوە، لەبەر ئەوەی وەبەرهێنان لە بواری کەرتی نەوتی ناوخۆییدا کەمی کردووە. کۆمپانیای Cnooc ڕایگەیاندووە کە ڕێژەی خەرجییەکانی لە چاو ساڵی پار 40% کەم دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە کێڵگە نەوتییەکانی چین زۆر کۆنن، لە کاتێکدا زۆربەیان لە ساڵانی هەشتاکاندا دۆزراونەتەوە و پاراستنیان پارەیەکی زۆری دەوێت.

تێچوونی بەرهەمهێنان لە هەندێک لە کێڵگەکانی چین 40 دۆلار بۆ یەک بەرمیلە، ئەمەش 10 دۆلار لە نرخی هەر بەرمیلێکی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا زیاترە. گۆردن کوان، شارەزایەکی بواری بەرهەمهێنانی نەوت دەڵێت "لە ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگەکان بەرهەمهێنانی نەوت نەک هەر قازانجی نییە، بگرە تێچوونەکەی لە داهاتەکەی زیاترە، ئەمەش دەشێت چین بە قۆناغی دابەزینی بەرهەمهێنانی سەرانسەریدا بەرێت."

ئاژانسی وزەی جیهانی بە دووری دەزانێت دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە چین بەس بێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هاوسەنگی بۆ نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بگەڕێنێتەوە، لەبەر ئەوەی چاوەڕێ دەکرێت ئاستی دابینکردنی نەوت لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا بە ڕێژەی 1.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕادەی پێویستییەکانی بازاڕ زیاتر بێت.

بەڵام دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوتی چین دەشێت کاریگەری لەسەر ئاستی داواکاری لە بازاڕەکانی نەوتی جیهان دابنێت. چاوەڕێ دەکرێت چین بۆ پڕکردنەوەی ئەو دابەزینە، ڕوو لە وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت بکات و بەمەش بەشێک لەو گوشارە لەسەر بازاڕی نەوتی جیهان کەم بکاتەوە کە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دروستیان کردووە.

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین پێشبینی دەکات ئاستی داواکاریی چین لەسەر نەوتی وڵاتانی دیکە هەتا 62% بەرز ببێتەوە. ئەگەرچی لە چەند ساڵی ڕابردوودا چین پلانی دانابوو پشتبەستن بە نەوتی بیانی کەم بکاتەوە، بەڵام کۆمپانیاکانی بازرگانیی نەوت لەم ڕەوشەی ئێستادا زیاتر پەنایان بۆ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری بەرهەمهێنانی نەوت بردووە.


چاوەڕێ دەکرێت حکومەتی چینیش لە داهاتوودا پێی خراپ نەبێ نەوتی هەرزان لە دەرەوەی چین بکڕێت و نەوتی وڵاتەکەی خۆی پاشەکەوت بکات، ئەگەرچی کۆمەڵێک بەربەستی یاساییشی بۆ ئەو کۆمپانیایانە داناوە کە بە نیازن ئاستی بەرهەمهێنانیان کەم بکەنەوە.

دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووریی چین لە پاڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان کاریگەریی بەرچاوی لەسەر دابەزینی بەهای نەوت بە ڕێژەی 75% لە ماوەی یەکساڵ و نیوی ڕابردوودا هەبووە. ئاژانسی وزەی جیهانی پێشبینی دەکات هەتا ساڵی 2020 بڕی داواکاریی چین لەسەر نەوت زیاتر لە 3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزببێتەوە. ئەمە جگە لەوەی بە گوێرەی هەمان ئاژانس هەتا ساڵی 2020 ئاستی داواکاریی هیندستان لەسەر نەوت بە ڕێژەی 2 ملیۆن بەرمیل هەڵکشان بە خۆیەوە ببینێ.


### دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوت لە چین:

**لە 2016دا بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە چین دادەبەزێت و وەبەرهێنانیش لەم کەرتەدا دابەزینی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.**

بەرهەمهێنانی نەوتی چین بەپێی ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا




بڕی وەبەرهێنانی سێ کۆمپانیای سەرەکیی نەوتی چین




# ناکۆکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئۆپێک قووڵتر دەبنەوە




ڕووداو- ستراتفۆر

مانگی ڕابردوو نرخی نەوت ڕیکۆردێکی دیکەی دابەزینی تۆمار کرد، زلهێزەکانی بەرهەمهێنانی نەوتیش نەیانتوانیوە لەسەر کاردانەوەیەکی گونجاو ڕێکبکەون. ئۆلیگیۆ دێل پینۆ، وەزیری نەوتی ڤەنزوێلا لە سەرەتای ئەم مانگەدا بۆ ماوەی هەفتەیەک سەردانی وڵاتە جیاوازەکانی بەرهەمهێنەری نەوتی کرد، بەڵام دواجار بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە کاراکاس. ئامانجی دێل پینۆ لەم سەردانانە ئەوە بوو کۆبوونەوەیەک لەنێوان وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێکدا ڕێکبخات، بەڵکو لەو کۆبوونەوەیەدا باسی هەماهەنگی پێویست بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بکەن. شکستی هەوڵەکانی ڤەنزوێلا بەڵگەیە بۆ ئەوەی وڵاتانی کەنداوی ئەندام لە ئۆپێک سوورن لەسەر ئەوەی شوێنی خۆیان لە بازاڕی نەوتدا بە هیچ لایەنێکی دیکە نەدەن. لە نۆڤەمبەری 2014ەوە سعودیە و هاوپەیمانەکانی ڕایانگەیاندووە کە بازاڕی نەوت دەبێت خۆی خۆی ڕاست بکاتەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سعودیە و هاوپەیمانەکانی لەنێو ئۆپێکدا ئەو دەسەڵاتەی جارانیان لە بازاڕی نەوتدا لەدەستداوە، سعودیە بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی خۆی بە دوو شێوازی جیاواز مامەڵەی کردووە:

یەکەمیان ئەوە بووە کە یەدەگە زەبەلاحەکەی خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەساتەوەختی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا، ئەو بۆشاییە بۆ وڵاتانی جیهان پڕبکاتەوە، بۆ نموونە لە ماوەی جەنگی یەکەمی عێراقدا لە سەرەتای نەوەتەکان، سعودیە ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە کە لەلایەن کوێت و عێراقەوە دروستکرابوو، بەمەش پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا باشتر کرد. دووەم: لە کاتی دابەزینی بەهای نەوتدا، سعودیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەر ڕێژەی دەرهێنانی نەوتی دادەبەزاند.

لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بازاڕی نەوت چوار شۆکی گەورەی بینیوە کە لە سێیاندا سعودیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەدا کاری کردووە: لە کاتی قەیرانی دارایی ئاسیا لە 1997، هەروەها دوای 11ی سێپتەمبەر و دواتریش لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی جیهانی.

بەڵام شۆکەکەی ئەمجارەیان جیاوازە لەو سێ حاڵەتەی لەسەرەوە باسیان لێوەکرا، لەبەر ئەوەی ڕەگوڕیشەی ئەوان لەناو قەیرانی ئابووری و بازرگانیی جیهانیدا بوو، بەڵام لە شۆکەکەی ئەمجارەیاندا نەوتی شەیلیش هاتووەتە سەر خەت، هەربۆیە ڕێککەوتن لەسەر کاردانەوەیەکی گونجاو وەکوو جاران ئاسان نییە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە لە مانگی ئۆکتۆبەری 2015ەوە ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوتی باکووری ئەمریکا هەتا 9.2 ملیۆن بەرمیل لە یەک ڕۆژدا چووە.

وڵاتانی کەنداو لەبەرامبەردا ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەتی ئەوان ئەوەیە لەسەر ئەم ڕەوتەی ئێستا بەردەوام بن، گەشبینیشن بەوەی لە 2017دا دەتوانن بەری ئەم سیاسەتەی خۆیان دروێنە بکەن، بەڵام شارەزایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بۆ ئەوەی ئەم پێشبینییە بەبێ دابەزاندنی بەرچاوی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک وەدی بێت، پێویستە بەرهەمهێنانی نەوتی باکووری ئەمریکا بوەستێ.

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت ئەوە بووە، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کێشەی جیاوازیان هەیە، هەر بۆیەش ئەگەرچی هەندێک لە وڵاتان داوای کەمکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان دەکەن، وڵاتانێکی دیکە هەن کە سوورن لەسەر ئەوەی درێژە بە ڕەوتی ئێستایان بدەن. بۆ نموونە دابەزینی نرخی نەوت لێکەوتەی سیاسی زۆر کارەساتباری بۆ کۆمەڵێک وڵاتی وەکوو ڤەنزوێلا هەبووە، هەر بۆیەش هیچ سەیر نییە کاراکاس لەناو ئۆپێکدا پێشەنگی ئەو وڵاتانەیە کە داوای کەمکردنەوەی ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت دەکەن، ڕووسیا، ئیکوادۆر، نایجیریا، جەزائیر و عێراقیش بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگیی بازاڕی نەوت تووشی کێشەی گەورە بوونەتەوە و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی بە هەماهەنگیی نێوان ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک، جارێکی دیکە نرخی نەوت بەرز بکەنەوە.

بەڵام سعودیە بەربەستی سەرەکییە لەبەردەم داواکاریی ئەم وڵاتانەدا، لە کاتێکدا ڕیاز دەبینێت عێراق ئاستی بەرهەمهێنانی یەکجار بەرزکردووەتەوە، چاوەڕێ دەکرێت ئێرانیش بەهۆی لاچوونی سزا نێودەوڵەتییەکان ئاستی بەرهەمهێنانی بەرزتر بکاتەوە، هاوکات ڕووسیاش لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا تۆڕی هەناردەکردنی نەوت و غازی خۆی فراوانتر کردووە، بە تایبەتیش کە بۆڕییە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی سیبریا و زەریای ئارام بە تەواوەتی کەوتوونەتە کار. سعودیە دەبێت لەسەر بازاڕی چین ڕکابەریی ڕووسیا بکات، لە کاتێکدا هەر ئێستاش گەورەترین فرۆشیاری نەوت بە چین هەر ڕیازە. ئەگەرچی ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپێک دەربڕیوە، ئیگۆر ساچین، سەرۆکی کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕووسیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئامادە نین هاوکاریی ئۆپێک بکەن، بەپێچەوانەوە بە نیازن هەناردەکردنی نەوتی ڕووسیا بۆ چین زیاتر بکەن.

کێشەیەکی دیکە نەبوونی متمانەیە لە نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا. سعودیە ناتوانێت متمانە بە ڕووسیا و ئێران بکات بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر ڕێککەوتنی هەماهەنگی لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا بەردەوام بن، وەکوو چۆن لەساڵی 2001دا ڕووسیا تەنیا 6 مانگ پابەند بوو بە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت. لەلایەکی دیکەوە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەناوخۆی ئۆپێکیشدا کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتیش ئەگەر مەسەلەکە بەرهەمهێنان بەپێی پشک بێت.

لەلایەکی دیکەوە، سعودیە دەبینێت ئێران دوای لادانی سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکان ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بەرزتر بکاتەوە، تەنیا لە یەک مانگی ڕابردوودا ئێران لەگەڵ کۆمپانیای تۆتالی فەرەنسی لەسەر هەناردەکردنی ڕۆژانە 160 هەزار بەرمیل نەوت بۆ ئەم کۆمپانیایە ڕێککەوتووە، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ هەر یەکە لە کۆمپانیاکانی ساراس و ئێنی ئیتاڵیاش لەسەر هەمان ڕادەی هەناردەکردنی نەوت ڕێککەوتووە. ئێران جەخت دەکاتەوە کە ئامادە نییە لە ڕادەی ئێستای هەناردەکردنی نەوتی خۆی کەم بکاتەوە، بەڵکو ئەگەر کەمیشی بکاتەوە، لەو ڕێژەیە کەم دەکاتەوە کە لە دوای لادانی سزاکان پلانی فرۆشتنی بۆ دانراوە.

ئێران و سعودیە و ڕووسیا پێکەوە چارەکێکی پێویستییە نەوتییەکانی جیهان دابین دەکەن، هاوکات بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانی باکووری ئەمریکا بە خێراییەکی زۆر لەزیادبووندایە، ئەگەر ئەم چوار لایەنە نەتوانن لەسەر کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕێکبکەون، ئەوە کۆنترۆڵی نرخی نەوت لە دەستی بازاڕی جیهانی و ڕێژەی گەشەی ئەو بازاڕەدا دەمێنێتەوە، لێرەشدا وڵاتانێکی وەکوو ڤەنزوێلا، نایجیریا و عێراق باجێکی قورس دەدەن.

## گۆرانیبێژێک بەدوای خورماڵیدا دەگەڕێت



**ڕووداو– سلێمانی**

هونەرمەند موحسـین عەبدوڵڵا دەیەوێ تێکسـتێکی ئیسماعیل خورماڵی بکاتە سروودێک بۆ پێشـمەرگە، بەڵام دەڵێت هەموو تێکستەکەی دەستنەکەوتووە و دەیەوێ خورماڵی بدۆزێتەوە تاوەکو بۆی تەواو بکات. موحسین عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نزیکەی 25 ساڵ لەمەوبەر هونەرمەند زیاد ئەسعەد سروودێکی بەنێوی (بۆ کوێ دەڕۆی) بۆ پێشمەرگە گوتووە کە هۆنراوەی ئیسماعیل خورماڵی و میلۆدی زانیاری بەرزنجییە. پێشتر گوێم لە سروودەکە بووە، لە خۆشەویستی هێزەکانی پێشمەرگە دەمەوێ بە گۆڕانکارییەوە نوێی بکەمەوە، بەڵام هۆنراوەکەی کە سێ کۆپلەیە، ئێستا تەنیا دوو کۆپلەی دیارە و دوو مانگە بەدوای ئیسماعیل خورماڵیدا دەگەڕێم تا کۆپلەکەی دیکەشی لێوەربگرم، بەڵام نایدۆزمەوە".



### ڕۆژین شەریفی بۆ (ڕووداو):

# ئەوەی شووی پێدەکەم دەمەوێ تۆزێک پیاو بێت

ڕۆژین شـەریفی، کچە ئەکتەری خەڵکـی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، تەمەنی لەنێـو کاری نوانـدن و درامادا زۆر کەمـە، بـەڵام ناوبانگی پەیدا کـردووە. ئەو بـە درامای (دووپشـک) لەنێو خەڵکدا ناسـرا، بەڵام لە چەند فیلم و درامایەکی دیکەی کوردیشـدا ڕۆڵی بینیوە، ماوەی دوو سـاڵە لە کاری هونەری دوورکەوتووەتەوە، هۆکاری ئەم دوورکەوتنەوەیەشـی لـەم هەڤپەیڤینەدا بـۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات.

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

**کۆلێژەکانی هونەر لە کوردستان ئەکادیمی نین**

**لە کاری نواندندا هیچ جۆرە سنوورێکم دانەناوە**

**ڕووداو: ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە لە سینەما دووری، هۆیەکەی چییە؟**

**ڕۆژین شەریفی:** من ئێستا قوتابی زانکۆی ئەمریکیم لە سلێمانی، بۆیە کاتم زۆر زۆر کەمە بـۆ کاری هونـەری. وەک ئاشکراشـە نوانـدن کاتێکی زۆری پێویسـتە و کاری زۆری دەوێت، من ئەو کاتەم بۆ خوێندنەکەم تەرخان کردووە، بۆیە لە هەموو کارێکی هونەری وەستام.

**ڕووداو: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە زانکۆی ئەمریکی دەیخوێنی هەسـت ناکەی زۆر لە ئارەزووەکەی خۆت دوورە؟**

**ڕۆژین شـەریفی:** من سـەرەتا حەزم دەکرد لـە کۆلێژی هونەر بخوێنم، بـەڵام دوای ئەوەی لە چەند مامۆسـتا و کەسانی پسپۆڕم پرسی، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کۆلێژەکانی هونەر لەو ئاسـتەدا نین تۆ چوار ساڵی ژیانتی بۆ تەرخان بکـەی. مـن پێموایە بـە ئەزموون ئەو شـتانە فێـر دەبیت کە لەوێش فێـری دەبیت، پێموابێ کۆلێژەکانـی هونەر لـە کوردسـتان ئەکادیمی نیـن. دوای تەواوکردنی زانکـۆ دەمەوێت بڕۆمە دەرەوەی کوردسـتان لە بواری سینەما بخوێنم. ئەگەر ئەمە نەکرا دەمەوێت لە بواری مافی مرۆڤ ماستەر بخوێنم.

**ڕووداو: لەو دراما و فیلمانەی بەشداریت تێدا کردوون لە کامیان پەشیمانی؟**

**ڕۆژین شـەریفی:** بۆ درامای دووپشک حەزم دەکرد بڵاونەبێتەوە، چونکە یەکەمین کارم بوو، زۆر دوودڵ و ڕاڕابـووم، بـەڵام کـە دواتر بینیم، دەمگوت دەکـرا جوانتر ئەم ڕۆڵـەم بینیبایە. درامـای غوربەتم زۆر خۆشـدەوێت، بەداخەوە تاوەکـو ئێسـتا بڵاونەبووەتـەوە، کێشـەی سپۆنسـەری هەیـە، لەنواندنی ئـەم درامایەدا درێغیم نەکرد، هەرچیم هەبوو لە درامای غوربەت دامناوە، بەڵام لە هیچیان پەشیمان نیم.

**ڕووداو: بـەردەوام دەرهێنـەرەکان گلەیـی دەکـەن کـە ئەکتـەرە کچـەکان ئـەوەی دەرهێنـەرەکان دەیانەوێت نایکەن، بەتایبەتی هەندێ دیمـەن کە لەنێو کۆمەڵگـەدا تابوون، تۆش لەگەڵ ئەوانە کێشەت هەیە؟**

**پڕۆژەی گەورەتر لە شووکردنم هەیە**

**ڕۆژیـن شـەریفی:** هـەر کەسـێک کەمێـک بەناوبانـگ بێـت و لەنێـو کۆمەڵـگادا بەرچاو بێت خەڵک قسەی بۆ هەڵدەبەستن، بەتایبەت ئافرەت، بەڵام مەنتقی نییە تۆ لەسـەر قسەی خەڵـکی بڕیاری ئیش و کارەکانت بدەی، من دەمەوێت شکاندنی ئەم کۆت و بەندانە هەنگاو بەهەنگاو بێ. من لە درامای دووپشـک چوومە سـەر ماتۆڕسـکیل، لە درامای دووەم باوەشم هەبووە، دواتر ماچـی ڕوومەتم هەبووە، هێدی هێـدی دەمەوێت بینەر بەم کارانە ڕابێنم، نەک لـە هەنگاوی یەکەمـەوە کاری گەورە بکەیت و دواتر بەسـەرتدا بشـکێتەوە و بینەر تووشـی شۆک بکەی، بەڕای من ئەوەی لە دراما و فیلمدا دەکرێت واقیعی ژیانی ڕۆژانەیە، بۆیە ئەگەر من نەتوانم واقیعی ژیان وەک خۆی نیشـان بدەم، کەواتە من ئەکتەر نیم.

**ڕووداو: واتە تۆ لە کاری سـینەما و درامادا هیچ سنوورێکت دانەناوە؟**

**ڕۆژین شـەریفی:** من بـۆ ماچ و باوەش هیچ سـنوورێکم دانەناوە، من کـە قبوڵم کرد ببمە ئەکتەر دەبێت ئەوەش قەبوڵ بکەم. هەرچەندە بـۆ چەنـد فیلمێـک پێیانگوتـم کـە دیمەنی دەسـتدرێژیی تێدا بـوو، بەڵام ڕەتمکـردەوە، چونکـە پێموابـوو بۆ ڕۆژین هێشـتا زووە ئەم کارانـە، دەنـا مـن هیچ سـنوورێکم لـە کاری سینەماو درامادا نییە.

**ڕووداو: ئەگـەر بەچاوێکـی گشـتی سـەیری سـینەمای کوردی بکەین، بەڕای تۆ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە یان لە شوێنی خۆی وەستاوە؟**

**سینەمای کوردی لە شوێنی خۆی وەستاوە**

**ڕۆژین شـەریفی:** من پێموایە لە شـوێنی خۆی وەستاوە، لێرەو لەوێ فیلمی سینەمایی بەرهەم دێت، بەڵام بەپێی پێویست نییە.

**ڕووداو: لـە کاری ڕۆژانەتـدا بەهۆی ئەوەی ئەکتەرێکی دیاری، کێشەت بۆ دروست نەبووە؟**

**ڕۆژیـن شـەریفی:** مـن ئـەوەم باشـە زوو ناناسـرێمەوە، چونکە هەرجارێک بەشـێوازێک دەردەکـەوم و خەڵـک نامناسـنەوە. بێگومان ناوبانگ هەندێ کۆت و بەندت بۆ دروست دەکات کە ناتوانی وەک خەڵکی ئاسـایی هەڵسوکەوت بکەی.

**ڕووداو: بیرت لە سیاسەتکردن نەکردووەتەوە، چونکـە بەشـەکەی تۆ لـە زانکـۆ پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ سیاسەت هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەی ئێوە شۆڕشگێڕ و سیاسین؟**

**زۆر پیس بەئاگری عیشق سووتاوم**

**ڕۆژین شـەریفی:** حەزم لە سیاسـەتە، هەر کارێک بتوانم داهێنان و شتێکی نوێ بکەم پێم خۆشە، لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لە ڕیسکە، بەڕای من سیاسـەتیش ڕیسـکە، لە داهاتوودا ئەگەر هەڵبکەوێت بۆ نا، بەڵام ئێسـتا زووە و دەبێت خۆم پێبگەیەنم، من دوای بواری هونەری حەزم لە بواری دیبلۆماسییە.

**ڕووداو: ڕۆژین پلانی بۆ شووکردن چییە؟**

**ڕۆژین شەریفی:** من هەمیشە بەدایکم دەڵێم پڕۆژەی گەورەتر لە شووکردنم هەیە، ناڵێم قەت شوو ناکەم، بەڵام جارێ کاتی شووکردنم نییە و خەریکی خوێندنم.

**ڕووداو: ئەگـەر کوڕێکت بە دڵ بوو ئامادەی داوای خۆشەویستی لێ بکەی؟**

**ڕۆژین شەریفی:** ئەگەر لە ئاستی ڕۆشنبیریی کوڕەکە دڵنیابم، بەدڵنیاییەوە کێشـەم لەگەڵ ئەوەدا نییە، دەتوانم پێی بڵێم.

**ڕووداو: قـەت بـە ئاگـری خۆشەویسـتی سووتاوی؟**

**ڕۆژین شـەریفی:** زۆر پیس بەئاگری عیشق سووتاوم، زۆرجار دەپرسن ڕۆژین عاشق بووە، منیش دەڵێم بەڵێ عاشـق بـووم، بەڵام ئیدی عاشق نابمەوە.

**ڕووداو: کاریگەریـی ئەم سـووتانە بەسـەر ڕۆژینەوە ماوە؟**

**ڕۆژیـن شـەریفی:** بەڵـێ زۆر کاریگـەری بەسـەرمەوە هەبووە، هەر ئەوەش وای کردووە ئیدی باوەڕ بە کەس نەکەم و بیر لە شووکردن نەکەمەوە.

**ڕووداو: ئـەو داواکارییـە چییـە ڕۆژیـن بۆ شاسواری خەونەکانی هەیەتی؟**

**ڕۆژیـن شـەریفی:** وەڵـڵا تەنیا بـا تۆزێک پیـاو بێت، ئـەوەی من لە کوڕەکان سـەرنجم ڕادەکێشـێت تەنیـا پیاوبوونێتـی بەهەمـوو ماناکانییەوە. هەندێ کوڕ هەن زۆر زمان لووس و لووسـکە و بەمانای وشە پیاو نین، دەنا من شێوەی کوڕ و دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان لام گرنـگ نییە. من تەنیا دوو پارچە ئاڵتوونم هەیە ئەویـش بەدیاری بۆم هاتووە. بەڵام حەز دەکـەم مێردەکەم بەژن و بـاڵای بەرز بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ من بگونجێ.

### دەچێتە سەر دینی گۆرانیبێژە گەنجەکانی فارس

# لەمەودوا بە ستایلی پۆپ گۆرانی دەڵێم

هونەرمەندی گۆرانیبێژ خەلیل مەولانایی لە ساڵی 2000 ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوکردەوە کە نێوبانگی ئەو هونەرمەندەی بە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا بڵاوکردەوە. بەڵام زیاتر لە پێنج ساڵە نە دەنگی هەیە و نە ڕەنگ. خەلیل مەولانایی کە پێشتر بە ستایلی سوننەتی گۆرانی دەگوت، دەڵێت لەمەودوا ستایلی گۆرانیگوتنی هاوشێوەی گەنجە گۆرانیبێژەکانی فارس دەبێت و بە ستایلی پۆپ گۆرانی دەڵێت. مەولانایی لەم هەڤپەیڤینەدا کە بە تەلەفۆن لەگەڵی کراوە، باسی کارە نوێیەکانی خۆی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو – سلێمانی

**ڕووداو: بۆچی چەند سـاڵێکە بەرهەمی نوێت نییە؟**

**خەلیـل مەولانایی:** دوایین بەرهەمم لە کۆتایی سـاڵی 2010دا بـووە، هۆیەکـەی ئەوەیـە لـە ڕۆژهەڵات دەسـتکەوتنی شـاعیرێک کە شـیعری گۆرانـی بنووسـێ سـەختە. جگـە لـەوەش لە ڕووی میوزیکیشـەوە، میوزیکژەنی باش زیاتر لە باشووری کوردسـتانن. بەهۆی ئەو بارودۆخەشی بەسـەر باشـووری کوردسـتاندا هـات، زیاتر لە هونەر دوورکەوتمەوە. ڕاسـتییەکەی بەشێکیشی پەیوەندی بە کەمتەرخەمیی خۆمەوە هەیە. بەڵام ئێستا سەرقاڵی گۆرانییەکم کە خەریکە دەنگەکەی تـەواو دەبێت و پێمخۆشـە کلیپیشـی بۆ بکەم، هۆنراوەکەم لە کەسـێکەوە پێگەیشـتووە، بەڵام تائێستا نازانم خاوەنەکەی کێیە.

**ڕووداو: ئەو گۆرانییە لەسەر چ ستایلێکە؟**

**خەلیـل مەولانایـی:** گۆرانییەکە لـە موزیکدا خێرایـە و لە گوتنیـدا خاوە، چونکـە دەمەوێت لەمەودوا سـتایلی گۆرانی گوتنم لە سوننەتییەوە بـۆ پۆپ بگۆڕم، لەبەرئەوەی لێرە فارسـەکان لە بـواری موزیکی پۆپـدا کار دەکەن و منیش حەز دەکـەم وردە وردە بیگـۆڕم و وا پڕۆڤەی لەسـەر دەکەم بزانم چۆن دەبێت، ئەو گۆرانییەش لەسەر ئەو ستایلە یەکەمین ئەزموونمە.

**ڕووداو: بەڵام هەست ناکەیت ئەو ستایلە لەگەڵ تەمەن و ڕووخسار و کەسایەتی تۆدا ناگونجێ؟**

**خەلیـل مەولانایـی:** ڕاسـتییەکەی لـەڕووی هەسـتمەوە بیـرم لـەم سـتایلە کردووەتـەوە کە چ شـتێک لەگەڵ هەسـتمدا دەگونجێت تا بتوانم ئیشـی تازەی لەسـەر بکەم، ئەگەر ئەو موزیکە بتوانێت هەسـتێک بە من بدات کە بتوانم گۆرانی بڵێـم، ئـەوە بۆ مـن گرنگـە. پاشـانیش لەنێو سـتایلەکە بەشـێوەیەکی کوردییانە ئیشـی تێدا دەکـەم واتە ئامێری کوردی تێـدا بەکاردێنم، بۆ مەسـەلەی تەمەنیش جیاوازی نییـە، بۆ نموونە هونەرمەنـد جوان حاجۆ تەمەنی لـە من زۆرترە و بـە سـتایلەکانی پـۆپ و ڕۆک گۆرانی دەڵێت، بەڵام هەستێکی کوردییانە بە گوێگر دەبەخشێت و دەزانرێت ئەو بەرهەمە کوردییە. بۆ مەسـەلەی ڕووخسـاریش هەروەکو خۆم دەبـم، بەڵام ڕەنگە لەڕووی جلوبەرگەوە کەمێک بگۆڕێت.

**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیعری گۆرانیت بە زەحمەت دەستدەکەوێ**

**ڕووداو: گوتـت لـە ڕۆژهـەڵات دەسـتکەوتنی موزیسـیان کەمێک سەختە، بەڵام گرووپی باشی موزیکیش هەن، بۆچی کاریان لەگەڵدا ناکەیت؟**

**خەلیل مەولانایی:** راسـتە گرووپی زۆر باشـی موزیـک هەن، بەڵام بـە نرخێکـی زۆر گران کار دەکـەن، بـۆ نموونـە هەندێک لـەو گرووپانە بە نزیکـەی 100 هـەزار دۆلار ئەلبوومێکـی گۆرانی بەرهـەم دێنن کە ئەوەش لەڕووی ئابوورییەوە بۆ من ناگونجێت.

**دوای مردنی خاوەنی هوتێلی چوارچرا سەردانی باشووری کوردستانم نەکردووە**

**ڕووداو: هەوادارێکـی زۆرت لـە باشـووری کوردسـتان هەیە، لەکەیەوە سـەردانی باشوورت نەکردووە؟**

**خەلیل مەولانایی:** ڕاسـتییەکەی دوای کۆچی دوایی هاوڕێی خۆشەویستم کاک عیرفان زەنگەنە خاوەنـی هۆتێلـی چوارچـرا لە شـاری هەولێر، سـەردانی باشـووری کوردسـتانم نەکردووەتەوە و پێموایـە زیاتـر لـە پێنـج سـاڵە، چونکە ئەو کەسـایەتییە هەمیشـە هەواڵـی هونەرمەندانـی دەپرسـی و بەرنامـەی بۆ سـاز دەکردین، بەڵام ئێستا ئەوانە کەم بوونەتەوە.

**دوای نەورۆز کۆنسێرت لە سنە و سلێمانی دەکەم**

**ڕووداو: بەنیـاز نیـت لەو ماوەیەدا سـەردانی باشووری کوردستان بکەیت؟**

**خەلیل مەولانایی:** بۆ سەردانەکە پێمخۆشە بە بەرهەمی نوێوە بێمەوە و بەنیازم مانگێک لە دوای سـاڵی نوێی کوردی لە شـاری سنە کۆنسێرتێک ساز بکەم و ئەگەر ئەو کۆنسێرتە سەرکەوتوو بوو، کۆنسێرتێکیش لە شاری سلێمانی ساز دەکەم.

**ڕووداو: دوای ئەوەی چەند سـاڵێکە سەردانی باشوورت نەکردووە و وا ساڵ و نیوێکە کوردستان ڕووبەڕووی شـەڕی داعش بووەتەوە، لە دوورەوە بارودۆخی ئێستای باشوور چۆن دەبینی؟**

**خەلیـل مەولانایـی:** یەکێک لـە هۆکارەکانی بێدەنگیم شـەڕی داعشە کە هەموومانی نیگەران کردووە و هەستم دەکرد ئەگەر بەرهەمیشم هەبێت ناتوانم دڵی خەڵک خۆش بکەم.

**ڕووداو: هەوادارێکـی زۆرت هەبـوو، لەو چەند ساڵەدا پەیوەندییان پێوەکردوویت تا بزانن بۆچی بەرهەمت نییە؟**

**خەلیل مەولانایی:** بێگومان هەواڵم دەپرسـن. دوو سـاڵ لەمەوبـەر چوومـە دەرەوەی وڵات کە ئاهەنگمان سـاز کـرد خەڵک دەیانگـوت بۆچی بەرهەمت نییە، بەڵام لەمەودوا ئیدی بە شـێوەی تاک گۆرانی دەڵێم و ئەگەر ساڵانەش دوو تا سێ بەرهەم هەبێت باشە، نەک بڵاوکردنەوەی ئەلبووم.

**ڕووداو: هیچ گۆرانییەکی هاوبەشت نییە، خۆت حەزت لە دوێت نییە، یان ڕێکنەکەوتووە؟**



**خەلیـل مەولانایی:** حـەز دەکەم بەرهەمی هاوبەشم لەگەڵ کچێکدا هەبێـت لـە هـەر پارچەیەک بێـت کێشـە نییـە، گرنگ ئەوەیـە دەنگی خۆش بێت و ئیحساسی لە منەوە نزیک بێت.

**ڕووداو: ئێستا بەچییەوە سـەرقاڵیت، بۆچی بەرهەمت کەمە؟**

**خەلیـل مەولانایـی:** ڕۆژانـە وەکـو زۆربەی هونەرمەندانی دیکە بە ئاهەنگی ژنگواستنەوە سەرقاڵم، ئـەوەش بـۆ دابینکردنی بژێـوی ژیانم. دواتریـش لێـرە بـۆ بەرهەمهێنانـی کاری هونەری چەند کێشـەیەکمان هەیە، بۆ نموونە جگە لە میدیاکانی باشـووری کوردسـتان، لێـرە میدیایەکمان نییـە تاوەکو ئەو بەرهەمە نوێیەی هەمانە پێشکەشـی بکەیـن، جگە لەوەش ئەگەر گۆرانییەک بەرهـەم بهێنیـن کـە نزیکـەی 5 هـەزار دۆلاری تێدەچـێ، میدیاکانـی باشـوور پەخشی دەکەن بەڵام تێچووەکەمـان بـۆ خـەرج ناکەنـەوە، تا بتوانیـن بەرهەمێکی دیکەی پـێ تۆمار بکەین.

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (396) دووشەممە 2016/2/15



## دادگای ستۆکهۆڵم کوردێک سزا دەدات

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

دادگای بەرایی ستۆکهۆڵم سزای 18 ساڵ زیندانی بۆ پەنابەرێکی کورد بڕیەوە، دوای تۆمەتی کوشتنی ژنەکەی لەسەر ساخبووەوە. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت ئەو پەنابەرە کوردە لەسەر بڵاوبوونەوەی وێنەی ژنەکەی کە بە کراسێکی قۆڵ کورت لە دەرەوەی وڵات لە ئاهەنگێکدا دەرکەوتووە، 66 چەقۆی لە ژنەکەی داوە و کوشتوویەتی. تاوانبارەکە لە دادگا گوتوویەتی "ئەو جلانە بێڕێزیی و سووکایەتی بوو بە من. پەنابەرەکە کوردە کە تاوانەکەی لە ڕۆژی 2015/9/10 لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئۆشتا لە ستۆکهۆڵم ئەنجامدابوو، خۆی تەلەفۆنی بۆ ژمارەی فریاگوزاری 112 کردبوو.

### (ڕووداو) دەچێتە دوورگە هەستیارەکەی سوێد

# یەکەم کوردی سوێد لە دوورگەی گۆتلاند نیشتەجێ بووە

ڕووداو – دوورگەی گۆتلاندی سوێد

کەم شار و دوورگەی سوێد هەیە کوردی نەگەیشتبێتێ، بەڵام بە دەگمەن کورد پێی ناوەتە سەر دوورگەی گۆتلاند، ئەو دوورگەیەی یەکەم کوردی تاراوگەنشینی لێ ژیاوە و ئێستاش تەنیا قوتابییەکی کوردی لێیە.

گۆتلاند یەکێکە لە 5000 دوورگەکەی سوێد، ناوێکی دیاری گەشتیاری و لە هەمانکاتدا سەربازییشی هەیە. ژمارەی دانیشتووانی دوورگەکە 57 هەزار کەس دەبێت. دوورگەی گۆتلاند دەکەوێتە چەقی دەریای باڵتیکەوە. بەهۆی بوونی چالاکیی ئەتۆمی و فڕۆکەخانە سەربازییەکانیشی، دوورگەی گۆتلاند هەمیشە ئامانجی ڕووسیا بووە، بۆیە زوو زوو فڕۆکە بێفڕۆکەوان و ژێردەریایی ڕووسیا لە قافدا دەگیرێن.

بەڵام دوورگەی گۆتلاند بۆ کورد جیاوازە و هەڵگری چەند نهێنییەکە، چونکە یەکەم کورد کە چووەتە سوێد لەو دوورگەیە نیشتەجێ بووە.

سیرانێۆ فانتا لە قاوەخانەیەکی ئەو دوورگەیە کار دەکات و دەڵێت "لە بیرمە چوار ساڵ لەمەوبەر کوردێک دەهات و باسی نزیکیی سوێد و وڵاتەکەی خۆیانی دەکرد". فانتا لە دایکێکی فینلاندی و باوکێکی ئیتاڵییە و خۆی لە سوید لەدایک بووە. هەموو تەمەنی لەم دوورگەیە بەسەر بردووە و دەڵێت "ئێرە شوێنی بیانییەکان نییە و بەدەگمەن لێرە دەژین".

فەرحان ئەبو زێد بە ڕەچەڵەک تونسییە و لە پێتزەرییەکی دوورگەکە کار دەکات، دەڵێت "تەنیا یەک خێزانی عێراقیم لێرە دەبینی کە بەهۆی زمانەکەیانەوە زانیم کوردن و ماوەیەکی زۆرە دیار نەماون".

لەڕێگەی فەرمانگەی باج (سکاد) کە تۆماری دانیشتووان هەر لەو دامەزراوەیەیە، هەوڵی دۆزینەوەی خێزانە کوردەکانمان دا، بەڵام هیچمان دەستنەکەوت.

تەنیا خێزانێک نەبێت کە لەکاتی هاتنیان بۆ سوێد بەشێوەیەکی کاتی لەم دوورگەیە نیشتەجێکراون و پاشان گوازراونەتەوە بۆ ستۆکهۆڵم. ئێستا کوڕێکی ئەو خێزانە گەڕاوەتەوە دوورگەکە و لە زانکۆیەکی ئەوێ دەخوێنێ.

### یەکەم پەنابەری کورد لە دوورگەکە نێژراوە

سلێمان ئەلێکساندەر کنوتاس، هەڵگری پاشناوی کنوتاس، بنەماڵەیەکی ناسراوی سوێدین کە وەک یەکەم کوردی سوێد ناوی تۆمار کراوە، لەو دوورگەیە نێژراوە.

کنوتاس (Knutas) ناوی بنەماڵەی سەرەکیی ئەو ناوچە سوێدییەن کە دەکەوێتە باشووری ئۆکراینا و هەموویان سوێدین. ناوچەکە ناوی (Gammalsvenskby) یە کە بە واتای ناوچەیەکی کۆنی سوێدییەکان دێت. پێدەچێت سلێمان لە ڕێگەی ژنخوازییەوە تێکەڵی ئەو بنەماڵەیە بووبێت، دوای هاتنی بۆ سوێد لە دوورگەی گۆتلاند نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش مردووە. کنوتاس لە بەڵگەنامە فەرمیەکانی سوێددا وەک یەکەم کوردی نیشتەجێی سوێد تۆمار کراوە. بەپێی زانیارییەکان، سلێمان لەساڵی 1929 چووەتە سوێد و لە ساڵی 1981 لە گۆتلاند کۆچی دوایی کردووە.

تاکە سەرچاوەیەکی مێژوویی ئەو کوردە کە وەک یەکەمین کوردی سوێد دەناسرێت، هەڤپەیڤینێکە کە دوو ڕۆژنامەنووسی سوێدی لەگەڵ سلێمان کردوویانە. لە هەڤپەیڤینەکەدا کوردەکە خۆی بە سلێمان ئەلێکساندەر کنوتاس ناساندووە و گوتوویەتی کە ئەو ئێزدییە و ساڵی 1911 لەو بەشەی کوردستان لەدایک بووە کە ئێستا لەبندەستی تورکیایە.

### تاقانە کوردەکەی دوورگەکە

ئەگەر کنوتاس یەکەم کوردی نیشتەجێی ئەو دوورگەیە بووبێت، ئەوا لەو بەدواداچوونەی (ڕووداو)دا دەردەکەوێت کە ئارا محەممەد تاقانە کوردەکەی ئێستای ئەو دوورگەیەیە.

خێزانی ئارا لەدوای گەیشتنیان بە سوێد، لەو دوورگەیە و لە شاری ڤیزبی کە بە پایتەختی دوورگەکە ناسراوە، نیشتەجێ دەکرێن، بەڵام زۆری پێناچێت دەگوازرێنەوە ستۆکهۆڵم. "هیچ بڕیارێک نییە بۆ دوورخستنەوەی هیچ کەسێک، بەڵام پێدەچێت بەهۆی هەستیاریی ناوچەکە و ئەو خەسڵەتە سەربازی و گەشتیارییەی هەیەتی، بیانییەکان قەرەباڵغی لەو شوێنە دروست نەکەن". ئەمە قسەی لۆسیانۆ سڤانسۆنە کە ڕۆژنامەڤانێکی سوێدییە. ئەو گوتیشی "بواری کاریش کەمترە تا لە ڕێگەی کارەوە بیانی و تاراوگەنشینان ڕوو لە گۆتلاند بکەن".

بەڵام ئارا دوای چەند ساڵێک بۆ خوێندن دێتەوە گۆتلاند و دەڵێت "ژیانێکی هێمن، بەڵام قورس بەڕێدەکەم".

ئارا کە لە بواری پرۆگرامسازی دەخوێنێ، دەڵێت "وەک یەکەم قوتابی کە ناوم کوردی بێت، بەرهەمە پرۆگرامە کۆمپیوتەرییەکانم لە کتێبخانەی گشتیی ئەم شارە دانراوە".

گرانی و زۆریی خەرجی ژیانی ڕۆژانە یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی ئەو دوورگەیە و ئارا دەڵێت "تەنیا بۆ خوێندن دەتوانین لێرە بمێنینەوە، چونکە ناچارین. خەرجی ڕۆژێکی ئەم دوورگەیە ئەوەندەی سێ ڕۆژی ستۆکهۆڵمە".

قوتابیان ناتوانن بە هاوین لەم دوورگەیە بمێننەوە، چونکە هەموو کۆنتراکتەکان تەنیا بۆ زستانە. ئارا گوتی "لە هاوین نرخی هەفتانەی شوقەیەک، ئەوەندەی یەک مانگی زستان بەرز دەبێتەوە و دەگاتە زیاتر لە 8000 کرۆن، واتە 1000 دۆلار تێدەپەڕێنێ". ئەمەش لەبەر زۆریی چالاکییەکانی حکومەت و زۆریی ژمارەی گەشتیاران لە وەرزی هاویندا.







سلێمان ئەلێکساندەر کنوتاس یەکەمین کورد بووە لە دوورگەی گۆتلاند نیشتەجێ بووە

### 338 کۆچبەری کورد بێسەروشوێنن

# چالاکڤانانی سوێد بەدوای چارەنووسی کۆچبەرە ونبووەکاندا دەگەڕێن

ڕووداو– ستۆکهۆڵم

لەگەڵ پەشیمانبوونەوە و گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران، بەڵام کۆچکردن هێشتا بەردەوامە و ژمارەی قوربانیانیش لە زیادبووندایە. ڕێکخراوی پەنابەرانی عێراقی دەڵێت 388 کۆچبەری باشووری کوردستان لە ڕێگەی کۆچدا بێسەروشوێن بوون.

سالار کە سێ لە کەسوکاری پلە یەکی لە کارەساتەکەی مانگی ڕابردووی دەریای ئیجەدا لەدەست دا، دەڵێت "ئەو ژمارانەی لەبارەی ونبوونی کۆچبەرانەوە دەگوترێن تەواو نین و ژمارەکە لەوە زۆرترە".

ئەو بەختەی سالار و خێزانەکەی و 80 کۆچبەری تێدابوو، مانگی ڕابردوو لە نێو دەریای ئیجەدا نقوم بوو، تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی سالار کە 5 کەس بوون، خنکان و تەنیا یەکێک لە منداڵەکانی دۆزیوەتەوە. ئەو ئێستا بەدوای ژن و منداڵەکانیدا دەگەڕێت.

### سوێدییەکان بەدوایاندا دەگەڕێن

ئێستا چەند چالاکڤانێکی سوێدی کە کوردی باشوور و باکوور و تورکیاشیان تێدایە، خەریکی هەڵمەتێکی گەورەن بۆ گەڕان بەدوای بێسەروشوێنەکاندا. کاترینا ماڵم کە یەکێکە لەو چالاکڤانانە، دەڵێت: "وێستگەی یەکەم سوێد و تورکیا و پاشان یۆنان و وڵاتانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاش لە بەرنامەماندایە". گوتیشی "چەند ڕێکخراوێکی دیاری سوێدی و تورکی و چەند ئاژانسێکی جیهانیمان لەگەڵ دەبێت".

پێشتر زانیاریی ئەوە بڵاوکرابووەوە کە لە گۆڕستانێکی ئیزمیر زیاتر لە 4500 کەسی نەناسراو نێژراون و هەموویان لە دەریای ئیجەدا دۆزراونەتەوە.

کاترینا دەڵێت "گەیشتن بە دۆسیەی ئەو چوار هەزار کەسە ئاسانکاریی باشمان بۆ دەکات، داوایەکمان ئاراستەی حکومەتی تورکیا کردووە بۆ ئەو مەبەستە".

یەکتا کە لە تورکیا و لە ڕێکخراوێکی لۆکاڵ کار دەکات و بڕیارە هاوکاریی ئەو هەڵمەتە بکات، بە (ڕووداو)ی گوت "کەیسی بێسەروشوێن هەیە کە حسابی مردوویان بۆ کراوە، بەڵام زانیاریمان هەبووە لە زیندانەکانی تورکیادان".

یەکتا لە ڕێگەی پرۆگرامێکی مافی مرۆڤەوە کە ڕێکخراوەکانی کوردستان و بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپی بەشدار بوون، چەند زانیارییەکی بەدەست گەیشتووە و دەڵێت "چەند کەسێک لە ساڵانی نەوەدەکانی سەددەی ڕابردوو بەهۆی کۆچی نایاسایی گیراون و لە کەیسی سیاسییەوە گلاون و ئێستا لە زیندانەکاندان".

کاترینا قسەکانی یەکتا پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "لە گرتووخانەکانی بولگاریا، هەنگاریا و یۆناندا ژمارەیەکی زۆر خەڵک بەند کراون، بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ دۆکیۆمێنتێکی فەرمی کاریان لەسەر ناکرێت. لە نێو گیراوەکاندا عێراقی و ئەفغانی هەن، تێیدایە زیاتر لە 10 ساڵە گیراوە".

ساماڵ حەکیم، دانیشتووی شاری سلێمانی کە برایەکی لە ڕێگەی هەندەران دیار نەماوە، دەڵێت "نۆ ساڵە براکەم دیار نەماوە و دڵنیاشین لەوەی تا یۆنانیشی بەجێهێشت زیندوو بوو، بەڵام هیچ چارەنووسێکی نازانین".

هەندێک لەو کۆچبەرانە بەرگەی هەوراز و نشێوی ڕێگەی هەندەرانیان نەگرتووە و لە ڕێگادا بڕستیان لێبڕاوە و مردوون.

ڕێژوان کە پەنابەرێکی کوردە لە فینلاندا، دەڵێت لە ڕێگای چوونیان بۆ ئەورووپا خەڵکیان لەگەڵدا بووە بەرگەی ڕێگەی نەگرتووە و مردووە، هەر لەسەر ڕێگا نێژراوە. گوتیشی "لە ڕێگا زۆر قەبرم بەچاوی خۆم بینیوە کە بە کوردی لەسەری نووسراوە".

### ڕفاندن و پێشێلکاری

حکومەتی سوید ئاشکرای کردووە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 25 هەزار منداڵ دیار نەماون و نزیکەی 1000 کەسیش لەوانەی مافی پەنابەرێتییان ڕەتکراوەتەوە، دیار نین و ئەدرەسیان نییە.

کاترینا ماڵم دەڵێت "هەردوو حاڵەتەکە دەچێتە خانەی بێسەروشوێنبوون". ئەو ترسی خۆی لەوە دەبڕی کە "دوور نییە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت". گوتیشی "ئەگەرچی حاڵەتی ڕفاندن لە سوێد نییە، بەڵام بازرگانی بە مرۆڤ بەتایبەت بۆ منداڵان یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ئەورووپا و لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا سویدیش پێوەی سەرقاڵ بووە".

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو دادگای یۆتۆبۆری لە سوێد دەستگیرکردنی باندێکی چوار کەسیی ڕاگەیاند کە بازرگانییان بە چەند کەسێکەوە کردووە و ناچاریان کردوون سواڵ بکەن و بە ڕێگەی نایاسایی پارەیان بۆ پەیدا بکەن. ناسنامەی قوربانییەکان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام هەردوولا کۆچبەر بوون.

کاترینا دەڵێت "کەیس هەیە وەک ونبوو لە دامەزراوەی باج تۆمار کراوە، بەڵام دوایی ئاشکرا بووە لە کۆمپانیا و غەسل و شوێنی جیاواز بەرامبەر پارەی کەم کاری زۆری پێکراوە، ئەمەش دەچێتە خانەی بازرگانییەوە".

یەکتاش لە تورکیاوە دەڵێت "شەش حاڵەتی ڕفاندنی کۆچبەر و سوودوەرگرتن لە جەستەیان لەلای ئێمە تۆمار کراوە". ئەو دەڵێت: "پێشتر چەند ڕۆژنامەیەک وێنەی تەرمی منداڵێکیان بڵاوکردەوە کە گورچیلەکانی و دڵی نەمابوون".

دۆزینەوەی تەرمی زیاتر لە 50 کەس لە بارهەڵگرێکدا لە نەمسا، گومانی ئەوەی لای ڕێکخراوەکان دروستکرد کە بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنرابن. بەڵام کاترینا ماڵم گوتی "وێڕای گومانێکی زۆر، بەڵام هیچ زانیاریی ورد لەو بارەیەوە نییە".

### دۆسیەی نامووس

ڕێکخراوی تێرافیم کە تایبەتە بەژنان و زیاتر لەسەر کەیسی ئەو ژنانە کار دەکەن کە بەهۆی کولتووری نامووسپارێزی گیانیان کەوتووەتە مەترسی، لە ئامارێکدا ئاشکرایان کردووە، ژمارەیەک ژنی بە ڕەچەڵەک ئەفغانی و عەرەب و فارس، ون بوون کە لە سوید ژیاون. ئەو ژنانە کوژراون، یان بەزۆر گەڕێندراونەتەوە بۆ وڵاتی یەکەمی خۆیان.

عالیە کە لەو ڕێکخراوە کار دەکات بە (ڕووداو)ی گوت "لەماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا دەیان کەیسی ونبوونی ژنان تۆمار کراون و تا ئێستا زانیارییان لەبارەوە ئاشکرا نەکراوە".

لەکاتی گەڕانی تیمی ڕووداو، بۆ کەیسی بێسەروشوێنانی کورد لە ڕێگەی فەرمانگە فەرمییەکان لە سوێد، چەند کەسێک بەرچاو کەوتن کە لای حکومەت وەک ونبوو تۆمارکراون، بەڵام لە زاری کەسانی دەوروبەریانەوە ئەوە ئاشکرا بووە کە بەشێکیان بەهۆی قەرزداریی حکومەت و کۆمپانیاکانەوە، سوێدیان بەجێهێشتووە.



لە گۆڕستانێکی ئیزمیر زیاتر لە 4500 کەسی نەناسراو نێژراون و هەموویان لە دەریای ئیجەدا دۆزراونەتەوە


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مصعد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی گراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوک - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


Gulanpark
T: +964 750 444 1414 T: +964 750 444 1515
Email: sales@gulanpark.net
www.gulanpark.net
Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333




DANIA CITY
better life style

info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد

SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production

سیـدار ئێجێنسی، کۆمپانیـای تایبـەت بە کاری ڕێـکلام و مارکتینـگ و بەرهەم هێنانی میـدیایی، تاکە بریـکاری سـەرەکی تۆڕی میـدیایی ڕووداوە، بۆ ڕێـکلام کردن لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە و پۆرتالی ڕووداو.

RÛDAW

بۆ ڕێکلام کردن
لە تۆڕی میدیایی
ڕووداو

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

ڕووداو

ژمـاره (396) دووشـەممە 2016/2/15



## تەرمی ژنێک دەدۆزرێتەوە

ڕووداو- ئاکرێ

تەرمی ژنێک کە کوژرابوو لەسەر ڕێگەی گەلی لە شارۆچکەی ئاکرێ دۆزرایەوە. د.موزەفەر عەلی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئاکرێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کاژێر 8.30 خولەکی ڕۆژی 2016/2/12 لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تەرمی ژنێکیان لە ناوچەی گەلی لە نزیک شارۆکەی ئاکرێ دۆزیەوە و دواتر تەرمەکەی ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادیی دهۆک کراوە. ناوبراو گوتیشی "ئەو ژنە تەمەنی لە 30-35 ساڵی بووە، بەڵام نازانین بە فیشەک یاخود کوژراوە یان بە شتی دیکە، تاوەکو ئێستاش کەسوکارەکەی دیار نییە".

## ئیمان کوژرا یان خۆی کوشت؟

# دایکی دەڵێت مێردەکەی کوشتوویەتی و ئەویش دەڵێت خۆی کوشتووە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- کەرکووک

ژنێک لەنێو ناندێنی ماڵەکەیان گوللەیەکی دەمانچەی مێردەکەی بەر سکی دەکەوێت و دەکوژرێ. دایکی ژنەکە، زاواکەیان تۆمەتبار دەکات بە کوشتنی کچەکەی، بەڵام مێردی ژنەکە دەڵێت خۆی کوشتووە.

ئیمان ئەحمەد، تەمەن 31 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی عەسکەریی شاری کەرکووک و دایکی سێ کچ و کوڕێک بوو، دوای ئەوەی لە ڕووداوێکی تەقەکردن لە نێو ماڵەکەیدا کوژرا، دایکی ئیمان سکاڵا لەسەر (ف.ن) تۆمار دەکات کە مێردی ژنەکەیە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیس، ئەو ژنە خۆی کوشتووە.

حەسنا ناسر، دایکی ئیمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کچەکەی ماوەی زیاتر لە 12 ساڵ لە ماڵی خەزووری ژیاوە و گوتی "دوای ساڵێک کچێکی بوو، بەڵام مێردەکەی لەگەڵیدا زۆر خراپ بوو، بە دوو مانگ جارێک دەیهێنایەوە و لە کاتی هاتنەوەشیدا شوێنی لێدانی پێوە دیار بوو، بەردەوام پێمدەگوت لێی جیاببەوە، بەڵام ئەو دەیگوت خۆشمدەوێت، بەڵکو چاک ببێ".

حەسنا دەڵێت چەند جارێک لە زاواکەی پرسیوە، بۆچی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کچەکەی دەکات، ئەویش گوتوویەتی کچەکەی خۆت ببەوە. تەنانەت لەلای ماڵی باوکی زاواکەشیان سکاڵای کردووە، بەڵام ئەوان گوتوویانە دەرەقەتی نایەین.

ساڵی 2012 دایکی حەسنا زەوییەکی تەنیشت ماڵی خۆی دەداتە کچەکەی و بۆیشی دەکاتە خانوو. بۆیە زیاتر لە جاران ئاگاداری کێشەی کچەکەی دەبێت. حەسنا دەڵێت "کوڕەکانم چەند جارێک داوایان لە ئیمان کرد لە مێردەکەی جیا ببێتەوە، بەڵام ئەو دەیگوت لەبەر منداڵەکانم ناتوانم جیا ببمەوە".

ئیمان شەوی سەری ساڵ پەیوەندی بە خوشکەکانییەوە کردووە و پێیگوتوون خواردن دروست بکەن بەیانی دەچینە دەرەوە. ئیمان بە مێردەکەی گوتووە بەیانی بیانبات بۆ دەرەوە، بەڵام مێردەکەی گوتوویەتی بەیانی دەچم بۆ سلێمانی، ئیدی بووەتە دەمەقاڵەیان.

دایکی ئیمان گوتی "منداڵەکانی ئیمان بۆیان گێڕامەوە کە دایک و باوکی لە ناندێن دەنگە دەنگیان بووە، لەناکاو گوێیان لە دەنگی تەقە بووە، کاتێک چوونەتە ناندێن دەبینن دایکیان لەسەر زەوی کەوتووە و باوکیشیان دەمانچەی بەدەستەوەیە".

حەسنا یەکەم کەس بووە چووەتە سەر تەرمی کچەکەی و دەڵێت "باوەشم لە تەرمی ئیمان دا و هاوارم دەکرد بۆچی بۆ پیاوەکەت خۆت کوشت، بەڵام منداڵەکانی ئیمان هاواریان دەکرد: باوکمان کوشتی".

بەڵام (ف.ن) کە ئێستا لە زیندانە، ڕەتیکردەوە ژنەکەی کوشتبێت و بە (ڕووداو)ی گوت "ژنەکەم لەبەر کێشەی ماڵی باوکی خۆی کوشت نەک من کوشتبێتم، ڕاپۆرتی پزیشکی و پۆلیسیش هەیە و ئەگەر دەرکەوت من کوشتوومە ئامادەم بۆ هەر بڕیارێکی یاسا".

سەبارەت بە قسەی منداڵەکانیشی، (ف.ن) گوتی "زیاتر لە 40 ڕۆژە نەمبینیون و بێگومان بە قسەی ماڵی خەسووم دەکەن، ئەگینا یەکەمین شەو ئەو قسەیەیان نەکردووە".

(ف) ڕەتینەکردەوە کە پێش ڕووداوەکە دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا دروست بووە و گوتی "ڕاستە ویستمان بڕۆینە دەرەوە و منیش بۆ سلێمانی دەعوەت کرابووم، بەڵام کە زانیم دەڕۆینە دەرەوە، گوتم بەیانی دەتانبەم، ئەوە بە شاهیدی منداڵەکانیشم، ئیدی شەو پێش خەوتن ئیمان ناوچەوانی من و منداڵەکانیشی ماچکرد و گوتی خۆم دەشۆم و منیش خەوتم، بەڵام دواتر کوڕەکەم بینیویەتی لە مەتبەخ خۆی کوشتووە".

سەبارەت بە لێدان لە ژنەکەی، (ف) گوتی "ڕاستە لێمداوە، ئەویش سێ مانگ لەمەوبەر ئیمان بە چەقۆ لە کچێکمانی دابوو، منیش لەسەر ئەوە لێمدا، ئەگینا جیا لەوە ماڵ و منداڵی خۆمم خۆشدەویست، چۆن ژنم دەکوژم و ماڵم کاول دەکەم".

ئەو ڕووداوە سەرەتا لەلایەن بنکەی پۆلیسی دۆمیز لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و دوای 10 ڕۆژیش ڕەوانەی بەشی نەهێشتنی تاوانی هەمان بنکە کراوە. سەرچاوەیەک لە بەشی نەهێشتنی تاوانی دۆمیز بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، ڕووداوەکە خۆکوشتنە، بەڵام چاوەڕێی ڕاپۆرتی کۆتایی تیمەکانی بەڵگەی تاوان و پزیشکی دەکەین بۆ دڵنیابوون لەوەی خۆکوشتنە یاخود کوشتنە".



# کوشتیان و زێڕەکەشیان برد

پشتیوان جەمال
ڕووداو- کەرکووک

زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر کوشتنی سوعاد-دا تێپەڕیوە، بەڵام ماڵەکەی جمەی دەهات لە میوان، مێردەکەی هێشتا شۆکی کوشتنی ژنەکەی بەری نەداوە، پەنجە ڕادەوەشێنێ و دەڵێت "هەر کەسێک ژنەکەمی کوشتبێ بەسەرییەوە ناچێ".

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/2/1 دزێک دەچێتە سەر ماڵی سابیر حەمید کە لە گەڕەکی حوزەیرانی شاری کەرکووک نیشتەجێن. دزەکە دوای کوشتنی ژنی ماڵەکە بەناوی سوعاد جەلیل، تەمەن 48 ساڵ، بڕێک پارە و 40 مسقاڵ زێڕی ژنەکە دەدزێت. پۆلیس سێ کەسی بە تۆمەتی کوشتنی ژنەکە و دزییەکە دەستگیر کردووە.

هەفتەیەک دوای ڕووداوەکە، سەردانی ماڵی سابیرمان کرد، هێشتا دەستە دەستە میوان بۆ سەرەخۆشی سەردانی ئەو ماڵەیان دەکرد. سابیر باسی ئەو بەیانییەی کرد کە سوعادی تێدا کوژراوە و دەڵێت "کاژێر 8ی بەیانی من چووم بۆ دەوام، منداڵەکانیشم کە دوو کوڕ و دوو کچن چوون بۆ قوتابخانە. کوڕە بچووکەکەم نزیکەی کاژێر 10ی بەیانی دەوامی تەواو بووە و گەڕاوەتەوە ماڵەوە، دایکی بە کوژراوی بینیوە".

منداڵەکە کاتێک دایکی بەو شێوەیە دەبینێ، تووشی شۆک دەبێت و یەکسەر تەلەفۆن بۆ باوکی دەکات و پێیدەڵێت "دایکم هەموو گیانی خوێنە، نازانم چی لێهاتووە!".

سابیر دەستبەجێ تاکسییەک دەگرێت و دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پۆلیسیش ئاگادار دەکاتەوە".

دوای گەیشتنی هێزە ئەمنییەکان، سابیر چووەتە یەکێک لە ژوورەکانیان و بۆی دەرکەوتووە سەرجەم پارە و زێڕەکانیان دزراون "بڕی 32 هەزار دۆلار و زیاتر لە 14 ملیۆن دینار و 40 مسقاڵ ئاڵتوونمان لە نێو جانتایەکدا بوو، 22 هەزار دۆلار پارەی ئۆتۆمبیلەکەم بوو کە دوو هەفتە بوو فرۆشتبووم".

سابیر لە مەتبەخی ماڵەکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا چاوی پڕ لە فرمێسک بوون، باسی چۆنیەتی کوشتنی ژنەکەی کرد و گوتی "سوعاد لە مەتبەخ خەریکی کارکردن بووە، ئەو کەسە کە هاتووەتە ژوورەوە یەکسەر سوعادی داوەتە بەر چەقۆ و چەند چەقۆیەکی لە سکی و پشتی داوە، هەر بەوەش نەوەستاوە، فیشەکێکی لە نزیک دەمی داوە".

پۆلیسی نەهێشتنی تاوان سێ کەسی دەستگیر کردووە، بەڵام هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کامیان بکوژی ژنەکەن. عەقید ڕەزوان شوکر، بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان گومان هەیە یەکێک لەو سێ کەسە ئەو تاوانەی کردبێ، بەڵام هێشتا کەسیان ئیعترافیان نەکردووە".

ماڵی سابیر چەند ساڵێکە لەو گەڕەکە نیشتەجێن و سابیر دەڵێت کێشەیان لەگەڵ کەس نییە و ئاگاداری دەستگیرکردنی کەسە گومانلێکراوەکانیشن، سابیر گوتی "ئێمەش گومانمان هەیە یەکێک لەو سێ کەسە کارەکەی کردبێت و پێدەچێت هەر لەم ناوچەیەی خۆشماندا بێت، چونکە چەند خولەکێک دوای ڕووداوەکە منداڵانی گەڕەکەکەمان دەڵێن کەسێکی گەنجیان بینیوە لە ماڵی ئێمە هاتووەتە دەرەوە و عەلاگەیەکیشی پێ بووە".

ئەو گەڕەکەی ماڵی سابیری لێیە تێکەڵە لە کورد و عەرەب و تورکمان و گەڕەکێکی تاڕادەیەک هێمنە و هاوسێکانیشیان دەڵێن ماوەی چەندین ساڵە هیچ حاڵەتێکی لەو شێوەیە لە گەڕەکەکەیاندا ڕووینەداوە، ژنێکی دراوسێیان گوتی "ئەو بەیانییە گوێمان لە دەنگە دەنگێک بوو لەو ماڵە، بەڵام وامزانی لەنێو خۆیاندا قسە دەکەن، نەک دز چووبێتە سەریان".

حوسێن سابیر، کوڕە بچووکەکەی سوعاد کە یەکەمین کەس بووە گەیشتووەتە سەر تەرمی دایکی، هێشتا شۆکە و دەڵێت "دیمەنی کوشتنی دایکم قەت لەبیر ناکەم، نازانم بۆچی کوشتیان!".

سابیر چاوەڕێی بەڕێوەچوونی ڕەوتی لێکۆڵینەوە یاساییەکانە، ئەو بەهەڕەشەکردنەوە گوتی "بەدڵنیاییەوە ئەگەر بزانین لەو سێ کەسە هەر کەسێکیانە بەهیچ شێوەیەک لێی خۆشنابین و دەبێت یاسا توندترین سزای بدات، چونکە ئەوان دوو تاوانیان کردووە، یەکەمیان دزی و دووەمیش کوشتنی ژنێکی بێتاوان".



## تەنیا 20یان چالاکن

# 1600 ژنە بازرگان لە کەرکووک هەن



پشتیوان جەمال
ڕووداو- کەرکووک

لە کۆی ئەو 25 هەزار بازرگانەی لە ژووری بازرگانی و پیشەسازیی کەرکووک ناویان تۆمار کراوە، 1637یان ژنن، بەڵام ئەمینداری گشتیی ژنانی بازرگان لە عێراق دەڵێت "تەنیا 20 لەوانە چالاکن".

لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە کەرتی بازرگانی لە شاری کەرکووک گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و کەرکووک بووەتە پردی پێکەوە بەستنەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق. ژنانیش ڕۆڵیان لەو کەرتەدا هەیە، بەڵام بەرامبەر بە پیاوان ڕۆڵەکە زۆر کەمە.

سەباحەددین ساڵەیی، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت، ئێستا لە ژوورەکەیان 1637 ژنە بازرگان ناویان تۆمارکراوە کە کاری بازرگانیی بچووک و گەورە دەکەن.

ساڵەیی دڵخۆشە بەو ژمارە بازرگانە ژنەی لە شارەکەیاندا هەن و گوتی "هەموویان کارگە و پرۆژەیان هەیە کار دەکەن و هیچ ترسێکیشیان نییە، چونکە دەزانن پێشمەرگە شارەکە دەپارێزێت".

بەڵام سونگول چاپوک، ئەمینداری گشتی خانمانی بازرگانی عێراق پێیوانییە ئەو هەموو ژنە بازرگانە لە شاری کەرکووک هەبن و دەڵێت "ئەو ژمارەیە زۆرە، بەڵام ئەگەریش وا بێت، لەو باوەڕەدام تەنیا 20 ژن بە فیعلی بازرگان بن، چونکە هەموو ئافرەتێک بۆی هەیە ناسنامەی بازرگانی دەربکات و بەشێکیشیان ئەو ناسنامانە بۆ سەفەرکردن بەکاردێنن".

فائیزە حوسێنیش کە ژنە بازرگانێکی شاری کەرکووکە، تێبینی لەسەر ئامارەکە هەیە و دەڵێت "ژمارەکە زۆرە و پۆلێن نەکراوە، بۆ نموونە ژنێک ئارایشگای هەیە بە بازرگان ناوی تۆمار کراوە".

سونگول چاپوک بەپێی ئەزموونی کارکردنی چەندین ساڵەی لە بواری بازرگانیدا ڕوونیکردەوە کە لەسەر ئاستی عێراقدا ژنان بە پلەی یەکەم مەیلیان بۆ ئارایشگا و بەرگدروویی هەیە "90%ی ژنان لە عێراقدا حەزیان لە بەرگدروویییە لەبەرئەوەی لە ماڵەوەش ئیش دەکەن، بەڵام لە شاری کەرکووک ژن هەیە کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی هەیە و ژنیش هەیە دوو کارگەی گەورەی هەیە".

سونگول کە لە بەغدا کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی هەیە، لە کەرکووکیش دامەزرێنەر و ڕاوێژکاری کۆمپانیای کەرکووکی یەکگرتووە، جگە لەوەش نوێنەرایەتی گرووپی کۆمپانیا ئەمەریکی و ئیتاڵییەکان لە عێراق دەکات کە لەبواری وزەی کارەبادا کار دەکەن.

ئەو ژنە سەرمایەدارە کە لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق بووە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم وەک نوێنەری تورکمانەکانی عێراق، سەرمایەی ئێستای خۆی ئاشکرا کرد و گوتی "ڕەنگە سەرمایەکەم بگاتە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار".

### کۆنترین ژنە بازرگان

ڕەنگە کۆنترین ئەو ژنانەی لە بواری بازرگانیدا لەو شارە کاریان کردبێت، فەیروز ناسیحی تەمەن 60 ساڵ بێت کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە سەرەتا بە دروومان دەستی پێکردووە و پاشانیش کچەکانی فێری پیشەکە کردووە "لە هەشتاکاندا دووکانم کردەوە و خەڵک زۆریان بەلاوە سەیر بوو کە ئافرەتێکی گەنج دووکان دابنێت، پاشان ئیشەکەم گەورە کرد و شوقەیەکم گرت، ئێستاش پەیمانگەیەکم داناوە بۆ فێرکردنی دروومان و دیزاین و دوورینی جلوبەرگ کە لەدوای فێرکردنیان هەلی کاریشیان بۆ دەدۆزینەوە".

بەڵام کارکردنی ژنان لە کەرکووک بەبێ ڕێگری و باج نییە. سونگوڵ چاپوک ئاماژەی بە ڕێگرییەکانی بەردەم ژنان لە بواری بازرگانیدا کرد و گوتی "کۆمەڵگەی کەرکووک و لایەنی ئەمنیەتی شارەکە ڕێگرە لە هاتنە پێشەوەی زیاتری ژنانی بازرگان، چونکە ئەگەر لایەنی ئەمنی باش بێت و هاوکاریی زیاتری ژنان بکرێت، ژمارەیەکی زۆرتر بۆ کارکردن دێنە پێشەوە، بەڵام هەندێک لە پیاوانیش قبوڵی ناکەن ژنەکانیان کار بکەن".

فائیزە قسەیەکی جیاوازی هەیە و ڕێگرییەکان بۆ خودی ژنان دەگێڕێتەوە "بەداخەوە تائێستاش پێشکەوتنێکی وا لە هاتنە پێشەوەی ژنان لە بواری بازرگانیدا بەدی نەهاتووە و ئەوەش بۆ خودی ژنان دەگەڕێتەوە، چونکە بەگشتی ژنانی کەرکووک لەڕووی بیرکردنەوەوە فەقیرن، پارەیان هەیە، بەڵام دەیدەنە ئاڵتوون و زەوی و حەزیان لە بازرگانی نییە، ئەگەر خۆیان هەوڵ نەدەن کۆمەڵگەش چی بکات؟".

ڕووداو

ژمارە (396) دووشەممە 2016/2/15

## دوو ئامۆزا پۆلیسێک دەکوژرێت

**ڕووداو- دەربەندیخان**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/2/8 لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو ئامۆزادا لە قەزای دەربەندیخان پۆلیسێک کوژراوە. گوتیشی "پێشتر ئەو پۆلیسە لەلایەن ئامۆزاکانییەوە هەڕەشەی لێکراوە و سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژەش بەرپرسەکەی لەو هەڕەشەیە ئاگادار کردووەتەوە، ئەویش پێیگوتووە سکاڵا تۆمار بکە، بەڵام تۆماری نەکردووە، بۆیە ئەو شەوە لە کاتی ڕۆیشتنەوەی بۆ ماڵەوە لەگەڵ براکەی، لەلایەن دوو ئامۆزایەوە تەقەی لێکراوە، بەو هۆیەوە خۆی کوژراوە و برایەکەشی بریندار بووە. هەروەها دوو بکوژەکە دوای ڕووداوەکە خۆیان ڕادەستی پۆلیس کردووە".

هێشتا دەستگیر نەکراوە

# فەرماندەیەکی لیوا دوو کوڕی خۆی دەکوژێت و کچێکیشی بریندار دەکات

فەرمان چۆمانی
ڕووداو- ڕانیە

پیاوێک لە قەزای ڕانیە دەستڕێژی گوللەی لە منداڵەکانی کرد و بەو هۆیەوە دوو کوڕی خۆی کوشت و کچێکیشی بریندار کرد، دواتریش هەڵات.

تا ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە بۆ پۆلیس ڕوون نییە و تۆمەتبارەکەش دەستگیر نەکراوە.

ئەو ڕووداوە نیوەڕۆی ڕۆژی 2016/2/12 لە گەڕەکی کارۆخی شارۆچکەی ڕانیە ڕوویدا، قوربانیانی ڕووداوەکەش ئاسۆی تەمەن 23 ساڵ و ئاکاری تەمەن 17 ساڵان بوون. لەگەڵ خوشکێکیان کە بریندارە.

ڕەسوڵ عەبدوڵڵا، مامی ئاسۆ و ئاکار لە یەکەم ڕۆژی پرسەی برازاکانیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "تا ئێستا نازانین باوکی ئەو منداڵانە بۆ وای کردووە، چونکە ئەو هیچ کێشەی لەگەڵ منداڵەکانیدا نەبوو".

### بەنیازی گەشت بوون

بە گوتەی ڕەسوڵ ئەو ڕۆژانە خێزانی براکەی خۆیان ئامادە کردووە دوای نوێژی هەینی بچنە دەرەوەی شار بۆ گەشت، بەڵام (م)ی برای دەستی بە تەقەکردن لە منداڵەکانی کردووە. گوتیشی "براکەم دوای ڕووداوەکە هەڵاتووە و مۆبایلەکەشی داخراوە، بۆیە نازانین چ کێشەیەکی هەبووە".

(م.عەبدوڵڵا) کە تۆمەتبارە بە کوشتنی منداڵەکانی، فەرماندەی لیوا بووە لە هێزەکانی 70ی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. دوو ژنی هەیە و ڕووداوەکە لە ماڵی ژنە گەورەکەی ڕوویداوە. جگە لەو دوو کوڕ و کچەی، دوو کوڕ و دوو کچی دیکەشی لە ژنە گەورەکەی هەن. ئاسۆ خوێندکاری پەیمانگا بووە و ئاکاریش قوتابی ئامادەیی بووە.

ڕەسوڵ دەڵێت "ڕاستە براکەم دوو ژنی هەبووە، بەڵام هیچ کێشەی لەگەڵ ژنەکانی نەبوو، هەردووکیشیان لە نێو یەک خانوودا بوون، یەکێکیان لە نهۆمی سەرەوە و ئەوی دیکەیان لە نهۆمی خوارەوە بوو. نەمزانیوە لەگەڵ منداڵەکانیشی کێشەی هەبێ".

هەر دوای ڕووداوەکە، هەرسێ منداڵەکەی (م) گەیەنرانە نەخۆشخانە، بەڵام دوو کوڕەکەی مردبوون و هەر هەمان ڕۆژ تەرمەکەیان لەلایەن بەشی دادپزیشکی نەخۆشخانەی ڕانیەوە ڕادەستی کەسوکارەکەی کرانەوە و نێژران. کچەکەش گواسترایەوە نەخۆشخانەی شەهید ئەحمەد ئیسماعیل کە نەخۆشخانەیەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە و لەوێ نەشتەرگەری بۆ کراو و ئێستا ڕەوشی تەندروستی جێگیرە.

ڕێبوار قادر، لێپرسراوی کارگێڕیی پزیشکی دادی ڕانیە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند "کوڕەکانی (م) کاتێک هێنرانە پزیشکی دادی ڕانیە، ژمارەیەکی زۆر گوللەیان پێوە بوو، لە نێو ماڵی خۆیان کوژرابوون، ئێمە ڕێکارە یاساییەکانمان بۆ ئەنجامدان و تەرمەکانمان دانەوە کەسوکاریان. بەڵام هیچ لەبارەی هۆکاری ڕووداوەکە نازانین".







# پێشمەرگەیەک لە ماڵی خوشکەکەیدا خۆی دەکوژێت



پشتیوان جەمال
ڕووداو- ڕزگاری

عەلی، چاوەڕێی بڕیاری دادگای نەکرد. هەر لە ماڵی خوشکەکەیدا بە سێ فیشەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بەڵام خوشکەزایەکی دەڵێت هێشتا دڵنیا نین لەوەی عەلی خۆی کوشتووە، یان بەهۆی دەستکاریکردنی چەکەکەیەوە فیشەکی بەرکەوتووە.

عەلی محێدین، تەمەن 49 ساڵ کە پێشمەرگە بوو، سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/2/5 لە حەوشەی ماڵی خوشکەکەیدا لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای کەلار، بە سێ گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئەو پیاوە ماوەی دوو مانگ بوو بەهۆی کێشەی لەگەڵ ژنەکەی، چووبووە ماڵی خوشکەکەی و دۆسیەکەشیان لە دادگا بوو، بەڵام بەر لەوەی دۆسیەکەی یەکلایی ببێتەوە، خۆی کوشت.

ئامینەی خوشکی عەلی کە یەکەم کەسە بە ڕووداوەکەی زانیوە، بە (ڕووداو)ی گوت "بە دەنگی تەقە لە خەو ڕاچڵەکیم، سەرەتا وامزانی تەقەکان لە دەرەوەن، بەڵام کە هاتمە حەوشە، براکەم لەسەر زەوی کەوتبوو. کاتێک گەیشتمە سەری زۆرم ڕاوەشاند و بانگم کرد، هیچ وەڵامی نەبوو، تەنیا گوێم لە دەنگی سێ هەناسەی بوو، ئیتر گیانی سپارد".

ئەو شوێنەی عەلی خۆی تێدا کوشتووە نزیکە لە دەرگای حەوشەی ماڵەکەیانەوە و فیشەکەکانیش لە جەستەی عەلی دەرچوون و بەر دیواری حەوشەکە کەوتوون.

سەربەست ئەحمەد، خوشکەزای عەلی بە (ڕووداو)ی گوت کە خاڵی دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە 120 فیشەک و هەندێ مەخزەنی بەتاڵی کڕیبوو، بەنیاز بوو ڕۆژی 2016/2/6 بچێتەوە دەوامەکەی لە جەلەولا.

سەربەست دڵنیا نییە لەوەی خاڵەکەی خۆی کوشتبێ و دەڵێت "بەپێی ئەو هێڵکارییەی لەلایەن پۆلیسەوە کراوە، خاڵم لە کاتی ڕووداوەکەدا دانیشتووە و فیشەکەکان بەر سکی کەوتوون، بۆیە گومانمان هەیە کە ئایا خۆی کوشتووە، یان فیشەک لە دەستی دەرچووە، ئێستا چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین".

بەڵام سەربەست نەیشاردەوە کە خاڵی نزیکەی 10 ساڵە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، ڕەنگە خۆیشی کوشتبێ. سەربەست گوتی "جاری وا هەبوو بەهۆی نەخۆشییەکەوە خراپتر دەبوو بۆ ماوەی 3-4 ڕۆژ دەڕۆیشت و مۆبایلیشی دادەخست و نەماندەدۆزییەوە، زۆرجار لای کەسوکارمان لە شارەزوور دەمانهێنایەوە و چەندین جاریش بردمانە لای پزیشک و دەرمانیشی بۆ نووسی، بەڵام کاتێک دەرمانەکانی نەدەما باری تەندروستی خراپ دەبوو". سەربەست گوتیشی "هەر لەبەر نەخۆشییەکەی، بەرپرسەکەی یارمەتی دەدا و دەوامی کەمی پێدەکرد".

عەلی لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی، خێزانیان پێکەوە ناوە و سێ کوڕیان هەبوو کە گەورەکەیان تەمەنی 15 ساڵانە. ئامینەی کە ئەو ماوەیە لەنزیکەوە لەگەڵ براکەی ژیاوە، گوتی "عەلی زۆر خەمی بە جیابوونەوەی لە ژنەکەی نەدەخوارد، هەوڵیشمان دا بگەڕێنەوە لای یەکدی، بەڵام دەیگوت حەز دەکەم جیا ببینەوە".

بەگوتەی خوشکەکەی، لەو ماوەیەی لە ماڵی ئەوان بووە منداڵەکانی عەلی بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ باوکی کردووە و یەک دووجاریش سەردانیان کردووە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ژنەکەی نەبوو. نەسرین گوتی "عەلی هەمیشە بێتاقەت بوو، بەڵام نازانم بێتاقەتییەکەی بەهۆی نەخۆشییەوە بوو یان جیابوونەوەی لە ژنەکەی".

سەربەستی خوشکەزاشی گوتی "کێشەی خاڵم لەگەڵ ژنەکەی هەر لە نەخۆشییەکەوە دروست بوو، دواجاریش گەیشتە ئەو بڕوایەی جیابێتەوە و بڕیاریش بوو ڕۆژی 2016/2/7 دادگا دوا بڕیار لەسەر دۆسیەکەیان بدات".

ئەو خوشکەزایەی ڕەتیکردەوە خاڵی بەهۆی کێشەی لەگەڵ ژنەکەی پەنای بۆ خۆکوشتن بردبێت و گوتی "ئەگەریش ڕووداوەکە خۆکوشتنی ئەنقەست بێت بەهۆی جیابوونەوەی لە خێزانەکەی نەبووە". خوشکەکەشی گوتی "بڕوا ناکەم خۆکوشتنەکە بەهۆی جیابوونەوەکەیەوە بووبێت، چونکە بەلایەوە ئاسایی بوو جیاببنەوە".

هەرچەندە عەلی و ژنەکەی کێشەیان هەبووە، بەڵام ژنەکەی و منداڵەکانی بەشداری پرسەکەیان کردووە. سەبارەت بە هەڵوێستی ژنەکەی، خوشکەکەی عەلی گوتی "هاوژینەکەشی پێی ناخۆش بوو، چونکە جگە لەوەی ژن و مێرد بوون، عەلی ئامۆزاشی بوو، بۆیە پێمان ئاسایی بوو کە بەشداری پرسەکەی کرد".

ڕائید عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕووداوە لەلایەن بنکەی پۆلیسی ڕزگارییەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت "لە شوێنی ڕووداوەکە سێ قەوانی فیشەک دۆزراونەتەوە و لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییشدا دەرکەوتووە ڕووداوەکە خۆکوشتنە، بەڵام بۆ زیاتر دڵنیا بوون، چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین".

هاوڕێیەکی دەڵێت لەبەر قەرزداری خۆی کوشت

# پۆلیسێک خۆی دەکوژێت

پشتیوان جەمال
ڕووداو- هەولێر

پۆلیسێکی فریاکەوتن لە شاری هەولێر بە چەکەکەی و لە ماڵی باوکیدا فیشەکێکی بە خۆیەوە نا و خۆی کوشت. خێزانەکەی دەڵێن "بەهۆی خراپیی باری دەروونییەوە خۆی کوشتووە"، هاوڕێیەکیشی دەڵێت "بەهۆی قەرزدارییەوە خۆی کوشت".

ئاری حەمەدەمین، 31 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر، باوکی دوو منداڵ بوو. ڕۆژی 2016/2/9 دوای گەڕانەوەی لە دەوام، لە ژوورێکی ماڵی باوکیدا بە چەکەکەی خۆی، فیشەکێکی بە سەریەوە ناوە و دەستبەجێ گیانی دەرچووە.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی فریاکەوتن پێیگوتین ئەو پۆلیسەیان باری دەروونیی ناجێگیر بووە و بەو هۆیەوە لە ماڵی خۆیاندا خۆی کوشتووە".

کەسوکارەکەی دەڵێن پێشتر باری دەروونیی باش نەبووە، لەدوای مردنی دایکیشی زیاتر باری دەروونیی تێکچووە. کەیفی زمارەیی کە خاڵی ئارییە بە (ڕووداو)ی گوت "کەیفی پێشتر باری دەروونیی زۆر باش نەبوو، دوای مردنی دایکیشی لە مانگی چواری ساڵی ڕابردوو، زیاتر باری دەروونیی تێکچوو".

گوتیشی "ئاری براوەتە لای پزیشک و چارەسەری پێویستی وەرگرتووە، ئەوکاتانەی دەرمانی بەکاردەهێنا باری دەروونیی باش بوو، بەڵام کە وازی لە دەرمانەکان دەهێنا وەکو خۆی لێدەهاتەوە".

خاڵی قسەی زیاتری لەبارەی خراپیی باری دەروونیی خوشکەزاکەیەوە کرد و گوتی "ئاری بەگشتی کەمێک بێتاقەت بوو، زۆر حەزی لە تێکەڵاوی نەدەکرد و زیاتر خەریکی دەوام بوو، بەڵام دوای کۆچی دوایی دایکی و بەهۆی خراپیی باری دەروونییەوە زیاتر هەست بە بێتاقەتی و خەمبارییەکەی دەکرا و دەمانزانی مێشکی ماندووە".

خۆکوشتنی ئاری هاوکاتە لەگەڵ ئەو قەیرانە داراییەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە. مووچەی شەش مانگی فەرمانبەران و کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ لەلای حکومەتە. هاوڕێیانی ئەو پۆلیسە قسەیەکی دیکە لەبارەی خۆکوشتنەکەیەوە دەکەن.

یەکێک لە هاوڕێکانی کە دراوسێشیانە و بە گوتەی خۆی نزیکەی 20 ساڵە دەیناسێت، بە (ڕووداو)ی گوت، پێدەچێت هۆکاری خۆکوشتنی ئاری پەیوەندی بە قەرزارییەوە هەبووبێت "ئەوەندەی ناسیومە نەخۆشی و کێشەی دەروونیی نەبوو، لە پرسەکەشیدا کەسوکاری گوتیان هەیکەلێکی خانووی تەواونەکراوەی بە نزیکەی 8 ملیۆن دینار کڕیوە و بەو هۆیەشەوە قەرزدار بووە و پارەی نەبووە بیداتەوە، بۆیە خۆی کوشتووە".

ئەو هاوڕێیەی هەروەها گوتی "ئاری لە نهۆمی سەرەوەی ماڵی باوکیدا دەژیا و هەر لەنێو پرسەکەدا گوتوویانە پێش خۆکوشتنی لای ژنەکەی گریاوە و گوتوویەتی چۆن ئەو قەرزە بدەمەوە، پاشان بە ژنەکەی گوتووە بڕۆ خوارەوە کەمێک بێتاقەتم".

خاڵی ئاری نەیشاردەوە کە خوشکەزاکەی قەرزدار بووە، بەڵام ڕەتیکردەوە بەو هۆیەوە خۆی کوشتبێت و گوتی "ڕاستە ئاری هەیکەلێکی کڕیبوو، پێموایە نزیکەی چوار ملیۆن دینار لەسەری قەرزدار بوو، بەڵام خۆکوشتنەکەی پەیوەندی بە قەرزدارییەوە نەبووە". هەروەها ڕەتیکردەوە لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشتبێ و گوتی "لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە لە ماڵی باوکی بوون و لە ژوورێکی ماڵی باوکیدا خۆی کوشتووە".

هەروەها ئەو زانیارییەشی پشتڕاست کردەوە کە ئاری پێش خۆکوشتنەکەی لای ژنەکەی گریاوە "پێش خۆکوشتنەکەی تەنیا خۆی و ژنەکەی لە ماڵەوە بوون و لە حەوشەکەشدا کە لەگەڵ ژنەکەی بووە کەمێک گریاوە، بەڵام لەبەر بەڕێوەچوونی پرسەکە نەمزانی چی پێگوتووە و ڕەنگە گریانەکەشی بەهۆی تێکچوونی باری دەروونییەوە بووبێت، دواتریش چووەتە ژوورێک و خۆی کوشتووە".

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ساڵی ڕابردوو 50 پیاو خۆیان کوشتووە لە کاتێکدا لە ساڵی 2014دا 30 پیاو خۆیان کوشتبوو.

# هەڵبژاردنی ئەمریکا و گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان



پۆل دەیڤس

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە دەیەوێت گشتپرسییەکەی سەربەخۆیی کوردستان بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بەڕێوەبچێت. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا چ کاریگەرییەکی لەسەر سەربەخۆیی مومکینی کوردستان دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەداخەوە ئەوەیە کە هیچ کاریگەرییەکی نابێت. ژمارەیەک هەڕەشە هەن کە دواتر باسیان دەکەم.

کورد بەگشتی و پرسی سەربەخۆیی بەتایبەتی زۆر کاریگەرییان لەسەر هۆشیاریی ئەمریکییەکان دانەناوە. ئەو شتەی زۆربەی ئەمریکییەکان لەبارەی کوردەوە دەیزانن، ئەوەیە کە کورد شەڕ لە دژی داعش دەکات، ئەمەش زیاتر لە سووریا و کەمتر لە عێراق. ئەمریکییەکان ئاوها کورد دەبینن. ئەگەر سەبارەت بە پرس و دۆزی کورد پرسیاریان لێبکرێت، ئەوە بە سەرسوڕمانەوە سەیرت دەکەن و دەڵێن "چ دۆزێک؟"

دەنگدەرە کۆمارییەکان بایەخ بە ئابووریی ئەمریکا و هەڕەشەکانی تیرۆریزم دەدەن، لە کاتێکدا دەنگدەرە دیموکراتەکان فۆکسیان لەسەر نایەکسانیی داهات و پەیوەندییە نەژادییەکانە لە ئەمریکا. لەگەڵ بەردەوامبوونی بازنەی هەڵبژاردنەکانیشدا فۆکسەکان زیاتر دەکەونە سەر پرس و بابەتە ناوخۆییەکان. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، لەبەر ئەوەی هیلاری لێدەرچێت، هیچکام لە کاندیدەکانی دیکە پێش زەمینەیان لە سیاسەتی دەرەوەدا نییە.

لەڕاستیدا گرنگ نییە گشتپرسییەکە کەی دەکرێت یانیش ئەنجامەکەی چی دەبێت، ئەمە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کەمپینی کاندیدەکان و کارەکانی حکومەتی داهاتووی ئەمریکا نابێت. ئەوەی کە دەکرێت کاریگەریی دابنێت، بۆ چالاکی و رووداوەکانی چەند مانگی داهاتوو لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە، واتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا شتێک لە ناوچەکەدا دەتەقێتەوە کە کاریگەری لەسەر ئەمریکا دابنێت؟ ئەمەیان لەڕاستیدا هەموو گرەوەکان دەگۆڕێت.

چالاکییە سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەشێت رووبەڕووبونەوەی یاریکەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە بێت، یەکێک لەوانە دەشێت چالاکیی هێزی پیادەی تورکیا یان سعودیە لە سووریا بێت. ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوە دوو هاوپەیمانی ئەمریکا راستەوخۆ بەرامبەری رووسیا و ئێران دەبنەوە، لەم حاڵەتەشدا، ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ پەلکێشی شەڕ دەکرێن، لەبەر ئەوەی جەنگەکە چیدی جەنگێکی ناوچەیی نییە.

بەڵام ئەم رووداوانە چ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە دەبێت؟ تورکیا بۆ ئەوەی بێتە ناو خاکی سووریاوە دەبێت بە ناوچە کوردییەکاندا تێپەڕێت، پێشناچێت هێزە کوردییەکان ڕێگە بە تورکیا بدەن بەبێ زیان بە ناوچەکانیاندا تێپەڕێت. بەهەمانشێوە دوور دەبینرێت تورکیا بەناو رۆژئاڤادا تێپەڕێت و هێرش نەکاتە سەر بنکەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل. رووسیاش دەکرێت هێرش بکاتە سەر یەکەکانی سوپای تورکیا، بەو بیانووەی تورکیا سەروەریی خاکی هاوپەیمانێکی رووسیای پێشێل کردووە. ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەمریکا کاردانەوەی دەبێت. جیا لەمە ماوەی چەند مانگێکە راپۆرت هەیە لەسەر ئەوەی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا باسی مەترسیی جەنگ لە دژی کوردی سووریا دەکەن. پەیوەندیی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و تورکیا دەکرێت خاڵێکی بەرجەستە بێت لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا.

لەودیو لایەنە سەربازییەکە، ئێران دەشێت چەندین ملیۆن دۆلار کە لە ئەنجامی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە بۆی گەڕاوەتەوە، بۆ پشتگیریی هێزەکانی خۆی لە سووریا بەکاربهێنێت.

دەکرێت وای دابنێین گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان دوادەخرێت یان بەڕێوەدەچێت و چاوەڕێی سەربەخۆیی بکەین. کاندیدە دیموکراتەکان دەشێت ناچار بن بەرگری لە سیاسەتی دەرەوەی شکستخواردووی خۆیان بکەن یان پشت لە ئیدارەی ئۆباما بکەن و پشتگیری لە کەسێکی دیکە بکەن. بەربژێرە کۆمارییەکانیش بەردەوام باسی شکستی سیاسەتی دەرەوەی ئۆبامایان کردووە و هەروەها ئیدانەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان رۆژئاوا و ئێرانیش دەکەن کە لای ئەوان چەق و ناوەندی کێشەکە پێکدەهێنێت. لێرەدا کورد دەکرێت بەشێک لە چارەسەر بێت.

بێشک ئەگەر هیچکام لەمانە روونەدەن و کوردی عێراق بەر لە هەڵبژاردنی ئەمریکا سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن، دواتریش تورکیا هێرش بکاتە سەر دەوڵەتە تازە راگەیێنراوەکەی کوردستان، بێگومان ئەم رووداوە داوای کاردانەوەی ئەمریکا دەکات. ئەگەر هیچکام لەمانەش هەتا دوای هەڵبژاردنەکان روونەدەن، ئەوە ئەمریکا دەشێت پشت بە دیپلۆماسی ببەستێ، نەک دەستتێوەردانی سەربازی. ئەمەش پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکات کە گشتپرسییەکە دەبێت بەر لە هەڵبژاردنەکان بەڕێوەبچن.

سیاسەتکاران و خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بە باشی هەست بەوە دەکەن چی راستە و چی هەڵەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا بەرژەوەندیخوازن و مەیلیان بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکان هەیە. راگەیاندنی پێشوەختی سەربەخۆیی کوردستان، ئەگەر پشتگیریی ئەمریکای بۆ دەوڵەتی نوێی کوردستان لەگەڵ بێت، ئیدارەی داهاتووی ئەمریکاش ناچار دەکات بیپارێزێت. ئەگەر گشتپرسییەکەش بکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکان و دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێی ئەمریکا، ئەوە دانپێدانانی ئەمریکا بە دەوڵەتی کوردستانیش دەشێت دوا بکەوێت، بۆ ئەوەی دەرفەتی کۆمەڵێک مانۆڕی ناوچەیی بۆ خۆی بهێڵێتەوە.



# ڕێگەی ڕێککەوتنەکانی سووریا بە مۆسکۆدا تێدەپەڕێ

رووداو- هەولێر

پلانی ئاگربەست لە سووریا کە رۆژی هەینی واژۆکرا، لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا، لەبەر ئەوەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پلانەکە پەیوەستە بە پابەندیی رووسیاوە، لە پلانەکەشدا هیچ ئاماژەیەک بە وەستاندنی هێرشە ئاسمانییەکانی رووسیا نەدراوە، ئەمە جیا لەوەی مۆسکۆ لە رابردووشدا ئاگربەستەکانی وەکوو هەلێک بۆ دەستخستنی دەستکەوتی سەربازیی زیاتر قۆستووەتەوە.

رێککەوتنەکەی میونشن واژۆی 17 وڵاتی لەسەرە کە بە گرووپی نێودەوڵەتی پشتگیریی سووریا (ISSG) ناویان دەرکردووە و زۆربەشیان کاریگەرییان لەسەر درێژبوونەوە و قووڵبوونەوەی قەیرانی سووریا هەیە. خاڵی هاوبەش لە نێوان رێککەوتنەکەی میونشن و ڤیەننا ئەوەیە واژۆی هیچ لایەنێکی سووری (حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن) لەسەر رێککەوتنەکە نییە. هەر بۆیەش دیار نییە ئاخۆ حکومەتی دیمەشق و هێزەکانی دیکەی بەشدار لە قەیرانی سووریا تا چەندە پابەند دەبن بە ئەنجامی رێککەوتنەکە.

چەند کاژێرێک بەر لە رێککەوتنەکەی میونشن، بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، لە دیمانەیەکی ئاژانسی فرانس پرێسدا رایگەیاندبوو "سوپای سووریا بێ راوەستان هەوڵ دەدەن هەموو ناوچە لەدەستچووەکان کۆنترۆڵ بکەنەوە". جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەهۆی تێوەگلانی هێزە ناوچەییەکان لە جەنگی سووریادا "چارەسەری قەیرانەکە کات و باجدانێکی زۆری دەوێت". لێدوانەکەی ئەسەد گومانەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی میونشن زیاتر دەکەن.

بەگوێرەی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە مانگی پێشوو پەسەند کرا و چوارچێوەی هەموو دانوستاندن و رێککەوتنەکانی پەیوەندیدار بە قەیرانی سووریا دیاری دەکات، رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و گرووپی بەرەی نوسرەی سەر بە ئەلقاعیدە لە هەموو رێککەوتنێکی ئاگربەست دەردەهاویشترێن، واتە هیچ لایەنێک پابەند نییە بەوەی جەنگ لە دژی ئەم دوو رێکخراوە بوەستێنێ.

بەڵام ئەوەی ئەم کێشەیە قووڵتر دەکاتەوە، بەرەی نوسرەیە نەک داعش. ئەگەرچی لە ناوچەکانی نێوان حەلەب و تورکیا بەرەی نوسرە هێزی باڵادەستە، بەڵام ئەم بەرەیە چالاکییەکانی خۆی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی گەورەتری هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا ئەنجام دەدات کە بە هاوپەیمانیی جەیش ئەلفەتح ناودەبرێت. ئەم هاوپەیمانییە کە لەلایەن سعودیە، تورکیا و قەتەرەوە پشتگیریی لێدەکرێت، لە کۆمەڵێک گرووپی دیکەش پێکهاتووە کە بەشێکن لەو گرووپەی بە شاندی دانوستانکاری ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لەگەڵ دیمەشق لەقەڵەم دەدرێن، لەوانەش گرووپی ئیسلامیی توندڕەوی ئەحرار ئەلشام.

ئەم بڕیارنامەیە کاریگەریی ناڕاستەوخۆ، بەڵام سەرەکی لەسەر هەموو رێککەوتنەکانیش دادەنێت، لەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەوە بە کریملین و دیمەشقیش دەدات بە بیانووی بوونی ئەم دوو رێکخراوە، درێژە بە هێرشە ئاسمانییەکانی بدات. بە گوێرەی رێککەوتنی میونشن، دەبێت پێکدادانەکان لە ماوەی هەفتەیەکدا بوەستێنرێن و ڕێگە بدرێت هاوکارییە مرۆییەکان بە ناوچە گەمارۆدراوەکان بگەن.

بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن رەخنەی ئەوە لە رێککەوتنەکە دەگرن کە بۆچی دەبێت ماوەی هەفتەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە پێکدادانەکان دیاری بکرێت، لە کاتێکدا لەم ماوەیەدا هێزی ئاسمانیی رووسیا و هێزەکانی سووریا و ئێران و حیزبوڵڵا دەشێت هێرشەکانیان بۆ سەر حەلەب چڕبکەنەوە و گرووپە چەکدارەکانی ناو ئەم شارە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ بدەن. بڕیار وایە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە چەند رۆژی داهاتوودا کۆببنەوە و بڕیار لەسەر پەسەندکردن یانیش نەکردنی رێککەوتنەکە بدەن.

یەکێک لە بەرپرسانی باڵای ئەمریکا و بەشدار لە کۆبوونەوەکەی میونشن دەڵێت "نیگەرانیەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە رووسیا پێناسەیەکی زۆر بەرفراوانی بۆ رێکخراوە تیرۆریستیەکانی سووریا هەیە، هەر بۆیەش هەر کاتێک رێکخراوێک دەکاتە ئامانج، یەکسەر بە رێکخراوێکی تیرۆریستی پێناسەی دەکات". بەڵام ریچارد گۆوان، توێژەر لە ئەنجوومەنی ئەوروپی بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە، پێیوایە رێککەوتنی میونشن زیاتر دەرخەری بێدەسەڵاتیی ئەمریکایە لە قەیرانی سووریادا و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "ئەمریکا هیچ بژارێکی بەدەستەوە نەماوە، هیچ رێگەیەکی بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی لەبەر هێرشە ئاسمانییەکان سزای رووسیا بدات، هەر بۆیەش بە ناچار پەنایان بۆ ئەم دەستپێشخەرییە دیپلۆماتیکیە برد".

یەکێک لەو خاڵانەی چاوەڕێ دەکرێت هیچ مشتومڕێکی لێ نەکەوێتەوە، گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکانە بۆ ناوچە گەمارۆدراوەکان، بەڵام میشێلێ بارسا، شارەزای کاروباری سووریا لە ئینستتیوتی گشتگیری ئەمنی، هۆشداری دەدات کە حکومەتی سووریا ئەم خاڵەش لە بەرژەوەندیی خۆی دەقۆزێتەوە. بارسا دەڵێت "ئەو شتەی ئێمە رۆژانە لە بارەی هاوکارییە مرۆییەکانەوە گوێمان لێدەبێت، ئەوەیە کە کاتێک ئەو هاوکارییانە لە رێگەی فڕۆکەوە بۆ خەڵکی ناوچەکە فڕێ دەدرێن، حکومەتی سووریا دەستیان بەسەردا دەگرێت و دواتر بەسەر هێزەکانی لایەنگری خۆیدا دابەشیان دەکات". هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە راپۆرتێکدا هۆشداری داوە کە لایەنە ناکۆکەکانی سووریا یارمەتییە مرۆییەکان بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان بەکاردێنن.

دوای کۆبوونەوە 17 قۆڵییەکەی میونشن، جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند "ئەوەی هەمانە تەنیا کۆمەڵێک وشەی سەر کاغەزن، بەڵام ئەوەی پێویستە لە چەند رۆژی داهاتوودا ببیبنین، کردارە لەسەر ئەرزی واقیع". هاوکات هۆشداریشی دا کە ئەم رێککەوتنە ئەگەر جێبەجێش بکرێت "تەنیا راگرتنی شەڕ و پێکدادانەکانە و ئاگربەستێکی تەواو نییە"، چونکە ئاگربەستێکی تەواو پێویستی بە کاری زیاترە.

شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە رێککەوتنەکەی میونشن تەنانەت سەرەتایەکی باشیش نییە بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا کە کوژرانی زیاتر لە 400 هەزار کەس و ئاوارەبوونی زیاتر لە 11 ملیۆن لە خەڵکی سووریای لێکەوتووەتەوە.

ئێمیل هۆکایەم، لە ئینستتیوتی توێژینەوە ستراتیژییەکان لەبارەی رێککەوتنەکەوە دەڵێت "ئەم رێککەوتنە کون و کەلەبەر و لێڵیی زۆری تێدایە، هۆکارەکەشی ئەوەیە رەوشێکی لەناکاوی مرۆیی لایەنەکانی ناچار بە واژۆکردنی ئەم رێککەوتنە کردووە، هەر بۆیەش هیچ رەهەندێکی سیاسی درێژخایەنی تێدا بەدی ناکرێت."

ژمارەیەکی زۆر لە دیپلۆماتەکانی رۆژئاوا نیگەرانی ئەوەن رووسیا جارێکی دیکە ئەزموونەکانی پێشووی لەبارەی رێککەوتنەکان دووبارە بکاتەوە و لە کاتێکدا لە کۆبوونەوە دیپلۆماسییەکاندا رێککەوتن واژۆ دەکات، لە مەیدانەکانی جەنگدا پەرە بە دەستکەوتە سەربازییەکانی خۆی بدات.

پارساڵ لە رۆژی 12ی شوباتدا، فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، بە نوێنەرایەتی جوداخوازەکانی رۆژهەڵاتی ئۆکراینا، رێککەوتننامەی ئاگربەستی مینسکی واژۆکرد. ئامانج لەو رێککەوتنەش کۆتاییهێنان بە شەڕ و پێکدادانی نێوان سوپای ئۆکراینا و جوداخوازەکانی رۆژهەڵاتی ئۆکراینا بوو کە مۆسکۆ پشتگیرییان لێدەکات. تەنیا شەش رۆژ دوای واژۆکردنی رێککەوتنەکە، جوداخوازەکان هێرشیان کردە سەر شاری ستراتیژیی دێباڵستیڤا. ئەگەرچی دواجار رێککەوتنەکە جێبەجێ کرا، بەڵام ئەمە هەتا دوای کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە ستراتیژییە دواکەوت.

ئالێکساندەر کۆکچاڕۆڤ، شرۆڤەکار لە ئینستتیوتی ریسکەکانی سەر وڵات، پێیوایە رۆژئاوا دەبێت ئاگای لەم تەکتیکانەی رووسیا بێت، لەبەر ئەوەی "پابەندبوونی رووسیا بە ئاگربەستەکان ناکرێت بە جیدی وەربگیرێت، ئەگەر سەیری مێژووی ئەو ئاگربەستانە بکەین کە رووسیا واژۆی لەسەر کردوون".



# قەیرانی سووریا..

# ئۆباما بڕیاری داوە هیچ بڕیارێک نەدات

ڕووداو- National Interest

سەرۆک ئۆباما لە مانگی ئەیلولی 2014دا دانی نا بەوەی کە ئەمریکا هیچ ستراتیژێکی بۆ جەنگی داعش نییە. بەمەش نەک هەر لایەنگرانی، بەڵکو ڕەخنەگرەکانی خۆیشی تووشی شۆک کرد. لە ناوەڕاستیساڵی 2015دا هەمان لێدوانی بە گۆڕانێکی بچووکەوە دووبارە کردەوە و گوتی "ئێمە هێشتا ستراتیژێکی تەواومان بۆ جەنگی داعش نییە." پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەمە چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەکرێت ئاماژە بە سێ هۆکاری سەرەکی بدرێت.

یەکەم: باراک ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەدا بەردەوام تێڕوانینێکی بەرگریکارانەی هەبووە، واتە لە زۆربەی کێشەکاندا ئەوەی پاڵی بە کۆشکی سپییەوە ناوە فلانە هەڵوێستە وەربگرێت، هێندەی خۆپاراستن لە کۆمەڵێک ئەنجام بووە هێندە گەیشتن بە کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسی نەبووە. ئەفغانستان، عێراق، ئۆکراینا نموونەگەلێکی باشن بۆ ئەوەی واشنتن لە ماوەی 7 ساڵی ڕابردوودا بەردەوام خۆی لە ئۆپەراسیۆن و بەشداریی سەربازی دوورگرتووە. تاکە شوێنێک کە سوپای ئەمریکا بەشداریی سەربازی تێدا کردبێت لیبیا بوو، کە ئۆباما دەتوانێت وەکوو بەڵگەیەک بۆ سەرکەوتوونەبوونی دەستێوەردانی سەربازی بیهێنێتەوە، لە کاتێکدا لیبیای دوای موعەمەر قەزافی بووە بە وڵاتێکی پارچە پارچە و یەکێک لەو شوێنانەی چەکدارانی داعش، دەشێت وەکوو بنکەیەکی دیکە بۆ چالاکییەکانی خۆیان بەکاری بهێنن.

دووەم: ئۆباما زۆربەی جاران وەکوو پرۆفیسۆرێکی زانکۆ مامەڵە دەکات. گومانی تێدا نییە ئۆباما زۆر شارەزایە لەوەی خاڵی لاوازی پێشنیازەکانی هاوکارەکانی لە کۆشکی سپی بدۆزێتەوە. کێشەکە ئەوەیە ئەرکی پرۆفیسۆرێکی زانکۆ لە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی ستراتیژێکی دیاریکراودا تەواو دەبێت، بەڵام کاری سەرۆکی وڵات لەوێوە دەستپێدەکات. پێدەچێت سیاسەتی دوورەپەرێزانەی باراک ئۆباما وای کردبێت نەتوانێت هەنگاوەکانی دواتر بهاوێت.

سێیەم: ئۆباما درەنگ لە بایەخی بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات تێدەگات، هەڵبەت نەک تەنیا نازانێت چۆن و کەی هێز بەکاربهێنێ، بەڵکو لە بناغەکان، بایەخی سایکۆلۆجی و ئەنجامەکانی بەکارهێنانی هێزیش تێناگات. ئەنجامی ئەم سێ هۆکارەی سەرەوەش ئەوەیە کە ئۆباما هیچ پێشنیازێکی ڕاوێژکار و هاوکارانی خۆی لە واشنتن قبوڵ ناکات.

### هەنگاوە شکستخواردووەکان

ئۆباما هەر لە سەرەتاوە بەشداری سەربازیی بەرفراوانی لە سووریا ڕەتکردەوە، ئەگەر داعش دەرنەوکەوتبایە، بەهیچ شێوەیەک فەرمانی بەکارهێنانی هێزی سەربازیشی دەرنەدەکرد، بەڵام لە پاڵ ئەم هەموو دوورەپەرێزییەدا، ئۆباما کۆمەڵێک ئامانجی زەبەلاحیشی داناوە کە لە سووریا دەستەبەریان بکات، لەوانەش لادانی بەشار ئەسەد، سەرۆکی ئێستای سووریا، لە ناوبردنی ڕێکخراوی داعش و دواجاریش گەڕاندنەوەی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بۆ سووریا. وەکوو بڵێی ئۆباما هەستی بەو جیاوازییە نەکردبێت کە لە نێوان ئامانجەکانی خۆی لە سووریا و ئامرازەکانی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا هەیە.

ئۆباما هەر لە 2011ەوە بە ئاشکرا دەیزانی کە بەنیاز نییە جەنگی ناوخۆیی سووریا بخاتە ناو ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپی، هەر بۆیە ئامادەش نەبوو هیچ هەوڵێک بدات بۆ ڕازیکردنی ڕای گشتی و کۆنگرێس سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لە ڕەخنە بەدوور بگرێت، لە مانگی ئابی 2011دا ڕایگەیاند "کاتی ئەوە هاتووە سەرۆک بەشار ئەسەد واز لە دەسەڵات بهێنێ"، کەچی تەنانەت ئەو لێدوانەی ئۆباماش هێندەی کاردانەوەیەکی کاتی بوو بەرامبەر سەرکوتە بەرفراوانەکەی ئەسەد لە دژی ناڕازییەکان، هێندە دەربڕی ستراتیژێکی ڕاستەقینەی ئۆباما بۆ لادانی ئەسەد نەبوو.

هەر لەسەرەتای قەیرانی سووریاوە وادیاربوو ڕێگەچارەی دیپلۆماتیک بەرچاوترین ڕێگەچارە بێت، لە دەستپێکیشدا پێدەچوو کۆشکی سپیش بەدوای هەمان ڕێگەچارەدا دەگەڕێت، بەڵام جەختکردنەوەی واشنتن لەسەر نەمانی ئەسەد، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ ئەم ئامانجە بنێن، وایکرد دانوستاندنە دیپلۆماتیکەکان لە ڕووکەشێک زیاتر نەبن. ئەم دیپلۆماسییە ساختەیە هەر لە سەرەتاوە دیاربوو ئەنجامێکی کۆنکریتی بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا لێ ناکەوێتەوە.

بژاردەیەکی دیکەی بەردەستی باراک ئۆباما هەماهەنگی و هاوکاریکردنی هاوپەیمانانی ئەمریکا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی ئەوان ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات بهێننە خوارەوە، لە 2012ەوە هەتا 2013 ئەمە وەکوو سیاسەتی دیفاکتۆی کۆشکی سپی لێهاتبوو، واتە ڕێگەی بە دەسەڵاتەکانی ناوچەکە، لەوانەش سعودیە، قەتەر و تورکیا دا ڕژێمی دیمەشق بڕووخێنن. بەڵام سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە پێویستی بەوە هەبوو وڵاتانی ناوچەکە هەوڵەکانیان یەکبخەن بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی ئێران بۆ پشتگیریی بەشار ئەسەد پەکبخەن، بەڵام ئەمە هیچکات سەری نەگرت.

ڕێگەی سێیەم ئەوە بوو ئەمریکا لە پشتی پەردەوە هەنگاو و هەوڵەکانی وڵاتانی دژی ئەسەد لە ناوچەکەدا ڕێکبخاتەوە، بەڵام دوو بەربەستی سەرەکیش لەبەردەم ئەم هەنگاوەی ئەمریکادا هەبوون، یەکەمیان ئەوە بوو کە ئامانجەکانی ئەمریکا جیاواز بوون لە ئامانجی هاوپەیمانانی، دووەم هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ هەماهەنگکردنەوەی ئامانجەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا زۆر کەم بوون.

سیاسەتی چوارەم کە کۆشکی سپی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بیری لێکردووەتەوە، کۆنترۆڵکردنی جەنگی سووریا بوو، بە تایبەتیش لەوێوە کە ئاگری جەنگەکە وڵاتانی دراوسێی سووریا، لەوانەش تورکیا، سعودیە، ئوردن، عێراق و ئیسرائیل نەگرێتەوە. ئەم سیاسەتە هاوکات درێژکردنەوەی ماوەی جەنگەکە و هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی کۆچبەری بوو، لە هەمانکاتدا ئۆباما ئامادەش نەبوو هەنگاوە جیدییەکان بۆ کارپێکردنی ئەم سیاسەتە بهاوێت، وەکوو پێدانی هاوکاریی ئەمنی و دارایی پێویست بە وڵاتە دراوسێکانی سووریا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ئەمنی و کۆچبەرییەکان.

دوا بژاریش کە بەدەست ئەمریکاوە مابوو، هاوکاریی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی سووریا و هێزەکانی داعش و بەرەی نوسرە، بەڵام نەبوونی هیچ هێزێکی ئەوتۆی ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەکە و خاوبوونی پرۆسەی ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بوونی ستراتیژێکی سەرلێشێواو وای کرد ئەم سیاسەتەش تەنیا دروستبوونی داعش و بەهێزبوونی لقی قاعیدەی سووریا، واتە بەرەی نوسرەی لێ شین ببێت.

ئۆباما مافی خۆیەتی بڵێ "ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی من ئاسانترە لە داڕشتنی سیاسەتێکی تۆکمە"، بەڵام دیسانیش ئەنجامی سیاسەتەکانی ئەو لە ماوەی نزیک نیو دەیەی جەنگی سووریادا دیارن، قەیرانی کۆچبەران، وێرانبوونی سووریا، کوژرانی دەیان هەزار کەس ئەنجامە زۆر ئاشکراکانی سیاسەتی دوورەپەرێزی ئۆبامان. ئەمە جگە لەوەی ئەم سیاسەتە بۆشاییەکی بۆ ڕووسیاش هێشتەوە بۆ ئەوەی بیر لە جێگیرکردنی هێزی ئاسمانی خۆی لە سووریا بکاتەوە، بەمەش هێندەی دیکە باری ڕۆژئاوا بۆ ڕووخاندنی ئەسەد و یەکلاکردنەوەی جەنگی ناوخۆیی سووریا قورستر کرد.

ئۆباما لە سەرەتای هاتنە سەر کاری وەکوو سەرۆکی ئەمریکا بەڵێنی دا، بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باری جەنگ لەسەر شانی ئەمریکییەکان و ناوچەکە سووکتر بکات، بەڵام ئەوەی لە دوایین ساڵی ئۆباما وەکوو سەرۆکی ئەمریکا دەیبینین پێچەوانەکەیەتی، شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر بەردەوامە. ئۆباما ئەمەی نەدەویست، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە دەبوایە چی بکات بۆ ئەوەی تووشی ئەم ئەنجامەی ئێستا نەبێت؟



# هەرێمە بە نەوت دەوڵەمەندەکەی نایجیریا داوای جیابوونەوە دەکات

ڕێبوار قاسم- ڕووداو

کۆدیلینیا ئۆبیاگۆ بەدەم گوێگرتن لە ڕادیۆی بیافرا-وە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێت "گوێگرتن لە ڕادیۆ تامی جارانی نییە. بیرمە سەردەمانێک زۆربەی کات گوێمان بەم ڕادیۆیەوە بوو. ئەوکات تەمەنم تەنیا 10 ساڵ بوو. بەڵام کاتێک سەیری دایک و باوک و خزمەکانم دەکرد، دەمزانی دەنگی بێژەری ئەم ڕادیۆیە چ هیوایەکیان پێدەدات".

ڕادیۆی بیافرا و هاوارکردنی بێژەری ڕادیۆکە لە ساڵانی جەنگی سەربەخۆییدا، لە بیرەوەریی زۆربەی بەساڵاچووانی بیافرادا ماوە. نزیک 50 ساڵ بەسەر ئەو جەنگەدا تێپەڕیوە، بەڵام بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی لای نەوەی ئەو سەردەمە هەر ماوە.

ساڵی 1967 بزووتنەوەی جوداخوازی بیافرا سەربەخۆیی ئەم هەرێمەی لە نایجیریا ڕاگەیاند. دوای ڕاگەیاندنەکە حکومەتی ناوەندیی نایجیریا 250 هەزار سەربازی ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرد و لە دەریا و وشکانییەوە گەمارۆی خستە سەر بیافرا. شەڕی سەربەخۆیی کە نایجیرییەکان بە شەڕی ناوخۆیی ناوی دەبەن، ماوەی سێ ساڵی خایاند و لەم ماوەیەشدا زیاتر لە ملیۆنێک کەس کوژران کە زۆربەیان بەهۆی برسێتییەوە بوو.

بۆ ماوەی سێ دەیە دوای هێرشەکانی حکومەت بۆ سەر بیافرا، حکومەتی سەربازیی نایجیریا هەموو باسکردنێک لە سەربەخۆیی و جودابوونەوەی سەرکوت دەکرد، بەڵام گواستنەوەی بەرەو حکومەتی دیموکراتیک لە 1999دا، جارێکی دیکە باس و خواسی سەربەخۆیی هێنایەوە ئاراوە.

ئێستاش دوای پێنج دەیە، جارێکی دیکە ڕەوتی جوداخوازی لە هەرێمی بیافرا کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی نایجیریاوە، سەری هەڵداوەتەوە، خەڵک ڕژاونەتە سەر شەقام، ڕێگاکانی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلیان گرتووە و ئاڵای ڕەش، سەوز و سووری بیافرا دەشەکێننەوە، هاوکات دراو و پاسپۆرتی بیافرا بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن.

خۆپیشاندەران پێیانوایە ئەوەی لە 1967 بۆیان دەستەبەر نەبووە، ئێستا لە 2016دا دەکرێت پێی بگەن، بەبڕوای خۆپیشاندەران، شکستی سەرهەڵدانەکانی پێشووی بیافرا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکردەکانیان دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوت و نەیانتوانی سوودی لێ وەربگرن.

ئەگەرچی حکومەتی نایجیریا حکومەتێکی فیدراڵیشە، بەڵام دانیشتووانی بیافرا کە بە ئیگبۆ ناسراون، لە حکومەتی ناوەندی دڵگرانن و دەسەڵاتی ناوەندی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ئەوانی لە دەسەڵاتەکانی ئابووری و سیاسیی وڵات خستووەتە پەراوێزەوە، لە کاتێکدا گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکەی وەکوو هەوسا فولانی و یورۆبا جومگە سەرەکییەکانی حکومەتیان لەدەستدایە. ئیگبۆکان پێیانوایە نایجیرییەکان هیچکات لە هەوڵەکەی 1967ی ئەوان خۆش نابن. نەوەی بەساڵاچووی بیافرا، مەیلێکی زۆریان نەماوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ریسک بکەن و باسی سەربەخۆیی بکەنەوە. یەکێک لەوانەی لە کاتی جەنگی ناوخۆیی نایجیریا بریندار بووە، دەگێڕێتەوە "من بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک خوێنم لەبەر ڕۆیشت و خواردن و خواردنەوەم نەبینی، هەر کەسێک ئەو ڕۆژگارەی بینیبێت جارێکی دیکە پشتگیری لە سەربەخۆیی بیافرا ناکات."

بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سەرووی پەنجا ساڵە، تەنانەت یەک لەسەر سێی دانیشتووانی نایجیریاش پێکناهێنن و بەشێکی زۆری دانیشتووانی نایجیریا و هەرێمی بیافرا زۆر لەوە کەم تەمەنترن کە تراژیدیای ساڵانی شەستەکانیان لەیاد مابێت.

ڕێژەی زۆری بێکاریی گەنجان لە نایجیریا بەگشتی و هەرێمێکی وەکوو بیافرا هیچ ڕێگەیەکی بۆ گەنجانی ئەم وڵاتە نەهێشتووەتەوە جگە لەوەی یان داوای چاکسازی لە حکومەت یانیش داوای جودابوونەوە لە ناوەند بکەن. ژمارەیەکی زۆر لە نەوەی نوێی بیافرا لەگەڵ بۆچوونی یەکێک لە گەنجە خۆپیشاندەرەکانی بیافرادا هاوڕان کە دەڵێت "لە نایجیریا کەس بە کەس نییە... سەرکردەکان ناشایستە و گەندەڵن، بۆیە ئێمە ئازادی و سەربەخۆیی خۆمان دەوێت."

لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا، ڕادیۆی بیافرا جارێکی دیکە گڕوتینی تێکەوتووەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان ڕادیۆکە لەلایەن نمادی کانۆ، سەرۆکی بزووتنەوەی جوداخوازیی خەڵکی ڕەسەنی بیافرا، لە بەریتانیاوە بەرنامەکانی پەخش دەکات. کانۆ کە هەڵگری ڕەگەزنامەی نایجیریا و بەریتانیایە، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە لە نایجیریا دەستگیرکراوە، ئەمەش دوای ئەوەی بۆ هاندانی ئیگبۆکان سەردانی نایجیریای کردبوو. حکومەتی نایجیریا ڕادیۆی بیافرا بە نایاسایی دەزانێت. ڕێکخراوەکانی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە چارەنووسی کانۆ دەربڕیوە و پارێزەرەکەشی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دادگای نایجیریا سیاسیانە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکە دەکات و تۆمەتی دیکەی داوەتە پاڵ کانۆ، یەک لەوانەش تۆمەتی پشتگیریکردن لە تیرۆر.

محەممەدۆ بوهاری، سەرۆکی نایجیریا، سەرەتای مانگی ڕابردوو ڕایگەیاند کە ئامادە نین نمادی کانۆ، کەسایەتی سیمبۆلیکی جوداخوازەکانی بیافرا، ئازاد بکەن. ئەم بڕیارەی بوهاری هێندەی دیکە ئیگبۆکانی تووڕە کرد، نەک هەر لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پارساڵدا دەنگیان بە گودلاک جۆناسان، ڕکابەرەکەی بوهاری دا، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەی بوهاری وەکوو فەرماندەیەکی سەربازی، بەشداریی کارای لە شکستپێهێنانی یەکەم بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی ئیگبۆکان لە 1967دا هەبووە.

بوهاری، وەکوو زۆربەی سەرۆک کۆمارەکانی پێشووی نایجیریا ڕایگەیاندووە "یەکپارچەیی نایجیریا جێگەی مشتومڕ نییە". ئەم هەڵوێستە توندە، هێندەی بۆ هەستی نەتەوەپەرستیی سەرۆک کۆمارە موسڵمانەکەی نایجیریا دەگەڕێتەوە، هێندەش پەیوەندی بە بیرە نەوتەکانی بیافراوە هەیە. نەوت لە لایەکەوە وای کردووە حکومەت بە هەر نرخێک بووە ئەو هەرێمە لەگەڵ نایجیریا بهێڵێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە متمانەی بە ئیگبۆکان داوە کە ئەگەر سەربەخۆیی وەربگرن، دەتوانن پێویستییە ئابوورییەکانی خۆیان دابین بکەن.

بەڵام ئەرکی سەربەخۆییخوازەکانی هەرێمی بیافرا ئاسان نییە، لەلایەکەوە حکومەتی نایجیریا پرسی سەربەخۆیی بیافرا وەکوو هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی نایجیریا دەبینێ و هەموو بزووتنەوە سەربەخۆخوازەکانیش بە خیانەتکار ناوزەد دەکات، لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە کەمینە نەتەوەییەکانی ناو هەرێمی بیافرا وەکوو ئەفیک، ئیبیبیۆ، ئیجاو، ئێسان و ئۆرهۆبۆ، لەگەڵ سەربەخۆیی ئەم هەرێمەدا نین، لەبەر ئەوەی ئەوان پێیان باشترە لەنێو نایجیریادا کەمینە بن، نەک لە هەرێمی ئیگبۆکاندا.

حکومەتی نایجیریا ناوبانگێکی جیهانی هەیە بەوەی ناتوانێت کێشەکان لە کاتی خۆیدا چارەسەر بکات و کاتێکیش کار لەکار دەترازێت، یەکسەر سوپا ڕەوانەی ناوچە کێشەدارەکە دەکات. یەکێک لە ڕاوێژکارە باڵاکانی نایجیریا دوو ساڵ لەمەوبەر ئاشکرای کرد "لە کۆی 36 پارێزگای نایجیریا سوپای وڵات لە 28 پارێزگا جێگیرکراون". ئەمەش واتە سوپای نایجیریا هێندەی سەرقاڵە بە ڕەواندنەوەی نیگەرانییە ناوخۆییەکانەوە، هێندە سەرقاڵی مەترسییە دەرەکییەکانی سەر نایجیریا نییە.

بە بۆچوونی ئۆبیاگۆ کە بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژنامەی گاردیەن-ی بەریتانیشە لە نایجیریا، پرسی سەربەخۆیی و جودابووەنەوە بووە بە پرسێکی قەدەغەکراو، هەر بۆیەش دەرگای هەموو جۆرە گفتوگۆیەکی سیاسی لە نێوان جوداخوازەکانی بیافرا و حکومەتی ناوەندیدا داخراوە. ئۆبیاگۆ پێیوایە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی گرووپی جوداخوازی زۆر توندڕەو خۆش کردووە کە چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوودا سوپای نایجیریا تووشی شەڕێکی خوێناوی چەندین ساڵە بکەن.

ئۆبیاگۆ دەنگی ڕادیۆکەی کز دەکات، ئەویش وەکوو زۆربەی خەڵکی هەرێمەکە پێیوایە ئەم ڕادیۆی بیافرایە ئەوەی 50 ساڵ لەمەوبەر نییە، چونکە "ڕادیۆ بیافراکەی 1967 جێگەی متمانەی هەموو خەڵک بوو."

پەیوەندیی نێوان ڕادیۆی بیافرا و سەرهەڵدانە جوداخوازەکانی بیافرا لە پەیوەندییەکی ڕۆمانتیکی پڕ هەوراز و نشێو دەچێت. دەنگی ئەم ڕادیۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی هەستی جوداخوازیدا زیندوو دەبێتەوە. خەڵکانێکی زۆر وەکوو باوکی کۆدیلینیا ئۆبیاگۆ هەبوون کە لە سوپای ئەوکاتی نایجیریا ڕایانکردبووە ناو هێزە جوداخوازەکانی بیافرا، ئەوان جگە لەو ڕادیۆیە بڕوایان بە هەواڵی هیچ ڕادیۆیەکی بیانی و نایجیری نەدەکرد.

ئۆبیاگۆ جارێکی دیکە دەچێتەوە ناو بیرەوەرییەکانییەوە "پەخشی ڕادیۆ بیافرا بۆ خەڵکانێکی زۆر گرنگ بوو، دەنگی ئەم ڕادیۆیە لە کاتی شەڕ و قات و قڕیدا ورە و گڕوتینی پێدەداین، وتارەکانی ئوجوکو، سەرۆکی سوپای بیافرا، لە ڕادیۆ بیافرا بڵاودەکرانەوە. پەخشی ڕادیۆکە هەمیشە بە جۆرێک لە هاندان و ورەبەخشین کۆتایی دەهات. بیرمە بێژەرەکە هاواری دەکرد "بیافرییەکان نابێت بخەون".

# قەیرانی دارایی منداڵبوونی کەم نەکردووەتەوە

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی



سەرەڕای ئەو دۆخە داراییە سەختەی رووی لە باشووری کوردستان کردووە، رێژەی لەدایکبوون بەراورد بە ساڵانی رابردوو گۆڕانکارییەکی ئەتۆی بەسەردا نەهاتووە. بەشێک لە هاووڵاتیان ئەوە بۆ پاڵنەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕنەوە، هەندێکی دیکەش وای دەبینن ئیدی لەمەودوا خەڵکی بیر لە سنووردانان بۆ منداڵبوون دەکەنەوە، چونکە پێشتر دەگوترا قەیرانەکە راگوزەر و کورتخایەنە.

سەعید رەشید، کە تازە خێزانی پێکەوە ناوە، دەڵێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا منداڵبوون تەنیا خواستی ژن و مێرد نییە، بەڵکو گوشارێکی کۆمەڵایەتیشە "زۆربەی کات ماڵی پیاو یان ژنەکە زۆریان لێدەکەن و داوای منداڵ دەکەن. بەگشتیش ئەگەر دوای ماوەیەک لە پێکەوەنانی خێزان منداڵ دروست نەکرێ، ئەوە دەبێتە بابەتی نێو خزم و هاوڕێیان و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکەن. بۆیە ژن و مێرد بۆ دووربوون لەو سەرئێشەیە بێ بیرکردنەوەی جددی لەلایەنی ماددی، منداڵ دروست دەکەن".

بەڵام سامان حەسەن کە باوکی دوو منداڵە، پێیوایە جارێ زووە باسی کاریگەریی قەیران لەسەر رێژەی منداڵبوون بکرێ "ئەمە دەبێ لە ماوەی پێنج ساڵدا بەدواداچوونی بۆ بکرێ، خەڵکی تاوەکو مانگی شەشی پاریش تەنیا دوو مووچەی پێ نەدرابوو، هەمیشەش گەشبینی بڵاودەکرایەوە کە گرفتەکە کاتییە و ئەوەندەی نەماوە چارەسەر ببێ".

## ژمارەکان چی دەڵێن؟

بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو)، پەیوەندییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان قەیرانی دارایی و ژمارەی حاڵەتەکانی لەدایکبوون لە پارێزگای سلێمانی.

عومەر رەشید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تۆماری لەدایکبووان و مردووان لە سلێمانی لەبارەی ئاماری دوو ساڵی رابردووو بە (رووداو)ی گوت کە ساڵی 2014 ژمارەی لەدایکبووان 31 هەزار و 931 کەس بووە و 3320 کەسیان لە ئاوارەکان بوون. ساڵی 2015 کە ساڵی قووڵبوونەوەی زیاتری قەیرانەکان بوو، ژمارەکە بۆ 33 هەزار و 140 زیادی کردووە کە 2095 کەسیان لە ئاوارەکان بوون. واتە ساڵی 2015 بە بەراورد بە ساڵی پێش خۆی ژمارەی لەدایکبووانی سلێمانی زیاتر لە 3000 کەس زیادی کردووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە ساڵی 2015 و قووڵبوونەوەی قەیرانەکاندا، ژمارەیەکی زۆرتری خانمان روویان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کردووە بۆ منداڵبوون، کە تێچوویەکی زۆریان هەیە بەراورد بە نەخۆشخانە حکومییەکان.

ساڵی 2013 لە سلێمانی 17%ی حاڵەتەکانی منداڵبوون لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بووە، کەچی ساڵی 2015 وەک عومەر رەشید روونی کردەوە، 30%ی حاڵەتەکانی منداڵبوون لەنێو نەخۆشخانە تایبەتەکان بوون.

توێژەرێک وای دەبینێت کۆمەڵگەی کوردی و ئەو کۆمەڵگایانەی هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی شارستانیەت، هێشتا منداڵ خستنەوە بە پاڵپشتێکی گرنگی مانەوەیان دەزانن.

زانست زانا، توێژەر و شارەزا لە پەرەپێدانی مرۆیی، بە (رووداو)ی گوت "ئەو کۆمەڵگایانەی هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستی جێبەجێکردنی یاسا مۆدێرنەکان و دەوڵەتی دامەزراوەیی، ئەندامانی خێزان و کەسە نزیکەکان بە پاڵپشتێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی دەبینن لە بەرامبەر هەر مەترسییەک، بۆیە ئاسان نییە بەهۆی تەنگوچەڵەمەی داراییەوە بیرۆکەی منداڵ دروستکردن وەلا بنێن".

توێژەرەکە بەدووریشی نازانێت سەختتربوونی قەیرانی دارایی و نەمانی ئومێدی چارەسەر لەمەودوا کار لە خستنەوەی منداڵ بکەن، چونکە "درێژبوونەوەی قەیرانەکە پێکەوەنانی خێزان کەم دەکاتەوە، دووریش نییە گوشارە دەروونییەکانی ئەو قەیرانە کار لە منداڵ خستنەوەی خێزانە جێگیرەکانیش بکات".

## مردنی منداڵانیش بەرزە

عێراق لە ریزی 177 وڵاتی جیهاندا بۆ رێژەی مردنی منداڵان پلەی 107ی وەرگرتووە، لەو ریزبەندییەدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردووەتەوە، سەنگاپوورە پلەی یەکەمین و باشترینی وەرگرتووە و سیرالیۆن 177 هەمین و خراپترینە.

بەپێی داتای نەتەوە یەکگرتووەکان، لەساڵی 2015دا رێژەی مردنی منداڵانی خوار تەمەنی یەک ساڵان لە عێراقدا 32.13 منداڵە بۆ هەر 1000 منداڵ. بەڵام ژمارەکە لە ئێران 14.78 و لە تورکیا 12.61ە بۆ هەزار منداڵ.

لەساڵی 2011دا یونیسێف بە هاوکاریی دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری عێراق رووپێوییەکی فراوانی تەندروستییان کرد، رووپێوییەکە دەریخستبوو هەرێمی کوردستان ئامارەکانی دڵخۆشکەرترن و لەنێو کوردستانیش سلێمانی باشترینە.

بەپێی رووپێوییەکە، رێژەی مردنی منداڵانی خوار تەمەنی یەک ساڵ لە هەرێمی کوردستان 28 منداڵە لە هەر 1000 منداڵ، کەچی لە کۆی پارێزگاکانی دیکەی عێراق رێژەکە 33 بوو.

لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش ژمارەکە بۆ سلێمانی 24، هەولێر 27 و دهۆک 33 بووە. هەمان داتا بۆ کەرکووک 44 و مووسڵیش 40 بووە.

ژمارەکە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئێجگار جیاوازە، بۆ نموونە لە سەنگاپوورە تەنیا 1.77 حاڵەتی مردنی خوار تەمەنی یەک ساڵە بۆ هەر 1000 منداڵێکی ئەو تەمەنە. لە هەندێک وڵاتیش ئێجگار لە کوردستان خراپترە، بۆ نموونە لە سیرالیۆن ئەو ژمارەیە 94.43یە بۆ هەزار منداڵ.

# سێ رێگا بۆ رووبەڕووبوونەوەی میزەچرکە

رووداو- مێلسکۆم

بەپێی رێنماییە نوێیەکانی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکا، هەندێک رێوشوێنی سادە هەن کە دەتوانن میزەچرکەی خانمان کۆنترۆڵ بکەن بێئەوەی پێویست بە دەرمان و نەشتەرگەری بکات.

کۆمەڵەکە دەڵێن وەرزشی بەهێزکردنی حەوز، مەشقی تایبەت بە میزڵدان و کۆنترۆڵکردنی کێش و رێکخستنی، رۆڵیان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی میزەچرکەدا.

هەندێک لە خانمان لەکاتی پێکەنین، کۆکە و پژمیندا کۆنترۆڵی میز لەدەست دەدەن و میزەچرکە دەکەن. کۆمەڵە پزیشکییەکە دەڵێن ئەنجامدانی وەرزشەکانی حەوز کە بە کیگڵ (Kegel exercise) ناسراوە، توانایەکی زیاتر بە خانمان دەدەن بۆئەوەی میزکردنیان کۆنترۆڵ بکەن.

هەندێک خانمی دیکە لەپڕ و بێ نیشانەی پێشوەختە هەستدەکەن دەبێ هەر خێرا میز بکەن و ئەگەر کەمێک دوای بخەن ئەوە میزەچرکە دەکەن. بە گوتەی کۆمەڵە ئەمریکییەکە ئەم خانمانە سوودێکی بەرچاو لە مەشقی میزڵدان دەبینن. لەمبارەدا خانمەکە خشتەیەک دادەنێ و هەندێک کاتی دیاریکراو دەچێتە توالێت ئەگەر میزیشی نەیەت، لەگەڵ تێپەڕینی کات ماوەی نێوان چوونەکان درێژ دەکاتەوە.

ئەو خانمانەی تێکەڵەیەک لەم جۆرانەی میزەچرکەیان هەیە، بەپێی رێنمایی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکا دەبێت هەم وەرزشەکانی کیگڵ و هەم مەشقی میزڵدانیش بکەن.

خۆ ئەگەر ئەمانە سوودیان نەبوو، ئیدی پزیشک بە رێگەی دەرمان کۆنترۆڵی میزکردن لە خانمەکەدا زیاد دەکات.

ئەو خانمانەی میزەچرکەیان هەیە وقەڵەون، لە رێگەی دابەزاندنی کێشیانەوە توانایان زیاد دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی میزڵدان و راگرتنی میز.

میزەچرکە و رانەگرتنی میز لە خانماندا، لەگەڵ زیادبوونی تەمەن، ئەگەری روودانی زیاد دەکات. ئەو خانمانەی تەمەنیان 40-60 ساڵە ئەوە 57% یان بە راددەی جیاواز میزەچرکەیان هەیە. ئەو خانمانەشی 75 ساڵ و زیاترن، 75% یان تووشی ئەو حاڵەتە بێزارکەرە دەبن.



# فێ.. هۆکار و چارەسەرییەکانی

رووداو- WHO

فێ، نەخۆشییەکی نەگوازراوەیە، لە هەموو تەمەنێکدا ئەگەری هەیە تووشی ببیت. لەسەر ئاستی جیهان 50 ملیۆن کەس ئەم نەخۆشییەیان هەیە و ساڵانە 2.4 ملیۆن کەس تووشی دەبن. 80%ی تووشبووان لە وڵاتانی هەژار و مامناوەنددان. 70%ی حاڵەتەکان بە دەرمان کۆنترۆڵ دەکرێن. 75%ی ئەو تووشبووانەی لە وڵاتە هەژار و مامناوەندەکاندان، چارەسەری پێویستیان پێ نادرێ.

لەکاتی فێ لێهاتندا بەشێک یان کۆی جەستە دەست بە جووڵەیەکی کۆنترۆڵنەکراو دەکات، هۆش تێکدەچێ و کەسەکە هەندێکجار لەکاتی نۆرەی فێ لێهاتنەکەدا کۆنترۆڵی میز و پیسایی لەدەست دەدات.

هۆکاری فێ لێهاتن ئەوەیە هەندێک خانەی مێشک زیاد لەپێویست بارگەی کارەبایی بڵاودەکەنەوە، ماوەی بەردەوامییەکەشی جیاوازە لە چەند چرکەیەکەوە بۆ ماوەیەکی درێژ. هەندێکجار ساڵانە یەکجار روودەدات، کەچی هەندێکجار و لە هەندێک کەسدا رۆژانە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە.

ئەوانەی ئەم نەخۆشییەیان هەیە زیاتر لە مەترسی چەند ئاڵۆزکارییەکدان، وەکوو شکانی ئێسک و برینداربوونی پێست، ئەویش بەهۆی جووڵەی بێ کۆنترۆڵ و کەوتنی لەپڕ و نقومبوون و سووتان. هەروەک زۆرتریش تووشی حاڵەتە دەروونییەکانی وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەبن. هەروەک ئەگەری جوانەمەرگبوونیشیان سێ هێندەی کەسانی ئاساییە.

نەخۆشی فێ هەرگیز لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ناگوازرێتەوە. لە 60%ی حاڵەتەکاندا هۆکارێک نابینرێتەوە کە بووبێتە هۆی تووشبوونی کەسەکە بە نەخۆشییەکە. لەوانی دیکەشدا رەنگە یەکێک لەمانە هۆکاری تووشبوون بن بە فێ:

1- زیان گەیشتن بە مێشک لە سکی دایکدا و لەکاتی لەدایکبوون کە رەنگە بۆ ماوەیەک ئۆکسجین لە مێشک دەبڕێت.

2 - ئەو حاڵەتە زگماکی و بۆماوەییانەی کە شێواویی مێشک دروست دەکەن.

3- زەبر توند بە سەر بکەوێت


4 - جەڵتەیەکی مێشک کە ئۆکسجینی گەیشتوو بە مێشک بۆ ماوەیەک دەبڕێت.

5 - هەوکردنی مێشک و پەردەکانی.

6 - هەندێک نەخۆشیی گشتیی بۆماوەیی.

7- گرێ لە مێشکدا، وەکوو شێرپەنجەی مێشک.

خۆشبەختانە دەرمانی کۆنترۆڵکردنی فێ ئێستا زۆرن و هەرزانیشن و تەنانەت هەژارانیش دەتوانن دەستی بخەن، دەرمانەکان هێندە هەرزانن کە هەندێک کەس ساڵانە تەنیا 5 دۆلاریان دەوێ بۆ کڕینی دەرمانەکان. هەندێک لە تووشبووەکان دوای 2-5 ساڵ لە بەکارهێنانی دەرمان بە یەکجاری چاک دەبنەوە و ئیدی دەرمانیان ناوێ. توێژینەوەکان دەڵێن 70%ی منداڵان و 60%ی کەسانی پێگەیشتووی تووشبوو دواجار دەرمانیان پێویست نابێ و نەخۆشیەکەشیان نامێنێ.



# بەردی زراو چۆن دروست دەبێ؟

رووداو- DW


بەشێکی بەرچاوی خەڵک بەردی زراویان هەیە، زۆریان هەر ناشزانن کە هەیانە. ئەم بەردە هەمووکات مەترسیدار نییە و مەرج نییە هەموو بەردێکی زراو، چارەسەری پێویست بێت.

زراو، کاری زێدە گرنگی لە جەستەدا هەن و یارمەتی هەرسکردنی چەورییەکان دەدات. هەموو رۆژێک نیو لیتر شلەی زەرداو دروست دەکات. لەو شلەیەدا جگە لە ئاو، کۆلیسترۆل و کلس و هیمۆگلۆبین هەن. کاتێک باڵانسی ئەو ماددە پێکهێنەرانەی شلەکە تێکدەچێت، بەردێکی رەق لە توورەگەی زراودا دروست دەبێت. شارەزایان وای دەخەمڵێنن 15-20%ی خەڵک بەردی زراویان هەیە.

مەرج نییە ئەو بەردەی دروست دەبێت هەمووکات ببێتە سەرچاوەی گرفت و دەردەسەری. 75%ی ئەوانەی بەردی زراویان هەیە نازانن کە ئەو گرفتەیان هەیە. ئەوکاتەی بەردی زراو توورەگەکە بەجێدەهێڵێت و دەچێتە جۆگەی زراو و لەوێدا گیردەخوات و ناتوانێ تێپەڕ ببێت، دەبێتە هۆی هەوکردنی جۆگەکە و تەنانەت هەوکردنی پەنکریاسیش. کاتێک دەگاتە ئەو شوێنە دەبێ چارەسەر بکرێ، دەنا دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی، لەوانە زەردوویی.

قەڵەوی و جوڵەی کەم رێگە خۆشدەکەن بۆ دروستبوونی بەردی زراو. 25%ی حاڵەتەکانیش پەیوەندییان بە پاڵنەری بۆماوەییەوە هەیە، واتە ئەوانەی کەسە نزیکەکانیان تووش دەبن، ئەگەری زۆرە خۆیشیان ئەو بەردە دروست بکەن. ئەوانەی بەخێرایی کێشیان دادەبەزێنن و دواتر قەڵەو دەبنەوە، ئەگەری تووشبوونیان زۆر بەهێزە. خانمانیش زیاتر لە پیاوان تووش دەبن. لەنێو خانمانیشدا دووگیانەکان ئەگەری تووشبوونیان زیاترە.

چارەسەری بەردی زراو نەشتەرگەرییە. لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا ساڵانە 175 هەزار نەشتەرگەریی لابردنی زراو دەکرێن، ئەگەر بەردەکان بچووک و بە ژمارە کەم بن، سەرەتا دەرمان دەدرێتە کەسەکە و دوای چەند مانگێک ئەگەری هەیە بەردەکان نەمێنن.





# دڵشاد نێروەیی کارەکەی دەگۆڕێت


**کاروان عەلی / رووداو- دهۆک**

گۆرانیبێژ دڵشاد نێروەیی، دوای ئەوەی کۆنسێرت و ئاهەنگی گۆرانی بازاڕی نامێنێ، ئێستا بۆ بژێوی ژیانی خەڵک فێری میوزیکژەنین دەکات.

دڵشاد نێروەیی بە (رووداو)ی راگەیاند "پاش ئەوەی بەهۆی شەڕ و قەیرانی دارایی کۆنسێرت و چالاکیی هونەری نەما، ئێستا خولی فێربوونی میوزیک بۆ گەنجان دەکەمەوە و لەو رێگەیەوە بژێوی ژیانم دابین دەکەم، دەیان کەس رۆژانە سەردانم دەکەن بۆ ئەوەی فێری ژەنینی ئامێری سازیان بکەم".

دڵشاد باسی یەکێک لە قوتابییەکانی کرد کە گەنجێکی بە رەچەڵەک بەریتانییە و گوتی "بەریتانییەک رۆژانە دێتە لام خۆی فێری ژەنینی گۆرانییەکانی هونەرمەندی کورد شڤان پەروەر دەکات، ئێستا ئاوازی سێ لە گۆرانییەکانی شڤان بەباشی لێدەدات".

# کەی بەهار فیلمێکی خۆی دۆکیۆمێنت دەکات




**هیوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

نوێترین پرۆژەی کەی بەهار، دەرهێنەری کورد، فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییە بەناوی "چیرۆکی من سامیم" کە بەشێوەیەکی پەروەردەکاری باسی هونەری سینەما لە کوردستان دەکات.

کەی بەهار دەرهێنەری فیلمی (من سامیم) بە (رووداو)ی راگەیاند "ماوەیەکە خەریکی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریم بەناونیشانی (چیرۆکی من سامی-م) کە لە سەرەتاوە باس لە پرۆژە و بەرهەمکاری و فیلمکاریی من سامی-م دەکات، لە کوردستانەوە بۆ بەریتانیا، مەکسیک و ئەمریکا و هیندستان".

کەی بەهار دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە گوتی "ئەم فیلمە 35 خولەکە، بەزمانی کوردییە و تایبەت کراوە بۆ پەروەردە دەربارەی هێز و توانای فیلم لە جیهاندا و ئەزموونی نوێ بۆ کوردستان کە لە روانگەی فیلمی من سامیم لە سینەما دەدوێت، نیازمان هەیە لە کۆتایی ئەم مانگە تەواوی بکەین".

# کازم ساهیر ئاوازێک دەداتە گۆرانیبێژێکی کورد



**هیوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

کازم ساهیر، هونەرمەندی عێراقی، بەڵێنی داوە ئاوازێک بداتە مێڤان ئامێدی، گۆرانیبێژی کورد.

مێڤان لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "هونەرمەند کازم ساهیر ئاوازێکم دەداتێ، هەروەها ئاوازدانەری بەناوبانگی عێراقی ئیسماعیل فەروەچی و ئەحمەد حەداد و لە میسریش محەممەد عاتف بەرهەمیان پێشکەش کردووم".

مێڤان دەربارەی ئەلبوومە نوێیەکەی بە (رووداو)ی گوت "ماوەی ساڵ و نیوێکە کار لە ئەلبوومەکەم دەکەم کە لە 7 تراک پێکهاتووە، لە میسر و تورکیا کاری میوزیکی بۆ جێبەجێ کراوە، بەڵام لە شاری دهۆک کاری تۆمارکردنی دەنگی بۆ دەکەم، بڕیارم داوە مانگی ئادار کۆتایی بەکارەکانی بهێنم".

مێڤان ئامێدی سپۆنسەری کارەکانی ئاشکرا کرد و گوتی "من خۆم سپۆنسەری خۆمم، شەوانە لە چێشتخانە و کافتریاکان گۆرانی دەڵێم بۆ ئەوەی تێچووی ئەلبوومەکەم کۆبکەمەوە".



# ئەربیلی تووشی شۆک بووە

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی ناسراوی شاری هەولێر محەممەد ئەربیلی، لە چەند رۆژی رابردوودا لەسەر شەقامی 40 مەتری شاری هەولێر تووشی پێکدادانی ئۆتۆمبێل دەبێت و ئۆتۆمبێلەکەی زیانی زۆری پێدەگات.

کەسێک لەماڵباتی محەممەد ئەربیلی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەهۆی رووداوەکەوە زیانی مادی پێگەیشتووە و ئۆتۆمبێلەکەی زۆر تێکچووە، بەڵام خۆی بریندار نەبووە". گوتیشی "محەممەد ئەربیلی هونەرمەندێکی بەتەمەنە، بەهۆی رووداوەکەوە تووشی شۆک بووە و ماوەی چەند رۆژێکە لەسەر جێگا کەوتووە".


# ئەرجومەند یادی یارانی لە ئێران دەکات

**رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ ئەرجومەند هەورامی سەرقاڵی نوێترین ئەلبوومە و لەبەر هەرزانیی تێچووەکەشی، لە ئێران کاری بۆ کردووە.

"یاران یادم بکەن" نێوی ئەلبوومە نوێیەکەی هەورامییە. ئەرجومەند بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو ئەلبوومە لە نۆ گۆرانی پێکهاتووە، چواریان هۆنراوە و میلۆدی خۆیەتی و ماوەی دوو ساڵیشە بۆ کاری تۆمارکردنەکەی هاتوچۆی ئێران دەکات. گوتیشی "بەداخەوە لە کوردستان تێچووی ئەلبوومی گۆرانی زۆرە، بەڵام لە ئێران تێچووەکەی کەمە، بۆیە لەوێ کارم بۆ کردووە".

ئەرجومەند کە لە نەوەتەکانەوە کاری هونەری دەکات، گوتیشی "لەم ئەلبوومەدا بۆ یەکەمجار گۆرانییەکم بە شێوەزاری سۆرانی گوتووە بەنێوی هەڵاڵە کە لە هۆنراوە و میلۆدی هونەرمەند میدیا حوسێنە". ئەرجومەند بڕیاری داوە ئەلبوومەکەی لە بەهاری ئەمساڵدا بڵاوبکاتەوە.



# دەریا جێگری لەبیر نەکردووە



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

دەریا کاروان، خانمە گۆرانیبێژی کورد گۆرانییەک بۆ مەرگی جێگر عەزیز دەڵێت و بەشێوەی دەنگ بڵاوی دەکاتەوە، بەنیازیشە لە داهاتوودا گۆرانییەکە کلیپ بکات.

دەریا کاروان کە لە سوێد نیشتەجێیە، بە (رووداو)ی راگەیاند "وەک هاوڕێیەک لە دڵەوە گۆرانیم بۆ جێگر عەزیز گوتووە، گۆرانییەکە لە تێکستی خۆمەو کاری میوزیکی لەلایەن ئیمێل هۆبینجێر لە سوێد بۆ کراوە.

گوتیشی "لە داهاتوودا ئەگەر دەرفەت هەبێت دەمەوێت گۆرانییەکە کلیپ بکەم، جێگر هاوڕێیەکی خۆشەویست بوو لای من و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، لە زۆربەی کارەکانماندا راوێژمان بە یەکدی دەکرد".

جێگر عەزیز مانگی رابردوو لەلایەن کەسێکەوە درایە بەر چەقۆ و کوژرا، پێشتر لەگەڵ دەریا کارواندا گۆرانی گوڵەباخی عەلی مەردانیان گوتووەتەوە.

# گاردینیا دەبێتە پزیشک



**رووداو- هەولێر**

گاردینیا رەحیم، هاوەڵی یەکەمی شاجوانی کوردستانی ساڵی 2012 لە فیلمێکی ئەڵمانیدا رۆڵ دەبینێ و فیلمەکە ئێستا لە قۆناغی وێنەگرتندایە.

گاردینیا بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمەکە لە دەرهێنانی مارکۆس شینبێرگەر-ە کە دەرهێنەرێکی ئەڵمانییە، فیلمەکە ژیانی کۆچبەران لە ئەڵمانیا پیشان دەدات".

دەشڵێت "لە فیلمەکەدا من رۆڵی پزیشکێکی کۆچبەر دەبینم، مەبەستی دەرهێنەر ئەوەیە کە لە فیلمەکەیدا پیشانی بدات کۆچبەران خراپ نین و دەکرێت ببنە بەشێک لە زیاتر بەرەوپێشچوونی ئەڵمانیا و ئەوروپا، بەم پەیامە دەمانەوێت تێڕوانینی بەشێک لە ئەوروپییەکان سەبارەت بە کۆچبەران بگۆڕین".

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ

بیرکردنەوە لە شتی سادە کاتێکی زۆرت بەهەدەر دەبات. ئەگەر بەنیازی هەر کارێکی نوێیت، خێراتر لەو کاتەی داتناوە دەستبەکار بە. بەهۆی گۆڕانکارییەکان هەست بەدڵنیایی ناکەیت.

## گا

ئەگەر خۆت کارەکانت پەسەند بکەیت و هەندێک کەسیش پشتگیریت بکەن، ئیتر گرنگ نییە کەسانێکی دی چۆن هەڵسەنگاندنت بۆ دەکەن. هەست بە ماندووبوون دەکەیت، بەڵام هەست بە بێزاری ناکەیت.

## دووانە

گرنگییەکی زیاتر بە تەندروستیت بدە، ئەم ماوەیە کارەکانت دوادەکەون. لەهەموو کاتێک زیاتر بێویستت بە هاوڕێکانت هەیە و بەختەوەریت پێدەبەخشن.

## قرژاڵ

بیرکردنەوە و تەرکیزکردن لەسەر تەنیا بابەتێک دەبێتە مایەی کردنەوەی دەرگایەکی نوێ بە رووتدا. هەموو هیوا و خەونە لەدەستچووەکانت جارێکی دیکە سەرهەڵدەدەنەوە.

## شێر

بەخشندەیی و چاکەکردن کەسایەتی جوان کردووی. ئاگاداری پەیوەندییەکانت بە هەندێک کەس لە روخسار و قسەکردندا سەرنجراکێش دەردەکەون، بەڵام لە کرداردا توانایان نییە.

## فەریک

با خەڵک بە روویەکی گەشەوە ببینن، چونکە زیاتر سەرنجراکێش دەبیت. لەتوانای خۆت بڕوانە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو شتانەی بیریان لێدەکەیتەوە، دەبینیت کارەکان ئاسانتر دەبن.

## تەرازوو

ماوەیەکی زۆر ئاواتەکانت فەرامۆش دەکەیت و کاتێکی دیکەش پەلەیەکی زۆر دەکەیت، ئەمەش دەبێتە مایەی قورسبوونی کارەکان، ئەم هەفتەیە باشە بۆ تێپەڕاندنی بەربەستێکی گەورە.

## دووپشک

بەهۆی ئەستێرەی مارس لە هەموو شتێک پەلە دەکەیت. پێشنیازەکان دەستبەجێ رەت مەکەرەوە رەنگە شتی باشیان تێدابێت. لەدوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەکی گەورە دێت.

## کەوان

هەتا تەواو دڵنیا نەبیت هیچ رێککەوتنێک مەکە. خۆشی لەم کەشە نوێیە وەربگرە، خەمەکان هیچ لە دەرئەنجامەکان ناگۆڕن. دەسکەوتێکی کەمی دارایی خۆشحاڵت دەکات.

## گیسک

ئەم هەفتەیە بەهۆی تێگەیشتنت لە هەندێک لایەنی ژیان هەست بە ئاسوودەیی زیاتر دەکەیت و لە راڕایی دوور دەکەویتەوە. هەواڵی خۆش بەڕێوەیە و لە کارەکەتدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنی.

## سەتڵ

لەم مانگەدا تیشکی هەتاو لە کەلوەکەت دەبێت، دەتوانی لە سەرەتاوە دەست بە ئەنجامدانی ئەو کارانە بکەیتەوە کە وەستاون. چالاکییەکانت بەگوڕ دەبنەوە و بیرۆکەیەکی نوێ جێبەجێ دەکەیت.

## نەهەنگ

لەم مانگەدا رووداوەکان بە پێچەوانەی ویستت دەبن، پێویستە هێمن بیت و بڕیاری خێرا نەدەیت. خێرا دەچیتە خەیاڵی قووڵەوە. نابێت لە هەندێک کاتی بێزاریدا پەنا بۆ بیرۆکەی نەگونجاو ببەی.

# دوو تەقەڵای بێ سوود



کامەران سوبحان

(ئیسکوتلەندییەکان چەند بوون بە ئینگلیز، کوردیش هێندە دەبێت بە عێراقی) ئەمە قسەی نووسەر و سیاسەتمەدار و مێژوونووسێکی خەمخۆر و دڵسۆزی کوردە کە زیاد لە چەند خولێک بووەتە پەرلەمانتاری عێراق و چەندین جاریش لەو عێراقەدا بووەتە وەزیری چەند وەزارەتێکی جیاواز.

ئەم قسەیەی لە دوو نامەی دوور و درێژدا بۆ یەکەم مەلیکی عێراق و مەندووبی سامیی بەریتانی لە عێراق ناردووە، دواتریش هەردوو نامەکە لە چوارچێوەی کتێبێکدا بەناوی (دو تەقەلای بێسود) لە چاپخانەی مەریوانی لە بەغدا لە ساڵی 1935دا چاپ کراون. بەڵام بەداخەوە هەر لە چاپخانە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی لێ گیرا. بەڕێکەوت چەند دانەیەک لەو کتێبە دەکەوێتە لای ئیدمۆنز، ڕاوێژکاری بەریتانی لە عێراق و پاش چەندین ساڵ لە کۆچی دوایی ئیدمۆنز، جارێکی دیکە (دو تەقەلای بێسود) لە کتێبخانەی ئەرشیڤی بەریتانییەوە دێتەوە بۆ کوردستان و بڵاودەکرێتەوە.


ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دوو نامەی ڕەخنەئامێزی (محەممەد ئەمین زەکی بەگ)ی مێژوونووسی کورد و خاوەنی کتێبی شاکاری مێژوویی (خولاسەی تەئریخی کورد و کوردستان)ی لەخۆگرتووە. ناوەڕۆکی کتێبەکەش لە ناونیشانەکەیەوە دیارە کە (دوو تەقەلای بێسوود)ی عێراق باس دەکات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ مافە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەی کورد لە عێراقدا بە ژمارە و داتا. ڕەخنە لە حکومەتی عێراق دەگرێت لە نوێنەرایەتیکردنی کورد لە دامودەزگاکانی عێراق و ڕێژەی کورد لە پەرلەمان و حکومەت و دواتریش هەوڵی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی وەک (کەرکووک، خانەقین، شنگال، مووسڵ، مەخموور) و ناوچەکانی دیکە.

نامەی دووەم ڕەخنە لە یاسایەکی حکومەتی عێراق دەگرێت کە بۆ زمانە فەرمی و ناوچەییەکان دەرچووە، ڕەخنە لە بەرپرسانی عێراق دەگرێت و دەڵێت "زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق یەک شێوە زمانە، نابێت زمانەکەمان بکەن بە چەند زمانێک بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پەرت پەرتمان بکەن!" لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی دیکە سەبارەت بە شێوەزارەکانی زمانی کوردی. لەو نامەیەدا بە پوختی گرفتەکانی خستووەتەڕوو. هیوادارم پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 85 ساڵ بەسەر نووسینی ئەو نامەیەدا، جارێکی دیکە کێشە و گرفتەکانی شێوەزار و زمانی کوردی، نەبێتە هۆکاری دووبەرەکیی ناوخۆییمان، ئەو کێشەیەی داگیرکەرانی کورد لەڕێگەی پەرتکردنی زمانەکەمانەوە نەیانتوانی بۆمان دروست بکەن، کورد خۆی دروستی نەکاتەوە!

لەسەرەتای کتێبەکەدا ڕوو لە مەلیک فەیسەڵی یەکەم دەکات و دەنووسێت: (جەلالەتمەئاب ... ئەمەوێ بەم مەعروزاتەی کەوا ئەیهێنمە پێش چاوی جەلالەتتان، دەرحەق بە مەسەلەیەکی موهیم کە تەماسێکی تەواوی هەیە بە مەوجودییەت و پشتیوانی سیاسی حکوومەتەوە، ڕەئی خۆم بەیان بکەم، ئەمەش مەسئەلەی کوردەکانی عێراقە. بە کەماڵی تەئەسوفەوە دەبینین ئەم مەسئەلەیە وردە وردە ڕوو لە گیروگرفتییە و بووە بە سەبەبی هاوار و شکایەتی بەردەوامی کوردەکان. لەوانەیە ببێ بە سەبەبی چاندنی تۆی نیفاق و ئیختیلاف لە دڵ و دەروونی هەردوو میللەتدا و زۆر سعوباتی سیاسی و ئیداری بۆ حکوومەتی جەلالەتتان بێنێتە پێشەوە.)

دواتریش لەو نامانەدا بە ئامار و داتا، سەرجەم گرفت و کێشەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەخاتەڕوو. لەڕووی ژمارەی بەرپرس و پۆستە گرنگەکان لە حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراقدا، بە تایبەتیش لەناوچەکانی (کەرکووک، مووسڵ، خانەقین و شنگال) کۆمەڵێک ژمارە و داتای گرنگ دەخاتەڕوو کە بەپێی یاساکانی عێراق لەو کاتەدا دەرچوون و دەبێت پشکی کورد چەند بێت، بەڵام چەندیان جێبەجێ کراون. بەتایبەتیش لە ڕێژەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران، وەزارەتەکانی دارایی و ناوخۆ و داد، لەگەڵ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی. ئەوەی سەیرە، دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو ڕەخنە و کەموکورتییانەدا، هێشتا گرفتی کورد لە عێراقدا هەمان گرفت و کێشەی ئەو سەردەمەن! دەپرسم لە نوێنەرانمان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێستای عێراق، چەندیان ئەم کتێبەیان خوێندووەتەوە و چەندیان هێندە بە وردی و بە ژمارە و داتا ئەو کێشە و گرفت و خەمانەی کوردیان ئاراستەی دەوڵەتی عێراق کردووە؟ لایەکی دیکەی سەرنجڕاکێشیی ئەم کتێبە، ئەوەیە کە دوای زیاتر لە 85 ساڵ، دەڵێی باسی ئێستا و ئەمڕۆی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکات. کەواتە کێشەی کورد لە عێراقدا هەر هەبووە و هەر دەشمێنێ. ئەم دوو میللەتەی ناویان (کورد و عەرەب)ە، لە یەک وڵاتدا کە ناوی عێراقە، جێیان نابێتەوە و دەبێت تا زووە برابەشی بکەن و هەرکەس بەشی خۆی ببات.





لە ڕەخنەیەکی دیکەدا لە حکومەتی عێراق، ئەمین زەکی بەگ دەنووسێت: (هەندێ جار ئەبێژرێ، ئیحتیماله بە بیرا بێت کە حکومەت لە مەسئەلەی تەوزیفدا، هیچ فەرقێک ناکا لە بەینی ئەقوامی عێراقدا و زۆر مەئموری کورد لە مەناتیقی غەیرە کوردیدا ئیستیخدام ئەکا، من ئەمەم زۆر لا خۆش ئەبوو ئەگەر بەڕاستی و موافیقی عەدالەت تەتبیق بکرایە، بەڵام حەقیقەت وانییە، لەبەر ئەوەی لە هیچ لیوایەکی عێراقدا 5% کورد نین. بەڵام مەئمورینی لیوای سلێمانی 26% غەیرە کوردن! بێینە سەر پەرلەمان و حکومەتی مەرکەزی، لەم ڕووەشەوە هەر مەغدورین، لای خوارەوە مەغدووریمان بەیان دەکەین:

ئەوەڵەن: نەبوونی کوردێک لەبەینی مودیری عامەکاندا، کە ژمارەیان ئەگاتە 19.

سانییەن: نەبوونی زابتێکی کورد لەسەر دائیرەکانی وەزارەتی دیفاع، بێجگە لە یەکێک.

سالیسەن: نەبوونی مەئمورانی کوردی موسەجەل لە مەرکەزی هەمو وەزارەتەکان و مودیری ئەوقافی عام، دوان سیان نەبێ، هەروەها حقوقی نیسبیان لە مەجلیسی نوابیشدا کەمە، چونکە بەپێی تەقدیری عوسبەتول ئومەم ئەبینین کە نیسبەتی نفوسی کورد هەر تەنیا لە لیواکانی شیمالدا بەنیسبەت نفوسی لیواکانی عێراقەوە 18% یە نەک وەکو ئەڵێن 17% لەبەر ئەمە ئەبێ ژمارەی نائیبەکانیش 16 بێ لە مەجموعی 88 نائیب. بەڵام ئەبینین عەدەدی نائیبی کورد لە 11 تەجاوز ناکا!

دواتریش دێتە سەر کێشەی دەوڵەتی عێراق لە مامەڵەکردن و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە لیواکانی سلێمانی و کەرکووک و مووسڵ و هەولێر. ئەمین زەکی ڕەخنەی زۆر دەگرێت لەسەر ژمارەی قوتابخانەی کوردی و ڕێژەی مامۆستا و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا. لە بەشێکی ڕەخنەکانیدا، ئەمین زەکی دەنووسێت: (نووسین بە زمانی کوردی لە لیوای موسڵدا هێشتا بڵاونەبووەتەوە و لەباتی ئەو تورکی و عەرەبی ئیستیعمال دەکرێت. بەڵام وردە وردە لە لیوای هەولێردا بڵاوبووەتەوە. لەبەر ئەوەیە کە لە دواییدا ڕەسمەن بۆ موخابەرەی بەینی دەوائیری حکومەت قبوڵ کرا.) لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا، لەبارەی هەمان پرس دەنووسێت:

(پێش ئەوەی خیتام بە جەوابی سوئال بێنم، ئەمەوێ نوقتەیەکی تریش عەلاوە بکەم: حکوومەت لە مەسئەلەی تەوزیفدا بەرامبەر بە ئەقوامی عێراق عەدالەت و موساوات ڕیعایەت ناکا و حەقیقەتەن ئەگەر تەماشای وەسایقی ڕەسمی بکەین، ئەبینین نیسبەتی موەزەفین لە لیوای کەرکووک بۆ کورد 24.5% و بۆ تورکومان 56.5% و بۆ عەرەب و عەناسیری تر پتر لە 19% دایە. وەلحاڵ بەپێی ئەو ئیحسائییەی لیوای کەرکووک بەپێی ئارەزووی خۆی تەنزیمی کردووە، نیسبەتی نفووس لەم لیوایەدا وەکوو خوارەوەیە: 51% کورد، 21.5% تورکومان 20% عەرەب و 7.5% ئەقوامی سائیرەن. لەمە بۆمان دەرئەکەوێ کە حکوومەت لەبەر بەعزێ ئەسباب –کە نایزانم و بڕواش بە سیحەتی ناکەم– بە زەرەری کورد و عەرەبەکانەوە یارمەتی تورکومانەکان ئەدا).

ئینجا دێتە سەر باسی بەغدای پایتەخت و نەدانی مافە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان لەو شارەدا بە کورد و دەڵێت: (بەپێی قسەی شارەزاکان نفووسی دانیشتووانی کوردی بەغدا لە 25 هەزار کەس کەمتر نییە کە 10%ی نفووسی شارەکەیە).


لەبارەی قەزاکانی شنگال و تەلعەفەریش، ئەمین زەکی دەڵێت "قەزای سنجار، ڕەئی عوومی لەسەر ئەوەیە کە ساکینانی ئەم قەزایە یەزیدین و ئەمانەش هەموو کوردن، پێویست بوو ئەم قەزایە بخرێتە ناو قەزا کوردەکانی ترەوە کە لە لائیحەکەدا ناوبراون. لە تەلعەفەر و ناحییەی زوومار میقدارێکی زۆر کورد هەیە".

لەبەشەکانی کۆتایی و دوای دەیان ئاماری ورد و پڕ زانیاریی گرنگ لەسەر زمان و پێکهاتە و ژمارە و مافەکانی کورد، ئەمین زەکی پوختەی نامەکە ڕوودەکاتە مەلیک فەیسەڵ و بە وردی دەست دەخاتە سەر برینەکان و لە بەشێکیدا دەڵێت: (ئەبێ ئارەزووی حکومەتی عێراق وابێ، کە هەموو عەناسیری عێراق ئەولادێکی سادقی حکومەتی عێراق بن و بۆ ئەمە لازمە کە تەشویقیان بکا تا لەسەر دین و جینسییەی خۆیان بڕۆن نەک لێی جوێ ببنەوە. کورد عەرەب نییە و ئەوەندەی (ئێسکۆچی–ئیسکۆلەندی) ئینگلیزە، ئەویش زیاتر عەرەب نییە، بە ئیجبارکردنی بۆ ئیستعمالی زمانی عەرەبی، وەیا عاداتی عەرەب، قەت نابێتە وەتەنییەکی سادق بۆ عێراق، خولاسە نابێت هەوڵ بدرێ بکرێ بە عەرەبێکی قوح، بەڵکو ئەبێ هەموو تەسهیلات و تەشویقاتێکی بۆ بکرێ کە ببێتە کوردێکی تەواو، لەسەر ئەو نەوعە مەئموورانە لازم بوو چاک بیزانن کە گوێنەدانیان بەم نەسیحەتە بەقیمەتە و لادانیان لەم تەسریحاتە کە لەحەقائیقی تەئریخی تازە وەرگیراوە، ئەبێ بەسەبەبی حسولی شەک و شوبهە لەسەداقەتی حەقیقییان بۆ عێراق و ئەیانخاتە ژێر توهمەتی هەوڵدان بۆ هێنانە وجودی مەسائیلی تەفرەقە و تێکدانی وەحدەتی عێراقی... هتد)

مەلیک فەیسەڵ، دەرحەق بەم مەسەلەیە کە دیارە نامەکە زۆر کاریگەریی لە بیرو هۆشی کردووە، لە بەریتانیاوە وەڵامی فەرمیی ئەمین زەکی بەگ دەداتەوە و دەنووسێت: لە جوملەی ئەهەممی وەزائیفی هەموو عێراقییەکی سادیقە کە تەشویقی کوردی عێراقی برای بکا لە ژێر بەیداخی عێراقدا کە ڕەمزی سەعادەتی مەملەکەتە و سەعادەتی عمومی مادییە و عەقڵییە، موحافەزەی جنسییەتی خۆی بکا و لێی لانەدا و بە ئیتیحاد و ئیشراکیان ببنە ئەعزایێکی باش بۆ عێراقێکی سادق ئیشتراکی، ئەم فکرەی من ئەکا دەرحەق بە هەموو عەناسیری مەوجودی مەملەکەت!

مەلیک فەیسەڵ- لەندەن (1926-2-24)




دو
تەقەلای بێسود
معالي امين زكى بگ نوسیویە
نەرخی (٣٠) فلسە
چاپخانەی مەریوانی بەغدا
١٩٣٥





# فریشتە و ئەژدیها

حەمەسەعید حەسەن

بەرهەمی ئەدەبی کە ڕەنگدانەوەی دونیابینیی نووسەرەکەیەتی، وەک کۆلارەیەکی کاغەزین وایە، کە بڵاو بووەوە، ئیدی دەزووەکەی لە دەستی نووسەرەکەی بەر دەبێت. (تاقانەترین کچی خودا)ی ڤینۆس فایەق دەقێکە پڕ بە مانای وشەکە کراوە، ئاخر خۆی هەمووی نەنووسیوە، بواری بۆ خوێنەر ڕەخساندووە لە نووسینەوەیدا بەشدار بێت، بەمەیش ڕێزی لە توانای خوێنەر گرتووە و ئاگای لەوە بووە، بۆ خوێنەرێکی ئەکتیڤ دەنووسێت، نەک پاسیڤ. نووسەر نە باسی حەقیقەتێکی دیاریکراوی کردووە، نە ڕێی گەییشتن بە حەقیقەتی پیشانی خوێنەر داوە، بەڵکوو لێ گەڕاوە، خوێنەر خۆی بەدوای حەقیقەتدا وێڵ بێت. کۆتاییی کراوە ئەوەیە، نووسەر دوا قسە بۆ خەیاڵی خوێنەر بەجێ بهێڵێت، ڤینۆس فایەق ئەوەندە هونەرییانە، ئەو کارەی کردووە، هەقە زۆرێک لەو نووسەرە کوردانەی لەمێژە لە بواری نووسینی ڕۆماندا چالاکن، ئیرەیی پێ ببەن.

ڕیتمی تاقانەترین کچی خودا، خێرایە نەک خاو، نە وەسفی درێژخایەن، کۆسپە لەبەردەم ڕەوتی ڕووداودا، نە هیچ کام لە کارەکتەرەکان زیادەن، ئاخر ڕۆمانی کوردی هەیە، هەندێک لە کارەکتەرەکانی لێ دەربهێنین، کەلێنی تێ ناکەوێت! ڕۆمانەکەی ڤینۆس فایەق کە نۆبەرەی ڕۆمانی وییە، پڕە لە ڕووداو، ڕووداوی لەناکاو هەڵتۆقیونا، ڕووداوی هونەرییانە ڕێ بۆ خۆش کراو، بەڵام لەو ڕووداوانە نا کە خوێنەر پێشبینییان دەکات، ئاخر ئەگەر زانیمان لە بەشی داهاتوودا چی دەقەومێت، گوڵی تامەزرۆییمان بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکە سیس هەڵدەگەڕێت.

لە ڕۆمانی (تاقانەترین کچی خودا)دا بایەخێکی زۆر بە پێوەندیی نێوان ئینسان و سرووشت دراوە، سزا کە کیژۆڵەیەکی بێکەسە، نزیکەی هەموو خۆشەویستیی خۆی بە سرووشت بەخشیوە، بە جۆرێک شەیدای سرووشت بووە و تێکەڵبوونەکەی لەگەڵ سرووشتدا هێندە هارمۆنییە، دەڵێیت لەگەڵیدا یەکی گرتووە. پێشتر لە ئەدەبی کوردیدا باس لەو پێوەندییە کراوە، بەڵام ڤینۆس فایەق شوێنپێی کەسی هەڵنەگرتووە، لەو بوارەدا ڕێیەکی تایبەت بە خۆی بینیوەتەوە. ئەکتاڤیۆ پاس دەڵێت: (خۆشەویستی ئەوەیە، لە پێناوی کردنەوەی دەرگاکاندا بجەنگیت.) تاقانەترین کچی خودا، واڵاکردنی دەرگایەکە بە ڕووی خوێنەری کورددا، ئاخر پێم شک نایەت، پێشتر دەقێک بەو فۆرمی گێڕانەوەیە و تایبەت بەو تێمایە نووسرابێت.

ئاو، ئاگر، خاک و با، ئەمانە ئەو چوار ڕەگەزەن کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ پێکەوەی گرێ داون و وا باوە گەردوونیان لێ پێک هاتووە. پێوەندیی شاکەسی ڕۆمانەکە بە سرووشتەوە، لەڕێی ئەو چوار ڕەگەزەوە بەرجەستە دەبێت و پێوەندییەکەی لەگەڵ ئاو و ئاگردا پتەوترە. نووسەر بە هۆشیارییەوە بایەخی بەو ڕەگەزانە داوە و قووڵ لێیان ڕادەمێنێت. ڤینۆس فایەق شاعیرە، وەک چۆن بەهۆی شیعرەوە دەخوازێت فۆرمێک بە ڕۆحی بدات، بۆ هەمان مەبەستیش سرووشت دەهێنێتە گۆ.

وەک چۆن ئەوانەی دەنووسن، هەست بە بەختەوەری دەکەن، با سەرقاڵی گێڕانەوەی تراژیدیایش بن، هەروایش ئەوانەیشی خەریکی خوێندنەوە دەبن، بەختەوەری لە خوێندنەوەدا دەبیننەوە و هەمیشە ئەوانەی دەخوێننەوە، لەوانە بەختەوەرترن کە خوێندنەوە جێی بایەخیان نییە. ئەوە سووک سەرنجدانی نووسینە، ئەگەر پێمان وابێت، پرۆسەی نووسین هیچ نییە بێجگە لە خاڵیکردنەوەی خۆمان لە هەڵچوونەکانمان، نا، نووسەر بۆیە دەنووسێت، بۆ ئەوەی بخوێنرێتەوە و بۆ ئەوەی لە جوانترکردنی دونیادا بەشدارێکی کارا بێت. سزا کە خۆی تاقانەترین کچی خودایە، پێوەندییەکی گەرموگوڕی بە سرووشتەوە هەیە، وەک ئەو گەرموگوڕییەی ڤینۆس فایەق ڕۆمانەکەی پێ نووسیوە. ئەوەی سزا کچی خودایە، زادەی فانتاسیایە، بەڵام عیسا بە ڕاستی پێی وابوو کوڕی خودایە. لایەنی هاوبەشی سزا و عیسا ئەوەیە، ئەمیش وەک ئەو ستەمی لێ دەکرێت و وەک ئەو لە تەنگانەدا تەنیا دەمێنێتەوە.



نووسەر دەزانێت ڕابردوو، پێوەندییەکی قووڵی بە ئێستا و داهاتووی هەموو تاکێکەوە هەیە و ڕەنگە هەر ڕابردوویش بێت، ئێستا و داهاتوومان دیاری بکات. نووسەر بە لێزانییەوە پێوەندیی نێوان، تاک و کۆمەڵ، تاک و سرووشت، تاک و گەردوون و تاک و خودای خۆی دەخاتە بەر ڕووناکی، بۆیە هەم چێژی هونەری لە ڕۆمانەکەی وەردەگرین و هەم هەست بەوە دەکەین، فیکرێکی قووڵ لە دوای کارە ئەدەبییەکەوەیە. شێوازی نووسینی ڤینۆس فایەق وایە، لە چاوەڕوانیدا ڕاماندەگرێت، ئێمە چاوەڕێین شتی زیاتر بڵێت، ئەو لە کورتی دەیبڕێتەوە، بۆیە کە ڕۆمانەکەی دەخوێنینەوە، خۆمان لێ دەبێت بە ڤلادیمیر و ئەستروگۆنی سەمۆیل بێکێت کە چاوەڕێی گۆدۆ دەکەن و نایەت، کە ڕۆمانەکەیشی تەواو دەکات، هێشتا زۆر شتی دیکە ماون بیاندرکێنێت، بەڵام بۆ خەیاڵی خوێنەریان جێ دەهێڵێت.

چیرۆکەکە ناگێڕمەوە چونکە ئەوە ئەرکی ڕەخنەگر نییە، ئیشی نووسەری ڕۆمانەکەیە، باسی بابەتی دەقەکە و ئەو تەکنیکانە دەکەم، نووسەر کەڵکی لێ وەرگرتوون. یەکێک لە ئیشەکانی نووسەر ئەوەیە، بە گژ چێژی گشتیدا بچێتەوە، چێژێک کە گیرۆدەی دەستی نەریتی دێرینە و بەربەستە لەبەردەم خوڕەی چەمی داهێناندا کە تخووب ناناسێت، ڤینۆس فایەقیش وای کردووە، هاتووە منداڵێکی فڕێدراوی هەڵگیراوەی کردووە بە قارەمانی ڕۆمانەکەی و لەڕێی ئەو منداڵەوە کە لە ڕوانگەی زۆرینەوە، زۆڵە، هۆشیاریی باوی خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

نووسەر خوێنەری فریو نەداوە و هیچی لەودیو تەمێکی خەستەوە نەشاردووەتەوە، هونەرییانە بەڵام بە ڕاشکاوی، هەست و بیری خۆی دەربڕیوە. نووسەر ژیاننامەی خۆی نەنووسیوەتەوە، ڕاستگۆیانە، بەڵام بێ بەزەییانە، حەقیقەتی ئەوانی دیکەی وەبەر ڕووناکی داوە، بێباک لەوەی کە دەشێت گران لەسەری بکەوێت. ژنێک ڕۆمانی نووسیوە و تێیدا بوێرانە، نەک هەر باسی پەڵەی خوێنی سووڕی مانگانە دەکات، بەڵکوو وردەکارییەکانی زەوتکردن و بە زۆر پڕاندنی بنی کچێکیش دەگێڕێتەوە، کچێک کە کوێرەوەرییەکان فێری دەکەن، ترس لە ناخی خۆیدا بکوژێت و سڵ لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان نەکاتەوە.

لای ئێمە ئەگەر ژنێک ناپاکی لە مێردەکەی بکات، با بە زۆرەملێ بەو پیاوەیش درابێت، دەکوژرێت، بەڵام ئەگەر پیاوێک ناپاکی لە نیشتمان بکات، با نیشتمان زۆریشی پێ بەخشی بێت، سزا نادرێت، پاداشت دەکرێت. جەین ئوستێن (1775 — 1817) زیاتر ئیشی لەسەر دووانەی خۆشەویستی و ڕق کردووە، شاکەسی ڕۆمانی تاقانەترین کچی خودا، هەم ڕقی لە دایک و باوکی دەبێتەوە کە پێی وایە فڕێیان داوە، هەم تاسەیان دەکات، تامەزرۆیە بۆ دیداریان و خۆشی دەوێن. (لای سارتەر ناپاکیی ڕۆشنبیر کاتێک دەست پێ دەکات، پشت بکاتە کێشەکانی سەردەمەکەی،) ناپاکیی دایک و باوکیش وەختێکە منداڵی خۆیان فەرامۆش بکەن.

هیچ کام لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە خودی نووسەری ڕۆمانەکە نین، بەڵام لەناو دەنگی گێڕەرەوەدا گوێمان لە ترپەی دڵی ڤینۆس فایەق دەبێت، ئەمەیش ئاساییە و دروستیشە، وەلێ بڕێک جار کە نووسەر قسەی دڵی خۆی دەخاتە سەر زاری ئەم یان ئەو کارەکتەر، پێویستە ئەوەی لە یاد بێت کە قسەی خۆی لەڕێی کارەکتەرێکی گونجاوەوە بکات، چونکە ئەوە جێی متمانە نابێت، بۆ نموونە ئەگەر چەقۆوەشێنێک وەک پسپۆڕێکی کێڵگەی شانۆ بدوێت. ڤینۆس فایەق لەم بوارەدا تووشی غەفڵەت نەهاتووە، ئاخر بێجگە لە گێڕەرەوە، بەشێک لە تێڕوانینەکانی خۆی لەڕێی مامۆستا داراوە دەربڕیوە کە ڕۆڵێکی جوانی ئینسانیی هەیە و هەندێکی تریش لە دونیابینیی خۆی لە (پەیامەکانی ڤینۆس)دایە کە دەفتەرێکە لە گەرووی ئاگر دەرباز بووە.

مامۆستا دارا توانای ئەوەی هەیە، متمانە و خۆشەویستیی خوێنەر بە دەست بهێنێ، ئاخر ئەو پیاوە خاوەنی فیکرێکی ڕۆشنە و خۆی لە یارمەتیدانی لێقەوماو نادزێتەوە. خوڵقاندنی کارەکتەری لەو چەشنە کە لە یادگەدا دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ڕووبەرێکی کەمیشی لە ڕۆمانەکەدا بۆ تەرخان کراوە، زادەی خەیاڵی بەپیتی نووسەرە. ڤینۆس فایەق دەزانێت ڕۆمان بایەخ بە فرەدەنگی دەدات و نابێت ئەم کارەکتەر وەک ئەوی دیکە بیر بکاتەوە و بپەیڤێت، ئاخر کەسەکانی ڕۆمان هەر یەکە و دونیابینیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ڕەوتار و گوتاریان دیاری دەکات، کە ئەمە دەڵێم ئەوەیشم لە یادە مارکس گوتوویەتی: ئەوە شێوازی ژیانە، هۆشیاری دیاری دەکات، نەک بە پێچەوانەوە.




ڕۆمانەکە دە پەنجە و دە نامەیە، پەنجەکان، پەنجەی شێخ سوارەن کە بە ناهەق، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی بەو پەنجانە کردبێت، دەیانبڕنەوە، دە نامەکەیش، سزای شاکەسی ڕۆمانەکە نۆیان بۆ دایکی و یەکێکیان بۆ باوکی دەنووسێت، کە نازانێت کێن و لە کوێن. نووسەر بۆ نووسینی ئەو نامانە، کە بۆ هیچ کەس یان هیچ کوێ ڕەوانە ناکرێن، پشتی بە مەنەلۆژ بەستووە. ڤینۆس فایەق هونەرمەندانە سوودی لە تەکنیکی نامەنووسین وەرگرتووە و بەشە هەرە جوان و سەرنجڕاکێشەکەی ڕۆمانەکە، ئەو نامانەن. دابەشکردنی ڕۆمانەکە بەسەر دە پەنجە و دە نامەدا، هەم نوێیە و هەم گونجاویشە.

ڤینۆس فایەق کە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، سەرداوێکی پیشان دەدات و جێی دەهێڵێت، دواتر دەچێتەوە کنی، ئەمەیش خوێنەر هان دەدات بە پەرۆشەوە درێژە بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بدات کە دەڵێیت سیناریۆیەکە، سیناریستێکی لێزان نووسیویەتی. دوو کەس ڕۆمانەکە دەگێڕنەوە، شاکەس و گێڕەرەوەی هەموو شتزان. شاکەس (سزا)یە کە هەر زوو جێی خۆی لە دڵی خوێنەردا دەکاتەوە، ئاخر لە کەسێکی ڕاستەقینە دەچێت، نەک کەسێک لە وشە. گێڕەرەوەی هەموو شتزانیش، خودی نووسەرە و تا پێی کرابێت، هەوڵی داوە وەک بێلایەنێک بدوێت، درێژدادڕی نەکات و تێڕوانینی خۆی بەسەر کارەکتەرەکاندا نەسەپێنێت.

ڤینۆس فایەق هونەرمەندانە سوودی لە پاش و پێشخستنی کات و پەرتکردنی ڕووداوەکان وەرگرتووە و زانیویەتی هونەری گێڕانەوە لە (دواخستن)دا چڕ دەبێتەوە، دواخستنی ئاشکرابوونی نهێنییە سەرەکییەکە کە خوێنەر تامەزرۆیە بیزانێت. نهێنیی تاقانەترین کچی خودا ئەوەیە، کچێک نازانێت دایک و باوکی کێن؟ یان کێ بوون و بۆچی فڕێیان داوە، نووسەر درکاندنی ئەم نهێنییە بۆ کۆتایی هەڵدەگرێت، تا مۆمی پەرۆشیی خوێنەر بۆ شوێنکەوتنی ڕووداوەکان هەر داگیرساو بێت.

ڕۆمانەکە واقیعی نییە، واقیعی ناو ڕۆمانەکە زادەی خەیاڵی نووسەرەکەیەتی کە هەر دەبێت وایش بێت، بۆیە سوودی لە خەون و ئەفسانە وەرگرتووە، بەڵام خوێنەر متمانە بە نووسەر دەکات و وای بۆ دەچێت، ئەوەی نووسەر دەیگێڕێتەوە ڕووی داوە. کە سزا هێڵنج دەدات و دواتر دەردەکەوێت دووگیانە، جێی باوەڕە، ئاخر پێشتر سالار بە زۆر لەگەڵیدا جووت بووە. کە سزا تۆڵەی خۆی دەکاتەوە و لە ڕووبارەکەدا سالار دەخنکێنێت، ڕێی تێ دەچێت، ئاخر ڕێی بۆ خۆش کراوە، چونکە سزا بەشێکی باشی ژیانی خەریکی مەلەوانی بووە. هەندێک جار سوودی لە زمانی شیعری بینیوە: ڕۆحم دەدەمە دەست دڵۆپەکانی باران، دەنگم بە لقی درەختێکدا هەڵدەواسم، ڕەنگم دەکەمە بەری گەڵایەکی پاییز، هەناسەکانم دەکەمە پەنجەکانی هەورێک و نزاکانم لای خۆڵ دادەنێم.

ڤینۆس فایەق نووسەرە، بەختەوەریی لای نووسەر لە نووسیندایە. نووسەر تەنیا ئەو وەختە دەگاتە ترۆپکی بەختەوەری کە لە نووسینێک دەبێتەوە، نووسینێک بکەوێتە خانەی داهێنانەوە. ئەگەر مافی ئەوەم هەبێت، ڤیزە بۆ وەڵاتی داهێنان بە بەرهەمی ئەدەبی بدەم، ئەوا بێ دوودڵی بە ڕۆمانی (تاقانەترین کچی خودا)ی ڤینۆس فایەقی دەدەم، ئاخر بە هەق کارێکی هونەرییە و بە شێوازێکی نوێ نووسراوە، کارێکە چێژمان پێ دەبەخشێت، ژیانمان دەوڵەمەند دەکات و هەوڵ دەدات ویژدانمان زیندوو ڕابگرێت.

2016/2/12
هەولێر

(*) ڤینۆس فایەق، تاقانەترین کچی خودا، دەزگای جەمال عیرفان 2015 سلێمانی.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# لیژنەکە هات

قوربان دەرکەوت لیژنەی قەڵاچۆکردنی پاقڵەی ئێکسپایەر و داوودەرمان، چالاکترە لەوەی کاراکردنەوەی پەرلەمان، ئاخر ئەوان کە خۆیان دەکەن بە دوکانی هەر بازرگانێکدا، کابرا لە ترسان ئەژنۆی دەلەرزێ. کەچی ئەمان بۆ دوکانی هەر حیزبێ دەچن، دەست بە ڕوویانەوە دەنێن، هەر باشە بە دەم فیکەکێشانەوە، هێلکەباران ناکرێن.

ئەوە ئاساییە پەرلەمانی هەر شڕە وڵاتێک، دەیان لیژنە بۆ کاراکردنی ئەم یان ئەو دەزگە پێکبهێنێ. ڕێی تێدەچێ پەرلەمان لە خەمی سستیی ئەم یان ئەو سێکتەردا بێ، بەڵام هەرگیز ڕووی نەداوە، لانی کەم لەسەر گۆی زەوی، ئەم و ئەو حیزب لیژنە بۆ کاراکردنی پەرلەمان دروست بکەن، ئاخر پەرلەمانێک، وەک قووتوویەک نۆکی گەنیو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، باشترین کار بکرێ لەناوبردن و فڕێدانێتی.

دەرکەوت ئەوە خەڵکی کوردستان نین، ئەوانەی ڕۆژێکی تەمەنیان لە دەنگداندا بەفیڕۆ دا، خاوەنی پەرلەمان بن. ئاخر ئەوە بڕیاری ئەم و ئەو حیزبە پەرلەمان هەبێ یان نا، ئیش بکا یان نا، ئەگەر کاریشی کرد، چی و چۆن بیکات.

پێدەچێ حیزبەکانی کوردستان لە ئەستی خۆیاندا باش باش لەوە حاڵی بووبن کە دروستکردنی لیژنە واتای نەگەیشتنە بە چارەسەر، ئەوە بۆیە ئەمجارە ناویان لێناوە کۆمیتە تا لە زەینی خەڵکدا، سووکە ماکیاژێکی بۆ بکەن، ئاخر لیژنە لە کوردستاندا نەیتوانیوە عارەبانەیەکی تەجاوز لاببات، ئیتر چۆن دەتوانێ گالیسکەی حیزبێکی تەجاوز لاببات؟

لیژنەی کاراکردنەوەی پەرلەمانی ناکارا، ئەگەر تۆزقاڵێک سەنگی هەبووایە، یەکگرتووی ئیسلامی، کە حیزبەکەی قادر عەزیز لە چاویا پارتی ژینگەی سویدییە، لە ئەندامبوونەکەی پەشیمان نەدەبووەوە (1) لیژنەیەک، یەکگرتووی حولحولی پێی ڕازی نەبێ، دەبێ چی بێ؟ لیژنەیەک، کۆمەڵی دونیاویست مەوقیفی لێوەربگرێت، دەبێ چی بێ؟

لیژنەیەک نیوەی زیاتری ئەندامەکانی ناکارا بن، دەبێ چییان پێ کارا بکرێتەوە، کابرا خۆی عەیب نەبێ قالبی پیس بێ، ئیمامەتی چۆن پێدەکرێ؟ ڕاستتان دەوێ؟ ئەمە کۆمیتەی کاراکردنەوەی پەرلەمان نییە، ئەوەندەی کۆمیتەی کەرکردنی خەڵکە، ئاخر کۆمیتەکە خۆی موحتاجی کاراکردنە، خۆی ئیفلیجە.

ئەندامانی لیژنەی کاراکردنەوە و هاوڕێکانیان لە سەرکردایەتیی حیزبەکانیان، ئەوانەشی لە دەرەوەی لیژنەکەن، هەر هەموویان بە حیسابی لایک و کۆمێنتی شەوێ، بە ڕۆژ سیاسەت دەکەن، سیاسەتکاری هەرزەبیری کورد، لە خەمخواردن بۆ باری نالەباری وڵاتدا کارا نییە، ئەوان ئیتر تەنیا لە فەیسبووکدا کاران، لە کۆکردنەوەی لایک و کۆمێنتی عەوامی بێسەوادا کاران.

تویتەر سەت و شتێ هەزار ئەکاونتی ساختەی داخستوون، ئەگەر فەیسبووکیش هەمان شت تەنیا لەناو کورددا بکا، ئەو میللەتە ئیسراحەت دەکا.

**(1) بە سوودوەرگرتن لە ڕستەسازییەکی ڕێزدار حەمەسەعید حەسەن دامڕشتووە.**



بەختیار کەریم
bakhtyarkarim@gmail.com

# گیرخواردن لە قۆناغی (بەرەی کوردستانی)دا

کۆی ڕەخنەکان لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەو ڕەخنە شەرمنانەی کادیری حیزبە باڵادەستەکانیش دەیانگرن، کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەزموونی چارەکە سەدەیەک لە حوکمڕانیی کوردی، ئەزموونی شکستێکی نەپچڕاوە بەدرێژایی ئەو چارەکە سەدەیە. پاش بیست و پێنج ساڵ، ئێمە شکستمان خوارد لە بنیاتنانی تاکە یەک دامەزراوەی کارا و پەرەپێدانی کولتوورێک کە جێی شانازی بێت، شکستمان خوارد لەوەی جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوان ئێستا و ساتەوەختی ڕاپەڕین دروست بکەین. ئەگەرچی ساڵ ساڵی 2016یە، بەڵام بەڕاستی ئێمە هێشتا لە قۆناغی بەرەی کوردستانی و سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا دەژین. بێگومان جیاوازیی زۆر هەیە لە فۆرم و رووکاردا، ئاستی بژێوی و شێوازی ژیانی بەرپرسەکانی ئێستا بەراورد ناکرێت بە ئەوسا، باڵاخانەکانمان بڵندترن و شارەکانمان بوونەتە ئۆردوگایەکی گەورەتر لە گردبوونەوەی هەڕەمەکیی خەڵک. ڕاستە زانکۆکانمان لەڕووی چەندێتییەوە هەڵئاوسانێکی بەرچاویان ئەزموون کردووە، بەڵام لەڕووی چۆنێتییەوە زانکۆ نەیتوانیوە ببێتە سەنتەری بەرهەمهێنانی مەعریفە و داهێنان. جیاوازییەکان بەدیوە نەرێنییەکەدا زۆرن، بەڵام هیچ جیاوازییەکی پۆزەتیڤ نابینرێت، بتوانین لافی ئەوەی پێوە لێبدەین کە ئێمە پاش چارەکە سەدەیەک ئەزموونێکی ناوازە و سەرکەوتوومان بنیاتناوە.

لە کاتی ئەم قەیرانە قووڵە سیاسی و ئابوورییەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، چەندین کەس و لایەن پێشنیازی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و ڕاگەیاندنی حکومەتێکی ڕزگاریی نیشتیمانی دەکەن. ئەوەی هاوبەشە لەنێوان ئەو پێشنیاز و پرۆژانەدا، خولانەوەیانە لە سووڕگەی حیزبە سیاسییەکاندا وەک تاکە فریادڕەس، ئەمە لەکاتێکدایە کە حیزبە سیاسییەکانی ئێمە، خۆیان بەرپرسن لە دارمانی ئابووری و بەحیزبیکردن و پەرتکردنی شوناسی نەتەوەیی. پرسیارە گرنگەکە کە تاڕادەیەکی زۆر بێ وەڵامە، ئەوەیە کە چۆن هەمان ئەو حیزبانەی خۆیان بەرهەمهێنەری قەیرانن، دەتوانن چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو قەیرانانە بدۆزنەوە؟ چۆن ئەو حیزبانەی چارەکە سەدەیەکە، چالاکانە خەریکی وێرانکردنی کولتوور و پەرتکردنی شوناس و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانن، دەتوانن لەدەوری بەرژەوەندییە هاوبەشەکان گردببنەوە؟

حیزبەکان و دەستەبژێرێکی بچووک لەناو حیزبەکاندا، لەڕێی هەڵەی بەردەوام و درێژخایەنەوە، لەجیاتی بنیاتنانی ئابوورییەکی پتەو و فرەیی، خۆیان و خەڵکیان لەسەر بەهەدەردانی سەرمایەی ئەم وڵاتە ڕاهێنا. لەڕاستیدا لە کوردستان شتێک نییە ناوی سیاسەتی ئابووری بێت، وەزارەتی دارایی و ئابووری، هیچ سەروەدەرێکی لەگەڵ ئابووری و سیاسەتی ئابووریدا نەبووە و نییە. ئەم وەزارەتە تەنیا کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک بانکە کە بەپێی ستانداردەکانی بانکگوزاریی سەدەی نۆزدە، مامەڵە لەگەڵ پارە و سەرمایە دەکات.

کاردانەوەی حیزبە باڵادەستەکان بەرامبەر قەیرانی دارایی، ئاماژەی موژدەبەخشی تێدا بەدی ناکرێت. کۆی ئەو ڕێکارانەی تائێستا گیراونەتە بەر، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە حکومەت ناتوانێت و ڕێگەی نادرێت هەنگاوی گونجاو بنێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە. ئەوەی دەکرێت تەنیا لێدانی زیاترە لە گرووپە پەراوێزخراو و بێدەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە، بەبێ دەستبردن بۆ گرووپە قۆرخکار و مشەخۆرەکان کە سەرچاوەی کێشەکانن. بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم بەم فۆرمەی ئێستایەوە، کە حیزب هەر چوار پەلی بەستووە، هیچی پێناکرێت. چارەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتەیە و ڕاگەیاندنی حکومەتێکی ڕزگاریی نیشتیمانییە.

## حکومەتی ڕزگاریی نیشتیمانی

کێشە سیاسییەکان کە لە بنەڕەتدا کێشەی حیزبین، لە پەرلەمانێکی حیزبیدا گەیشتن بە لووتکە و هەموو ئەگەرێکی ململانێی سیاسی لەبار برا. ئەو کۆمەڵە هەرزە سیاسییەی حیزب ترنجاندنیە ناو پەرلەمانەوە، سیاسەتیان گۆڕی بۆ پرۆسەیەکی تەواو ناعەقڵانی و کورتیانکردەوە بۆ چەلەحانێ و شەڕەدەنووکی سەر شاشەکان. هاوکات کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم و پێداگریی پارتی لەسەر مانەوەی سەرۆکی هەرێم بەهەر نرخێک بووە، کێشەکانی ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز کرد. لەم هەلومەرجە سیاسییە گرژەدا، گەڕان بەدوای چارەسەری قەیرانی ئابووریدا لە دەرەوەی حیزب لە گەشتێکی مەحاڵ دەچێت. بەڵام ئەوەی لە ئەنجامی ئەم گەمە نەزانانەی حیزبەکان کەوتەوە، نەمانی متمانەی خەڵکە بە حیزبەکان و حکومەت و نەمانی متمانەیە بە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم.

پەرلەمانی کوردستان کە سەرچاوەی کێشەکانە، ئێستا بەشێوەیەکی پراکتیکی پەکخراوە. بەڵام ئەگەر پەرلەمان کاراش بووایە، دۆخەکە هیچ جیاوازییەکی نەدەبوو، چونکە دابەشبوونە حیزبییەکەی ناو پەرلەمان زامنی ئەوەی دەکرد کە پەرلەمان نەتوانێت هیچ ڕۆڵێک بگێڕێ. بەدرێژایی تەمەنی خۆی، پەرلەمانی کوردستان هەرگیز نەیتوانیوە کێبڕکێی تەندروست لە دەرەوەی کۆدەنگیی یان دڕدۆنگییە حیزبییەکاندا دروست بکات، پەرلەمان هەمیشە پاشکۆی حیزبەکان بووە و تەنیا و تەنیا نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی دەستەبژێرە باڵادەستەکانی ناو حیزبی کردووە.

سەرۆکایەتی هەرێم، نەیتوانی بێلایەنانە ململانێ سیاسییەکان ئاراستە بکات و لەکاتی گونجاودا بڕیاری بابەتییانە بەپێی بەرژەوەندیی گشتی بدات. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە کۆدەنگیمان نییە لەسەر بەرژەوەندیی گشتی. لەڕاستیدا سەرۆکایەتی هەرێم وەک دامەزراوەیەکی سیاسی، سەرکەوتوو نەبوو لە کێشانی هێڵە گشتییەکانی بەرژەوەندیی گشتیدا. ئەگەر جەنگی داعش نەبووایە، ئەگەر سەرکردەی گەورەترین حیزبی کوردستان سەرۆکی هەرێم نەبووایە، ئەوا بێگومان سەرۆکایەتی هەرێمیش هاوشێوەی پەرلەمان پەکدەخرا یان پەکیدەکەوت.

کۆی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، ئاماژەن بۆ گەڕانەوەی بەردەوام بۆ ئیرادەی حیزبە سیاسییەکان. پەرلەمان جگە لە ڕۆڵی دروستکردنی بارگرژیی، هەندێک جار ڕۆڵی پاڕانەوەی لە حیزبە سیاسییەکان گێڕاوە. سەرۆکایەتی هەرێم، لەجیاتی ئەوەی لە دەرەوەی کێبڕکێ حیزبییەکاندا بێت، بووە چەقی ناکۆکییەکان. بەکورتی ئەم گەڕانەوە بەردەوامە بۆ ئیرادەی حیزب، لەکاتی بەبنبەست گەیشتنی گرفتەکاندا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە هێشتا لە قۆناغی بەرەی کوردستانیدا دەژین و ئەو دامەزراوانەی کە دروستکراون، تەنیا بارگرانییەکی داراییین.

دەکرێت دانانی بەم واقیعەدا سەرەتایەک بێت بۆ بەئاگاهاتنەوەیەکی پڕئازار و ناچاربوونی حیزبەکان بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی جۆرێک لە کۆدەنگی و هاوکاری بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە. حکومەتێکی ڕزگاریی نیشتیمانی لەم قۆناغەدا گرنگە بە بەشداریی نوێنەری هەموو حیزبەکان، بەڵام بەبێ دەستوەردانی حیزبی لە بڕیارەکانی ئەو حکومەتەدا. بێگومان دەبێت ڕێککەوتن لەسەر ئەم حکومەتە، هاوشان بێت لەگەڵ ڕێککەوتن لەسەر نەخشەڕێگەیەکی سیاسی و ئابووری بۆ قۆناغی داهاتوو. ئەگەرچی دڵنیانین ئایا ئەمجارە دەتوانین قۆناغی بەرەی کوردستانی تێپەڕێنین و دامەزراوەی سەربەخۆ دروست بکەین، بەڵام هەر دەبێت هەوڵ بدەین.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# دەربارەی سەربەخۆیی

تۆڕی (ڕووداو) بە ڕێزلێنانەوە داوایان لێکردم گۆشەیەکی ماڵەکەیان بکەمە مینبەری بیروڕاکانم، تا لە (جیهانێکی دی) بڕوانم کە پاش 20 سەدە لە مێژووی ململانێ و خوێناویی نێوان مرۆڤەکانی، هێشتا لە جەنگێکی نوێی نادیار و بێ سنووردایە، چەند دەوڵەت لێکترازاون و سنوورەکانیان سڕدراونەتەوە و لەناو ماڵی هەڵوەشاوەی بەناو دەوڵەت- نەتەوەیاندا گەل و خێڵ و ئەتنی و برا ئائینییەکان بێڕەحمانە یەکدی قەتڵوعام دەکەن. قەدەری کوردیشە لەم گێژاوەی جیهانێکی دیکەدا کە مەحکوومە بەگۆڕانی فۆرمەکان، دوای هەموو سەدەکانی پێکدادان و ململانێ، هەر لە ئایندەیەک بڕوانێت کە ئایا تا کەی شوناسی قوربانی و پێشێلکراوی هەموو گەمەکانی لێ ناکاتەوە؟

بڕیار نەبوو یەکەم وتارم لەسەر دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردستان بنووسم کە لەدوای ئەو سەدانە، یان ڕوونتر یەک سەدە لە دابەشکردن و داڕشتنی نەخشەی ئەو جوگرافیایەی کوردی تێدا دەژی، هێشتا لەنێو خودی ترساویدا قسەکردن لێی بە تابۆ و حەرامێکی ترسناکتر لە حەرامی خودایی دەزانێت، هەروەک ئەو سیاسییە ئیمانداریەی کە دەبووایە تەنیا کۆیلە و ژێر فەرمانی خودا بێت، نەک کۆیلەی زەمینی چەند کۆنسوڵێکی بیانی سەر خاکی کوردستان، پێیوایە لەبەر ئەوەی ئەوان ناخوازن دەوڵەتی کوردستان دروست بێت، ئیدی بۆ ئەبەد و تا ئیرادەیەکی زەمینیی دەرەوەی ئیرادەی کوردی بڕیاری بەخشینی دەوڵەتی پێ نەدات، ئێمە نابێت باسی دەوڵەت بکەین.

وروژاندنی پرسی دەوڵەت لەم جوگرافیا لێکترازاوە و نیوماڵی ئەو خاکە خوێناوی و بەزۆر پێکەوە لکاوانەدا کە چیدی نەتەوە و ئەتنی و ئایین و مەزهەب و خێڵ و مرۆگەلەکانی پێکەوە هەڵناکەن و کەمترین ماناکانی پێکەوە ژیانیان لەگەڵ یەکدیدا نەماوە، پرسێکی هەنووکەیی و لۆژیکییە کە هەموو کوردێک لە خۆی بکات. ئایا شوێنمان لەکوێی ئەو لێکهەڵوەشاندنەوەیەدایە؟ چاوەڕوانی چی بکەین؟ ئیرادەیەکی دەرەوە قەدەرمان دیاری بکات یان بۆ تەنیا جارێک، دوای سەدەیەک لێکدابڕان و دابەشکردنمان لەسەر خاکی خۆمان بەسەر شوناس و نەتەوەی دیکەدا، ئیرادەیەکی کوردی سەرهەڵدەدات کە کۆیلەی ئەوانی دی نەبێت و کۆیلەی ئیرادەی خودی کورد بێت؟

با جارێ پشت لەو سیاسی و ئیرادە ئائینییانەی کورد بکەین کە وەفایان بۆ خودا و دینی خۆشیان نییە کاتێک پێیان دەڵێت مرۆڤ تەنیا دەبێت کۆیلەی خودا بێت نەک ئەوانی دی، لەم ساتەوەختە هەڵچوو گڕاویەدا کە پرسی دەوڵەتی کوردستان هێندە ئامادەیە، لە دیدێکی دیکەوە تێی بڕوانین. بەڵێ ئامادەیە، بەڵام ئامادەییەکی تا ئێستاش شاراوە لە پشت سیناریۆ نهێنییەکانی کۆبوونەوەی هۆڵە داخراو و ڕێککەوتنە سیاسییەکانی پشت ئاگایی و ئیرادەی گشت کە پێش سەدەیەک هەر ئەو سیناریۆیانە سایکس- پیکۆ و بلفۆر و سیڤەر و لۆزانیان دروست کرد و نەخشەی وڵاتانی ئەو جیهانەی بە قەڵەم کێشا و تێیدا خیانەتی لە کورد کرد.

بەڵام نائامادەیی ئیرادەی کورد خۆی و بەشێکیش لە خیتابی لێکچووی ئەو برا ئائینییانەی وەک ئەم سیاسییە ئائینییە خواپەرستەی ئێستا کە ملکەچی بڕیاری کۆنسوڵە بیانییەکانی کوردستانە بۆ دەوڵەتی کوردستان و ئەوساش وەفایان بۆ ئاڵای خودا و ئوممەی ئیسلام زیاتر بوو وەک لە گەڕان بەدوای دروستکردنی ئاڵایەکی کوردیدا، پێمان دەڵێت کورد خۆیشی خیانەتی لە خۆی کرد. ئیدی ئێستا چیدی کاتی ئەوە نییە لە لایەکەوە ئەوانەی دەخوازن ببنە ڕابەری مێژوویی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ، پرسی گشت ئیرادەی کورد و خواستی سەرجەم نەتەوەیەک لە نێوان سیناریۆ و ڕێککەوتنە نهێنییەکاندا بشارنەوە کە دەشێت خیانەتی دی لێ بکەوێتەوە. لەلایەکی دیشەوە ئەوانەی تەنها دەخوازن دەوڵەتی کوردی ڕابەر و داهێنەرێکی نەبێت و مێژوو بە ناوێکی شەرەفمەندانەی کەسێکییەوە نەلکێنێت، نابێت خیانەت لە پرۆسەی شوناسبوون و بە نەتەوەبوونی میللەتێک بکەن کە دوای ئەو هەموو سەدانە، دەبێت دان بەوەدا بنێت، ڕێگری سەرەکی لە دروستبوونی خودی کوردی و بە نەتەوەبوون و دواجار لەدەستدانی هەموو هەلەکانی بەدەوڵەتبوونی، ئەوە نائامادەیی ئیرادەی خودی کورد خۆیەتی نەک ئەوانی دی، ئەوە تەسلیمبوون بە ئیرادەی ئەوانی دی و بە کۆیلەبوونیانە، نەک ئەوانی دی ڕێگری سەرەکی بن لە فۆرمی بە نەتەوەبوونی کورددا ، ئەوە سەدە و مێژووەکان نییە کە خیانەتیان لە کورد کردووە، ئەوە خودی کورد خۆیەتی کە چەندین سەدەیە خیانەتی لە ئیرادە و ویستی خۆی کردووە.

دەوڵەت پرۆسەیەکی مێژوویی هاوشان و بەرجەستەی پرۆسەی بە نەتەوەبوونە بە درێژایی چەندین قۆناغی مێژوویی کە مرۆگەلێک لە هەستی هاوبەشیان بە پێکەوە ژیان و ئایندەی هاوبەش و یەکدیگیری و وابەستەیی و هاوچارەنووسی و عەشقیان بۆ یەک خاک و لەسەر یەک خاکدا پێکەوە دەکاتە هەڵگری ئەو ئایدیا ڕۆحییە ڕەهایەی کە بە چەمکی هیگڵیانە لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت.

دەشێت گەلێک پێکەوە بەرامبەر ئەوانی دی بە پێداگری و بەرگری لە کولتوور و شوناسی خۆیان ئەم پرۆسەی بە نەتەوەبوونە ئەنجام بدەن وەکو فۆرمەلەبوونی نەتەوەی فەرەنسی، یان دەشێت ڕابەرێک بەرجەستەی پرۆسەی بەنەتەوەبوون بکات وەکو بسمارکی ئەڵمانی، یان گەلێک لە جەنگی ناوخۆیی و کولتوور و تێڕوانینە جیاکانیدا، بە کوشتاری یەکدی دواجار بگاتە دوا ئاستی پرۆسەی بەنەتەوەبوون ، وەکو نەتەوەی ئەمەریکای دوای جەنگی پێنج ساڵەی نێوان باکوور و باشوور و پاش لەدەستدانی نزیکەی یەک ملیۆن قوربانی کە نەتەوەیەکی نوێ و شوناسێک لەدایک بوو، دواتر بووە یەکەمین نەتەوەی باڵادەستی دنیا.

دوای چەندین سەدە لە بێ شوناسی و پەرتەوازەیی و لێک نامۆبوون، کورد ناتوانێت لە قەدەرێکی مێژوویی ساتەوەختی کۆتایی پرۆسەیەک خۆی نامۆ بکات کە دەبێت تێیدا بە ئیرادەیەکی هاوبەش و ڕۆحێکی باڵا و لەژێر ئاڵای ڕابەرێکدا جەستەی بریندار و تێکشکاوی خۆی ، چ بە شمشێری بێڕەحمانەی ئەوانی دی ، چ بە خەنجەری ژەهراویی خیانەتی بەر پشتێنی خۆی کە چەندین سەدەیە کوردان لە پشتی یەکتریان چەقاندووە، بچێتە ناو مێژووەوە و دواجار پرۆسەی بە نەتەوەبوونی خۆی ڕابگەیەنێت پێش ئەوەی بانگەشەی دەوڵەتەکەی بکات.

کۆبوونەوەی ئەو فاکتەرانەیە کە مێژوو دروست دەکات، کە پرۆسەی خودبنیاتنانی کەسایەتی و ڕۆحیی هاوبەش و وابەستەیی و ئەو عەشقە بۆ خاکێک بەرجەستە دەکات بە ئیرادەیەکی ئازاد لە ملکەچبوون بۆ ئەوی دی، ئیرادەیەک کە توانای گەمەکردن و گۆڕینی هاوکێشەکانی هەبێت نەک هەمیشە کارتی گەمەپێکراو و دەرئەنجامێکی دۆڕاوی هاوکێشەکان بێت، ئەوەی پرۆسەی بەنەتەوەبوون لە کوردی داوا دەکات، ئەوەیە کە کورد خۆی مێژوو دروست بکات، نەک مێژووی بۆ بخولقێنن، کورد خۆی ئیرادە و باوەڕی بە نەتەوەبوون و بە دەوڵەتبوون هەبێت نەک بۆی دروست بکەن، گەلێک کە خۆی ئەوە 100 ساڵە بووەتە قوربانیی دەوڵەتە بە ناهەق دروستکراوەکان، نابێت چاوەڕوانی ئەوە بێت ئەوی دی نەخشەکان هەڵوەشێنێتەوە و دەوڵەتی بۆ دروست بکات، ئەوی دی دوای 100 ساڵ ویژدانی بیماری بجووڵێ و لە بەزەییەکی درۆوە خەڵاتی گەلێکی مافخوراو و پێشێلکراو بکات. دەوڵەتێک ئیرادەی ئەوی دی دروستی بکات، دەوڵەتێکی بێ ئیرادەو ملکەچ و هەمیشە پاشکۆ دەبێت.

دەشێت پاش 25 ساڵ لە ئەزموونێکی خودحوکمڕانی دیفاکتۆی دەوڵەتێکی ڕانەگەیەنراو و باوەڕپێنەکراو، پرسیاری جیدی لە بەنەتەوەبوونی خۆمان بکەین و بەدوای ئەو ئیرادە پەرشوبڵاوانەدا بگەڕێین کە هەریەکەیان ئایدیا و پرۆسەیەکی جیایان بۆ بەنەتەوەبوون و بە دەوڵەتبوونمان هەیە و بە قەد ساڵەکانی مێژووی یەکدی کوشتن و خیانەت لە یەکدی کردنمان و بوون بە کارتی ئەوانی دی لەسەر جەستەی کوژراو و لەتلەتمان کەڵەکە بوون. پرسیار لە نهێنی ئەو دەنگانە بکەین کە بۆچی دەبنە ڕێگر لە پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کورد و ئومێدی دەوڵەتبوونی ئێمە لە گوتاری کۆنسوڵ و باڵیۆزێکی بیانی و سەرلەشکری قەرارگایەک و جەنەراڵێکی موخەبەراتی سەر خاکی خۆماندا دەبیننەوە؟ بۆ کار لەسەر تێکشکاندنی ئیرادەی کورد و لێکهەڵوەشاندنەوەی شوناسەکەی دەکەن؟ کێ دەخوازێت مێژوو و پرۆژەی نەتەوەیەک لەناو پرۆژەی حیزب و ناوچە و خێڵ و تاکەکەسێکدا لەت لەت و پەرتەوازە بکات و بەو بیانووەوە ڕەتی بکاتەوە؟

نەتەوە چییە؟ بیرمەندی فەرەنسی ئێرنێست ڕێنان (1823–1892) پێش زیاتر لە سەدەیەک لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: نەتەوە، ڕابردوویەکی هاوبەش، ئێستایەکی هاوبەش، خواستێکی هاوبەشی پێکەوە ژیانە بۆ سبەینێ.

بە ڕابردوویەکی خوێناوی یەکدیکوژی و خەنجەر لە پشتی یەکدی چەقاندن، خیانەت لە یەکدی ، بوون بە داردەستی ئەوی دی دژی یەکدی ، بە ئێستایەکی دوژمنکارانە و لێکچوودا و نادڵنیا و بێ متمانەیی بەیەکدی، بە خواستێکی گوماناوی و سەنگەر لێدان بۆ سبەینێ لە یەکدی ، دەکرێت ببینە نەتەوە و دەوڵەت؟

پرسیاری کوردبوون و بە دەوڵەتبوون خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت کە دەشێت لە کاتی جیاوازدا لێیان بدوێم، بەڵام پێش هەموو شتێک، پێش هەموو ئیرادەیەک کە تێکمانبشکێنێ، خودی کوردبوون مەحکوومان دەکات کە پێش هەموو پرۆسەیەک کار لەسەر دروستکردنی نەتەوە بکەین ، لە قەدەری کوردبووندا بە دوای ڕۆحی باڵا و هۆشیاری و ئیرادەی هاوبەشدا بگەڕێین کە بێ مەلکەچبوونی ئەوانی دی لە شوناسێکدا کۆماندەکاتەوە.

دەشێت بەلای هەندێکەوە لەم قەیرانە سەختەی دارایی و ئاسۆ نادیارەدا ئەم وتارە جگە لە وەهم و بێهوودەیی زیاتر چیتر نەبێت، بەڵام ئەمەش ئەسڵێکی پرسیارەکەیە و بێهوودە نییە لێی بدوێین. نەتەوەکان بە یەک شوناس و یەک ترس لە ئایندە و یەک ڕۆحەوە بەرامبەر قەیرانەکان دەوەستنەوە.

ئەوەتا ئێمە لە نائامادەیی نەتەوەدا بەبێ شوناس و بێئاگا لە شیرازەی تێکچوومان، بە پەرتەوازەیی و دوژمنکاریی ناوخۆیی و دابەشکردنی خیانەتەکان بەسەر یەکدیدا، لەناو کەشتیەکدا کەوتووینەتە دەریای قەیرانێکەوە کە خودی خۆمان پێش ئەوانی دی سەرەڕۆ و نوقمی دەکەین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# باری نائاسایی رانەگەیەنراو

## 1

ناوچەکە لەسەرلێواری شەڕێکی جیهانگیرە و ئەو شەڕەش لە کاتێکدا روودەدات کە ئەمریکا بەهۆی سەرقاڵییەوە بە کۆمیدیای دۆناڵد ترامپ و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر سینییەکی زێڕ، پێشکەشی رووسیا و داروودەستە ناوچەییەکانی کردووە.

ناوچەکە گڕی گرتووە و بەو زووانەش مەحاڵە دابمرکێتەوە.

حاڵی کوردستان لە سۆنگەی غرووری پارتییەوە لەلایەک و عینادیی بەرامبەرەکانی و بە تایبەتیش گۆڕان و کۆمەڵ، لەسەر لێواری تەقینەوەیە. سیاسییەکان بە سەعات لە ژوورە داخراوەکاندا کۆدەبنەوە و خۆشیان باش دەزانن کە هیچ ئەنجامێکیان دەستناکەوێ و تەنانەت بەرچاوڕوونییەکیان بۆ ئەو وەزعە نییە. دەستپێشخەرییەکان یەک لە دوای یەک شکست دەخۆن و ئەوەی لەو گۆڕە ماوەتەوە، حکومەتێکی لاواز و گەمارۆدراوە کە بە هەموو لایەک (بە پارتی و یەکێتیشەوە) دەکێشن بەسەریدا.

راستییەکەی ئەوەیە کە کەس چارەسەری پێ نییە و هەندێک شتیش کە دەگوترێن، تەنیا بۆ خافڵاندنی خەڵکن. بۆنموونە باس لە کاراکردنەوەی پەرلەمان و گەڕانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بۆ ناو حکومەت دەکرێت و دوای چەندین دانیشتن نەگەیشتنە هیچ! باشە، پەرلەمانێک کە وا بە ئاسانی تەعتیل کرابێت، چ شکۆیەکی ماوە؟ ئەوە ئەمڕۆ کاراشتان کردەوە، چ زمانەتێک هەیە دوای دوو رۆژی دیکە تەعتیل نەکرێتەوە؟ ئەوە وەزیرەکانی گۆڕان هاتنەوە ناو حکومەتیش، چ روودەدات؟ قەیرانی دارایی چارەسەر دەبێت؟ ئەو دۆخەی ئێستای کوردستان باری نائاسایی رانەگەیەنراوە و تێیدا دامەزراوەکانی وەک پەرلەمان و حکومەت، یان تەعتیلن، یانیش وەک کاربەڕێکەرکاردەکەن. بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، پەیوەست بە چاکسازی لە حکومەتدا، رۆژانی 17ی شوباتمان بیردەخەنەوە. بۆیە پتر لە هەموو کاتێک کوردستان پێویستی بە حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی هەیە کە لەسەر بنەمای تەوافوقی هەموو لایەک بێت و کەس توانای ئەوەی نەبێ موزایەدەی بەسەردا بکات. نابێ کەس گرەو لەسەر رووخانی ئەم حکومەتەی ئێستا بکات، چونکە رووخانی ئەم حکومەتە واتا رووخانی دوایین قەڵای یەکێتی و پارتییە کە دوای ئەوە یان دەبێ گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن، یان بکەونە کوشتار و سەرکوتکردنی خەڵک.

دەربازکردنی ئەم قەیرانە ئاسانە، مروونەت و لەخۆبووردەیی پارتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا پێویستە. ئەگەر ئەوە نەبێ نە ریفۆرم سەردەگرێ و نە ریفراندۆم. هەنگاوەکان پتر لەوەی بۆ رازیکردنی خەڵک بن، دەبێ چارەسەری ریشەیی و دروستکردنی عەقڵی گشتی بن بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو.

# سەنتەری سیخوڕی!

## 2

سوپاس بۆ خوا کە ئەمساڵ وەکو جاران لە هۆڵی پێشەوای شەهید، قازی محەممەدی نەمر، لە هەولێر یادی دەستبەسەرداگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لەلایەن ئاخوندەکانەوە نەکرایەوە. لە بری ئەوە، ئەمجارە ئەم کاڵا گرانبەهایە پێشکەشی سلێمانی کرا.

تا ئێرە ئاساییە (ئەگەرچی بۆ براکانمان لە رۆژهەڵات قەت ئاسایی نەبووە و نابێت)، بەڵام لە هەمووی سەیرتر کردنەوەی سەنتەری بەناو رۆشنبیری و وەرزشیی خومەینی بوو لە کەرکووک!

لەدوای ساڵی 1991ەوە بە هەزاران پەنابەر کە عومرێکیان لە ئێران بەسەر بردبوو، گەڕانەوە کوردستان.

بە درێژایی ئەو ماوەیە ئێران قەت بیری بۆ ئەوە نەچوو سەنتەرێکی لەو چەشنە لە هەولێر، سۆران یان دهۆک بکاتەوە کە تێیدا زمان و ئەدەبیاتی فارسی نمایش بکرێت و خوێندەواران دەستیان بەو سەرچاوانە را بگات، کەچی دوای ئازادیی کەرکووک، مەسەلەی بۆریی گازی کوردستان، پێویستیی چاودێریکردنی پێشمەرگە لەو سنوورە و رێکخستنی کاروباری میلیشیا شیعەکانی ئەو دەڤەرە، کردنەوەی سەنتەری فەرماندەیی و چالاکییەکانی سوپای قودس بوو بە زەروورەت.

بۆیە ئەم سەنتەرە وەک دیارییەک پێشکەش بە خەڵکی کەرکووک کرا!

# ئایا ئۆجەلان ماوە؟

## 3

مەبەست لە وروژاندنی ئەو پرسیارە ئەوە نییە کە ئاخۆ ئۆجەلان لە ژیاندا ماوە یان نا؟ بگرە سەرنجێکە لەسەر ئەو مشتومڕەی کە هەفتەیەکە لە تورکیا دەستی پێکردووە دەربارەی زیندووکردنەوەی پرۆسەی لە خەندەق نراوی ئاشتی لە تورکیا.

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی ئەو مەسەلەیە، دیسان قسە هاتووەتەوە سەر رۆڵی ئۆجەلان لەو پرۆسەیەدا. نزیک بە ساڵێکە ئۆجەلان نەبینراوە و لێدوانی نییە (دیارە دەگوترێ هێشتا میت بە بەردەوامی سەردانی دەکات). کەمێک گەڕانەوە بۆ پێش رووداوەکانی حوزەیرانی 2015 لە تورکیا ئەوە دەردەخات کە دەوڵەتی تورکیا، لەو کاتەوەی دانوستاندنی لەگەڵ ئۆجەلاندا دەست پێکرد، لەوە دڵنیا بوو کە ئۆجەلان هێشتا رێبەری ژمارە یەکی پەکەکەیە و ئومێدیشی زۆرە کە لەگەڵیدا بگاتە رێککەوتن. کەسایەتی و رۆڵی مێژوویی ئۆجەلان، ئیعتیبارێکی نێودەوڵەتی بە پرۆسەکە دا. بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوت کە تورک لەوەی یەکەمدا بەهەڵەدا چوونە. ئۆجەلان لە دانوستاندنەکاندا لەگەڵ تورکەکان، نەک هەر لەسەر ئاشتی ناوخۆیی، بگرە لەسەر ئایندەی ناوچەکەش (دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا) لەگەڵ دەوڵەت لە زۆربەی مەسەلەکاندا هاوڕایە. هەر لە مەسەلەی چەکدانانی پەکەکەوە بگرە تا ئایندەی سووریا، ئۆجەلان لەگەڵ تورکەکان باش چووبووە پێشەوە، بەڵام لێدوان و هەڕەشە بەردەوامەکانی قەندیل و سیاسەتکردن بەناوی ئۆجەلانەوە، هەم پرۆسەکەی لەبار برد، هەم ئۆجەلانیشی بێدەنگ و بێدەسەڵات کرد. ئێستا گفتوگۆی گرنگ بۆ داهاتووی پرۆسەکە ئەوەیە کە ئایا سەرباری هەموو ئەو شتانەی روویاندا، هێشتا ئۆجەلان هەر رێبەری بەکردەوەی پەکەکەیە، یان تەنیا وێنەکانین کە ئامرازی پڕوپاگەندەن؟ ئایا جارێکی دیکە ئۆجەلان دەبێتەوە تەرەف و داینەمۆی ئەو پرۆسەیە و لە دەرەوەی پەکەکە سەرکردایەتیی پرۆسەیەکی دیکەی ئاشتی دەکاتەوە؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گۆڕان واقیعبین نییە

پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، بزووتنەوەی گۆڕان پرۆژەکەی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و سیاسی ئاشکراکرد. پرۆژەیەک کە رەنگە زۆری دیکەی وەکو منی تووشی شۆک کردبێت. چونکە هەرچەند لێکیدەدەمەوە نازانم بەو پرۆژە ناواقیعبینانەیە چۆن چاکسازی دەکرێت. بۆیە شکم هەیە کە مەبەستی گۆڕان لە بڵاوکردنەوەی پرۆژەکە گەیاندنی پەیامێک بێت: "لە کوردستان گۆڕانکاری دەکرێت، بەمەرجێک لە پارتی و یەکێتی راپەڕین".

رۆژ رۆژی پرۆژە بڵاوکردنەوەیە. هەر حیزبێک دەگریت پرۆژەیەکی بۆ چاکسازی پێیە. لەنێو هەندێک حیزبیشدا سەرکردەکانی بە بڵاوکردنەوەی یەک پرۆژە دڵیان ئاو ناخواتەوە و هەریەکەیان بۆخۆی پرۆژەیەک بڵاودەکاتەوە. پرسیار ئەوەیە: مادام هەمووان پرۆژەیان بۆ چاکسازی هەیە بۆ چاکسازی ناکرێت؟ وەڵامی کۆمیک-تراژیدیی پرسیارەکەش لە چیرۆکێکی کۆندایە:

رۆژێک رێبوارێکی پیسکە تووشی رێبوارێکی دیکەی ریوەڵەی برسی دەبێت، کە دەگریێت. کاتێک پرسیاری لێدەکات بۆ دەگرییێ، وەڵام دەداتەوە: "دوو رۆژە نانم نەخواردووە". کاتێک رێبوارە پیسکەکە ئەمە دەبیستێ، دەست دەکات بە گریان. رێبوارە برسییەکە دەبینێ رێبواری پیسکە کۆڵەپشتێکی پێیە، لێی دەپرسێ: "ئەو کۆڵەپشتە چیی تێدایە؟" ئەویش دەڵێت: "ئەمە نانە". برسییەکە بەپێکەنینەوە دەڵێت: "کەواتە گریانی ناوێت، کێشەمان چارەسەر بوو. نانەکە دەخۆین و ناگرییێن!" رێبواری پیسکە وەڵام دەداتەوە: "نا کاکە، من بۆ گریان لەگەڵتم، بۆ ناندان نا".

راستییەکەی حیزبەکانی کوردستان لەو رێبوارە پیسکەیە دەچن. بۆ باوکەڕۆ و بڵاوکردنەوەی پرۆژەی چاکسازی لەگەڵ خەڵکن، بەڵام هیچیان ئامادە نین کۆڵەپشتەکانیان بکەنەوە و نانەکە لەگەڵ خەڵک بەش بکەن، کە هیچ نەبێت تاوەکو لەم میحنەتەی ئێستا دەردەچین، بەشی هەمووان لەتە نانێکی تێدا دەبێت.

وەک سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی هەفتەی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکدا باسیان کردبوو، سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش "بە ئەسەری رەجعی" بەشدارییان کردووە لە کەڵەکەبوونی نانی نێو کۆڵەپشتی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکە. بەشداریش بوون لە دروستکردنی ئەو رەوشەی ئێستا تێیداین. دڵنیام دەشزانن ئەو پرۆژەیەی پێشکەشیان کردووە نەک بە مانگێک و دوو مانگ بەڵکو بە دوو دەیەش جێبەجێ ناکرێت، مەگەر بەوە نەبێت کە بە زەبری راپەڕین و چەک هەردوو حیزبەکە لە دەسەڵات دەربکرێن. ئەمەش، وەک ئەوانیش باش دەزانن، نە بۆ ئێستا گونجاوە و نە بەهاری عەرەبیش هێندە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو تاوەکو ئیلهامی لێوە وەرگرین و دووبارەی بکەینەوە.

هەفتەی رابردووش نووسیبووم کە ئەمینداری یەکگرتوو دانی بەوەدا نا لەدوای 23ی حوزەیرانەوە هەموو حیزبەکان هەڵەیان کردوون و هەموشیان بەخۆیاندا چوونەتەوە، بەڵام بەو پرۆژەیەی گۆڕان بێت، هەست ناکەم ئەو بزووتنەوەیە گۆڕابێ. چونکە ناکرێ گۆڕان رووداوەکانی کەمتر لە حەوت مانگی رابردووی بیربچێتەوە و لەخۆی نەپرسێت: لە وڵاتێکدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسایەک قەیرانی سیاسی دروست بکات، چۆن دەکرێ بە کونفەیەکونێک و لەڕێگەی پرۆژەیەکەوە هەرچی لەماوەی 25 ساڵدا بەهەڵە کراوە و کەڵەکە بووە، راست بکرێتەوە؟



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# داعش وەک فریادڕەسی سوننە!

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، کاتێک بەریتانییەکان عێراق داگیردەکەن، راستەوخۆ کۆی جومگە هەستیارەکانی دەسەڵات بە سوننەکان، کە کەمینە بوون، دەسپێرن و بۆ ماوەی هەشتا ساڵ، ئەم کەمینەیە لە لوتکەی دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە و هەژموونی خۆی بەسەر گرووپەکانی دیکەی وەک شیعە و کورد و تورکماندا دەسەپێنێ (عێراق لە فەیسەڵەوە تا تاڵەبانی) (1). لە 2003 یشەوە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پاش داگیرکردنی عێراق، دەسەڵات لە سوننە وەردەگرنەوە و بە زۆرینەی شیعەی دەسپێرن و بۆ تەواوکردنی شانۆگەریەکەش کورد و بەشێک لە سوننە تێکەڵ بەم دەوڵەتە نوێیە شیعیە دەکەن. بێگومان گەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڕاستی گوێی لە خواستی گەلانی عێراق بگرتایە، بەلای کەمەوە 98%ی کورد لە ریفراندۆمێکدا دەنگی بە جیابوونەوە لە عێراق دا، بەڵام لەژێر کۆمەڵێک جەبری ئابووری و سیاسی و سەربازیدا، دروست وەک بەریتانییەکانی بیستەکان، ئەمەریکییەکانیش هاتن و کورد و بەشێک لە سوننەیان ناچار کرد بە تێکەڵبوون بەم دەوڵەتە نوێیە شیعییەی عێراق.

من پێموایە یەکێک لە رەگەزە باڵا "بیناکارەکانی بونیەی" داعش لەنێو ئەم مێژووە نزیکەدایە. لە 2003 وە، سوپا مەزهەبیە نوێیەکەی عێراقی ئایەتوڵڵاکان، شاری سوننە نەما بۆردومانی نەکات، هەر لە فەللوجەوە تا دەگاتە رومادی، تا دەگاتە تکریت، تا دەگاتە مووسڵ و چەندین شاری دیکەش، بەردەوام لەژێر رێژنەی بۆمبەکانی ئەم سوپایەدا بوون (جۆرج مالبیرنۆ) (2). کاتێکیش وەک تونس و میسر و لیبیا و یەمەن و بەحرەین و سووریا، خۆپیشاندانەکان لە شارە سوننییەکاندا دەستپێدەکەن، دیسانەوە عێراقی شیعەکان، کە بڕیار بوو عێراقی دیمۆکراسی بێت و بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مۆدێلێکی نوێ بێت (بێرنار رۆژیە) (3)، بە زەبروزەنگێکی رادیکاڵەوە، دروست وەک زەبروزەنگی ئەسەد بەرامبەر بە سەرەتای راپەڕینی مەدەنیانەی کۆمەڵگای سووری، رووبەڕووی خۆپیشاندەران بووەوە و لەنێو ئاگر و ئاسن و خوێندا، کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان هێنا.

کاتێک ئەم سوپایە شارێکی سوننیش کۆنترۆڵ دەکات، بۆ نموونە مووسڵ یان تکریت، لەبری پراکتیزەکردنی دروشمی "دەوڵەتی یاسا"، لەبری بەدەزگاییکردنی دامەزراوەکان، لەبری بیناکردنی هەلومەرجی پێکەوەژیان، پەنای بردە بەر زەبروزەنگ لە دەرەوەی یاسا، زیندانیکردن لە دەرەوەی یاسا، هەتککردن و تەنانەت کوشتن و کوشتنی دەستەجەمعیش لە دەرەوەی یاسا (پیەر ژان لیوزار) (4).

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، ئیدی ئەم سوپایە کە بڕیار بوو مۆدێلێکی جیاواز لە سوپاکەی سەدام حوسەین بێت، کە بڕیار بوو گەرەنتی یەکەمی دیمۆکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی بێت، لە تەواوی ناوچە سوننەنشینەکاندا، خۆی وەردەگێڕێتە سەر سوپایەکی بێگانە، سوپایەکی لەدەرەوە هاتوو، سوپایەکی داپڵۆسێنەر، پەراوێزخەر، بکوژ و ئاوێزان بە حیقدێکی هەزار ساڵی، کە هاتووە بۆ ئەوەی لەنێو دڵی شارە سوننییەکاندا، تۆڵەی حوسەین بکاتەوە.

لێرەوە، پەلامارە یەک لەدوای یەکەکانی داعش دژ بەم سوپایە، کەمینەکانیان بۆ سەربازەکانی ئەم سوپایە، تێکشکاندنی هەمەر و زرێپۆشەکانی ئەم سوپایە، لە خەیاڵدانی دەستەجەمعیی سوننییەکاندا، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خۆیان وەک تروسکەکانی "ئومێدێکی رزگاری" لەنێو تونێلە تاریکەکەی عێراقی نوێی شیعەدا، دەردەخەن. بێگومان من باسی ئەوە ناکەم کە لە واقیعدا ئەم ئومێدە سەرابە یان نا. ئەوەی لێرەدا باسی منە، کارکردنە لەسەر وێنە سەرەتاییەکانی داعش لەنێو خەیاڵدانی بریندارى دەستەجەمعیی سوننەکاندا، نەک هەر شتێکی دیکە.

ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان شارە سوننییەکان (مووسڵ، تکریت، فەللوجە، رومادی) و سوپای سەوزی عێراقی شیعی، یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە رێگای دەدا بە سەلەفیستە جیهادیستەکانی داعش، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە، تەنانەت لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکە بپەڕنەوە، بەبێ ئەوەی رووبەڕووی گرفتی گەورە ببنەوە. ئەوان هەستیان بەوە دەکرد کە نەک هەر هێزێکی بێگانە نین، بەڵکو بەگۆشت و ئێسقانەوە لە ماڵی خۆیاندان.

لێرەوە، من بەگومانەوە لەگەڵ ئەو گریمانانەدا مامەڵە دەکەم کە داعش تەنیا وەک گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیایەکی بیناکراو لەسەر ئاستی تیۆری پێناسە دەکەن. بەزمانێکی دیکە، داعش تەنیا وەک بیناکردنێکی فۆندامۆنتالیستانەی سەلەفیستی جیهادیست لەنێو دەقە قورئانییەکاندا دەبینن و پێیانوایە بە دەستکاریکردنی ئەم بیناکردنە تیۆریە ئاراستەی رووداوەکان دەگۆڕدرێن. راستە داعش گرووپێکی سەلەفیستی جیهادیستە، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەوەی داعشی کرد بەو "لێڤیەتان"ەی (5) ئێستا دەیناسین، بەو "حەیوانە وەحشیە ئەفسانەییەی" کە دەمی کردووەتەوە و هەموو شتێک قووت دەدات، ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بابەتیەیە کە ئاماژەمان پێدا، نەک هەر شتێکی دیکە.

**(1) عادل باخەوان، عێراق لە فەیسەڵەوە تا تاڵەبانی، چاپخانەی رەنج، 2006.**

**(2) رۆژنامەی لۆفیگارۆی فەرەنسی، لە 2ی ژەنیوەری 2014 دا، ریپۆرتاژێک بە واژۆی جۆرج مالبیرنۆوە بڵاودەکاتەوە. لەم ریپۆرتاژەدا بە وردی و بەداتاوە باس لەو زەبروزەنگە ناشەرعی و رادیکاڵە کراوە کە سوپای سەوزی عێراقی شیعی بەرامبەر سوننەکان بەکاری دەهێنن. ئەمەی خوارەوە لینکی ئەو ریپۆرتاژەیە.**

**http://www.lefigaro.fr/international/2014-01003/02/01/20140102ARTFIG00424-irak-al-qaida-a-pris-le-controle-de-zones-sunnites.php**

**(3) –Rougier Bernard، « Champ libre Le Grand Moyen-Orient : un moment d'utopie internationale ?. »، Critique internationale 12005/ (no 26) ، p. 7994–URL : www.cairn.info/revue-critique-internationale-20051–page-79.htm. DOI : 10.3917/crii.026.0079.**

**(4) –LUIZAR Jean-Pierre، Le piège Daech، La Découvert، 2015، p.22. (Version électronique : IBooks).**

**(5) بۆ تێگەشتن لە چیرۆکی "لێڤیەتان" بگەڕێوە بۆ: عادل باخەوان، سۆسیۆلۆژیای زەبروزەنگ، غەزەلنوس، 2015.**



سامال ئەحمەدی

# خومەینی لە کەرکووک

دندانەی هرقصری پندی دهدت نونو
پندسر دندانە بشنو زبن دندان
"خاقانی"

ئیدیۆلۆگ و دامەزرێنەری ناسراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خومەینی، هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنییەوە لە سایەی شۆڕشە مەزنەکەی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979دا، نەیشاردەوە کە "ئەو"، یەکێک لە ئیمامانی هەڵبژاردەی ئایینی پیرۆزە و ئەرکی سەرشانیەتی چاکە و خراپە بۆ سەرلەبەری ئەم دنیایە لێک بداتەوە و لێکدانەوەکەیشی بەسەر دنیادا بسەپێنێ (هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی).

خومەینی، هەرکە زانی لە سۆنگەی سۆزی ئایینییەوە دەتوانێ لانیکەم بەشی هەرەزۆری خەڵکی ئێران، کە پێڕەوی ئایینزای شیعەن، بە لای بۆچوونە مەزهەبییەکانی خۆیدا رابکێشێ، راگەیاند، رێبەرایەتی سیاسی و ئەخلاقیی موسڵمانان ئەرکێکە، نەک هەر مێژوو، بگرە خودا لەسەرشانی ئەوی داناوە. هەربۆیە بە ئاسانی لەرێگەی فتوای خوداییەوە هەموو بەربەستێکی سەر رێگای ئایدیالۆژییەکەی خۆی بە لەنێوچوون مەحکووم کرد. یەکێک لە بەربەستەکانیشی، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بوو.

فتوا مێژووییەکەی خومەینی بۆ قەتڵوبڕکردنی نەتەوەی کورد، پتر لە 37 ساڵ لەمەوبەر، پاش ئەوە دەرکرا، کە نەتەوەکەمان پێشتر بە کردەوە هێزەکانی ئەوانی لە مەیدانەکانی جەنگدا بەچۆکدا هێنا (شەڕی سێ مانگە) و ناچاری کردن مل بە وتووێژ بدەن. بەڵام وتووێژیان بۆ پشتیوانیکردن لە گەڵاڵەیەکی ئاشتیانە نەکرد، بگرە بۆ بووژانەوەی هێزی سەربازیی خۆیان کردیان و دیارە داسەپاندنی جەنگێکی نابەرانبەر بووە هۆی دروستبوونی کەشێکی پڕ لە مەترسی و هەژاری و تێیدا خوێنی هەزاران مرۆڤی کورد رژا. بەهەرحاڵ لەم یادداشتەدا نامەوێ بچمە سەر گێڕانەوەی مێژووی خەباتی گەلەکەمان لە کوردستانی رۆژهەڵات و ئەم چەند دێڕەم تەنیا وەک وەبیرهێنانەوە نووسی، بەڵکە دەمەوێ لەم یادداشتەدا باسی ئەو فەلسەفە یان ئایدیایە بکەم کە خومەینی خەونی داگیرکردنی دنیای پێ دەدیت.

هەرچەند خومەینی وای نیشان دا کە رێبەرایەتیی سیاسی و ئەخلاقیی ئیمانداران ئەرکێکە، نەک هەر مێژوو، بگرە خودا لەسەر شانی ئەوی داناوە. بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین سەرکەوتنی رۆڵی مێژووە بەسەر رۆڵی خودادا. چونکە بە خوێندنەوەی مێژووی گەلانی ناوچەکە، دەبینین مێژوو مەبەست و ئامانجەکانی کۆمارە ئیسلامییەکەی خومەینی روونتر و بەرهەستتر کردووە. ئەگەر بەخێرایی سەرنجێک بەسەر ئەو لق و پۆپە سیاسی- سەربازییانەدا بخشێنین کە رژێمی خومەینی لە وڵاتانی وەکو عیراق، سووریا، فەلەستین، لوبنان، بەحرێن و یەمەندا دروستی کردوون، بە ئاسانی لێمان روون دەبێتەوە، کە هەموو پێوەندییەکی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەپێناو جێگیرکردنی نیگایەکی سووکبین و بەدبین لەمەڕ سروشتی مرۆڤدایە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بەتەواوەتی باوەڕ بە شتێک بێنێ کە ئەوان پێی دەڵێن "خیری موتلەق" و بەسەر هەموو کەسێکیدا بسەپێنن. کەچی لەهەمبەر ئەواندا گرووپ و ئیمامی هەڵبژاردەی دیکەش هەیە، کە هەر بۆ هەمان مەبەست، بەڵام بە شێوەی جودا شەڕ دەکەن و خوێن دەرێژن.

محەممەد قاعید، لە کتێبی "قلم، جهل و برزخیان زمین"دا دەگێڕێتەوە کە "مانگی بەفرانباری ساڵی 1367ی هەتاوی، دەستەیەک لە لایەن بناغەدانەری کۆماری ئیسلامییەوە نامەیەکیان بۆ میخاییل گۆرباچۆف، دوایین سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای یەکێتیی سۆڤیەت برد بۆ مۆسکۆ. لە نامەکەدا پێشنیاری پێ کرابوو، ئێستا کە پشتی لە مەرامی مارکسیزم کردووە، نەکەوێتە داوی کاپیتالیزمی خۆرئاواوە و بۆ زیادکردنی زانیارییەکانی خۆی، دەقەکانی ئیبن عەرەبی و ئیبن سینا بخوێنێتەوە. بە گوتەی یەکێک لە حازرانی نێو کۆڕەکە، گۆرباچۆف سێ چارەگە سەعات بە رووی خۆشەوە گوێی بۆ تەرجەمەی نامەکە راگرت. پاشان دەستی بە قسە کرد و گوتی، پێشوازی لە وتووێژی نێوان فەرهەنگەکان دەکات:

"ئەوسا بەپێکەنینەوە قسەیەکی کرد و دیسان گوتی "ئەم قسەیە بە جەفەنگ دەکەم." قسەکەش ئەوە بوو کە "دیارە حەزرەتی ئیمام ئایدیۆلۆژییەکەی ئێمەی بەدڵ نییە. بڵێی بکرێ ئێمەش ئەو بانگهێشت بکەین بۆ قوتابخانەکەی خۆمان؟" هەر خێرا گوتی، ئەمە هەر گاڵتەیەک بوو. بڕوانە جوداوازییەکە لە کوێوەیە تا کوێ، یەکیان بانگهێشتی دەکات بۆ ئیسلام، ئەوی دی دەڵێ، گاڵتەم کرد."

لە پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی نەتەوەکەمانەوە لە ساڵی 1991، کە بوو بەهۆی دروستبوونی هەرێمێکی ئازادی ژێر حوکمی کورد لە کوردستانی باشوور، بەرپرسانی سیاسیی ئەم هەرێمە پێوەندیی دیپلۆماسی و ئابوورییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە. هەر لەبەر ئەم مەبەستەش خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ژێردەستی ئێراندا بەجۆرێک خۆی فیدای ئاسایشی هەرێمەکەی باشوور کردووە و ئەوەش نە تەنیا عەیب نییە، بگرە شانازییەکی مێژووییە. بەڵام ئەوەی جێگای پرس و تێڕامانە، ئەوەیە کە ئەو پێوەندییە دیپلۆماسییەی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی باشوور چۆن بووە؟ ئاخۆ بەرپرسانی هەرێمی (بەداخەوە) دوولەتکراوی کوردستانی باشوور لەو پێوەندییانەدا تاکو چ رادەیەک توانیویانە لە فەلسەفەی پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی تێبگەن؟ ئاخۆ پێگەی کوردستانی رۆژهەڵات لەو پێوەندییانەدا چۆن لەبەرچاو گیراوە؟

وەکو گوتم (بەداخەوە) هەتاکو ئێستاش هەرێمی کوردستانی باشوور دوولەت کراوە. هەر لەنێو ئەدەبیاتی راگەیاندن و سیاسیی خۆیاندا بە دوو زۆنی زەرد و سەوز ناسراوە، کە لەم ساڵانەی دواییدا سیاسەتی زۆنی سەوزیش دوولەت بووە و ئێستا پێی دەڵێن زۆنی سەوز و نیلی.

لە مێژووی هەرێمی کوردستانی باشووردا پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە زۆنی سەوزدا بووە. هەربۆیە رووی دەمی ئەم یادداشتە و زۆربەی گلەیی و رەخنەکانی کوردانی رۆژهەڵات لە قۆناغە جوداکانی ئەو پێوەندییانەدا زیاتر لە دیپلۆماتەکانی زۆنی سەوز بووە. ئاخر چەندین خەباتگێڕ و پێشمەرگە و سیاسەتمەداری رۆژهەڵات لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی زۆنی سەوزدا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کراون. بڵێی ئەوان ئاگایان لێ نەبووبێ؟

بەهەمەحاڵ، دێمەوە سەر مەبەستی یادداشتەکەم، کە جۆریەتی و چۆنیەتی پێوەندییەکانی نێوان زۆنی سەوزی هەرێمی کوردستانی باشوور و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی مەبەستە. پێشتر باسم کرد کە فەلسەفەی پێوەندیی دەرەکی بە لای کۆمارە ئیسلامییەکەی خومەینییەوە بۆ ئەوەیە کە چاکە و خراپە بۆ سەرلەبەری ئەم دنیایە لێکبداتەوە و لێکدانەوەکەیشی بەسەر دنیادا بسەپێنێ. ئەم ئامانجە بە لای خومەینییەوە وەها بووەتە خولیا کە نەک هەر بۆ دنیای ئیسلام، بگرە بانگهێشت بۆ کەسێکی وەکو گۆرباچۆف لە دنیایەکی جوداواز دەنێرێت. بۆیە پرسیار دەکەم کە ئاخۆ کاربەدەستانی زۆنی سەوزی هەرێمی باشووری کوردستان، لەو مەبەستەی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتوون؟ وەڵامی پرسیارەکە، هەتا ئێستا، کە تازە بەتازە دەبینم لە شارێکی گرینگی کوردستان، وەکو شاری کەرکووک، هۆڵی فەرهەنگی و رووناکبیری بە ناوی خومەینییەوە دەکرێتەوە، دڵخۆشکەر نییە. هیچکەس نابێ لاری هەبێت و منیش لاریم لەوە نییە کە لە سیستەمی فیدراڵیی عیراقدا، پارێزگاری کەرکووک پێوەندیی لەگەڵ وڵاتان و بەتایبەتی وڵاتی ئێرانیشدا هەبێ. بەڵام ئاخۆ لەهەمبەر پێشنیاری دانانی ناوی خومەینی لەسەر شوێنێکی فەرهەنگیی شاری کەرکووک، پارێزگاری کەرکووک، هیچ نەبێ بە لای خۆیەوە بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم ناوە فتوادەری قەتڵوبڕی بەشێک لە رۆڵەکانی نەتەوەکەیەتی و وەکو گۆرباچۆف بەپێکەنینەوە دەڵێ، با منیش بە گاڵتەوە بڵێم، دەی باشە ئەمە سەودایەکی فەرهەنگییە، ئێوەش شەقامێکی شاری تاران بە ناوی "شێخ مەحموودی حەفید" یان "مەلا مستەفا بارزانی"ییەوە بکەن. ئەگەر ئەو دیپلۆماتکارەی کورد، ئەو قسەیە نەکات، ئەوە پێوەندیی دیپلۆماسی جێبەجێ نەکردووە، بگرە بەتەواوەتی وڵاتەکەی و سەروەریی وڵاتەکەی تەسلیمی لایەنی بەرانبەر کردووە.

خۆ رەنگە هەر ئێستا کە ئەم چەند دێڕە دەخوێنییەوە، بڵێی جا هێز و دەسەڵاتی گورباچۆف و پارێزگاری کەرکووک کوجا مەرحەبا؟ لە جوابدا دەڵێم، دەسەڵات ئیرادەیە، کە تۆ بوێری ئەو قسەیە بکەی، بێگومان ئەو لەشکرکێشی ناکاتە سەرت و لێشت ناتۆرێ، بگرە واز لەو ناوە دێنێ و هیچ نەبێ ئەمجار ناوێکی وات بۆ پێشنیار دەکات کە ئەو گۆنگەڵە سیاسییەی بەدواوە نەبێ و، حیسابێکی دیکەش بۆ پێوەندییەکانی نێوانتان دەکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



رۆژین شەریفی:
## ئەوەی شووی پێدەکەم دەمەوێ تۆزێک پیاو بێت
» 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی روداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی روداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : ... ارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net





